تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کۆمەڵگای نموونەیی

بەشی یەکەم و دووەم

یەکگرتن و کۆمەڵی دەروون

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

نیازی محمد شاکر

کۆمەڵگای نموونەیی

بەشی یەکەم و دووەم
یەکگرتن و کۆمەکی دەروون

نووسینی نیازی محمد شـــاکر

١٤١٩ هــ - ١٩٩٩ ز

ژمارەی راسپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی هەرێمی
کوردستانی عیراق (٨٩)ی ساڵی ١٩٩٩

لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر چاپکراوە ١٩٩٩

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی

گشت بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکانی جیهان کە پەیوەندیان بەئادەمیزادەوە هەیە سەلماندویانە کە مرۆڤ زیندوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەجۆرێك ناتوانێت بەتەنیاو دوور لەکۆمەڵ بژیت، هەرچەندە هەموو پێداویستەکانی ژیانی بۆ دابین بکرێت و هەرچی دڵ و دەروونی دەیخوازێت بۆی ئامادە بکرێت ناتوانێت بژیت بەبێ پەیوەندی کردنی بەکۆمەڵ و دەووروبەریدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەهەوڵدانێکی بەردەوام و نەوەستاودایە بۆ بەهێز کردن و پتەو کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەووروبەریدا بەشێوەیەك کەلەگەڵیدا بگونجێت واتە مرۆڤ لەگەڵ یاسای ژیان نەگونجێت و پەیوەندی لەگەڵ دا نەکات ناتوانێت بژیت بەڵکو هەر ناژیت، واتە (کردارەکە پێچەوانەیە)بەمانای ئەوەی هەر چەندە پێویستیەکانی دابین و ئامادە بکرێت پێویستی بە کۆمەڵ دەووروبەری دا زیاترو بەهێزتر دەبێت.

ئەمەش لای هەموو کەسێك روون و ئاشکرایە وە لەپەیوەندیەکانی رۆژانە بەرچاو دەکەوێت کە کاتێك مرۆڤێك هەرچەندە دەوڵەمەند ببێت جاچ لەزانست یاخود سامان یان هەر پلەو پایەیێك سەیردەکەی پێویستی بەپەیوەندی کردن و رێکخستنی پەیوەندیەکانی بەکۆمەڵ و دەووروبەر زیاتر دەبێت.

کۆمەلیش بەگشتی لەسەر چەند مەبەست و ئامانجێك کۆدەبێتەوەو کاردەکات لەپێناو گەیشتن بەئامانج و مەبەستەکانی بەڵام هیچ کۆمەڵێك جاهەر جۆرێك و رەگەزێك بێت ناتوانێت بگات بە ئەنجام و کرداری مەبەست بەبێ پەیوەندی کردن و یەك گرتنی گشت چین و توێژە کانی ئەم کۆمەڵەیە بۆ گەیشتنی بەم ئەنجامە.

کۆمەڵگای نموونەیی

بەمانای ئەوەی هەر گەلێك لەڕێگای پەیوەندی کردنی گشت چین و توێژەکانی بەیەکتری دەتوانێ ئامانج و داواکاریەکانی خۆی مسۆگەر بکات وە گەیشتن بەئەنجام و مەبەست پێویستی بەبەخشین و خۆبەخت کردنێکی زۆر هەیە وە ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی تاك وكۆمەڵ کەپێویستە لەسەر گشت لایەك و دوور لە ڕێرەو ڕێبازی تایبەتی خۆیان کاربکەن و ریزەکانی خۆیان ڕێك بخەن بۆ گەیشتن بەئامانج وئاواتی گەلەکەیان بۆهەمان مەبەست خودای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا تیشك دەخاتە سەرگرنگی یەك بوونی کۆمەڵی باوەڕداران وداوایان لێ دەکات لەسەر شێوەی واجب کەیەك بگرن کە دەفەرموێت : ﴿يأيها الذين امنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلكم تفلحون﴾ ال عمران: ٢٠٠

لێرەداو بەپشتیوانی خودای گەورەو میهرەبان بەپێی توانا باسی ئەم کۆمەڵگایەنموونەیی‌یە دەکەین کەخودای گەورە و میهرەبان بنچینەکەی بۆمان دارێژتووە بەهۆی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و لەم پەرتوکەدا باسی دووبنەما دەکەین لەبنەماکانی کۆمەڵ یەکەمیان پەیوەندی بەکۆمەڵەوە هەیە کە یەکگرتنە و دووەمیش پەیوەندی بەدڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە (تاك) بەناوی کۆمەکی دەروون ئەگەر چی باسەکانمان بەشێوەیەکی کورتیش روون کراوەنەتەوە بەڵام هەر بەئومێدین کە خوێنەر لێمان زویر نەبێت ئەگەر هەرکەم و کوریەك و یەك نەگرتنی ماناو مەبەستیشی بەرچاوی بکەوێت و بەهیوای ئەوین کەبەدڵی گەورەی خۆیان لێمان ببورن ئەگەر شتی لەم جۆرەشیان بەرچاو کەوێت وە لەبڵاوکراوەکانی تردا بەپشتیوانی خودای گەورە باسی بنچینکانی‌تر دەکەین کە بریتین لەمافەکانی مرۆڤ، خوێندن و زانست، دەستووری وڵات..هتد.

نیازی محمد شاکر

١٩٩٩/١/١

كۆمەڵگای نموونەیی:

پەرەسەندن و پێش كـەوتن یەكێكـە لەخەونـە پیرۆزوهـەرە بـەرزەكانی گشت كۆمەڵگایەك، گەیشتن بەئەنجام پێویستی بەبوونی یاساو ڕێرەوێك هەیە واتە دانان و داهێنـانی پرۆگرامێـك لـەچوارچێوەی سـتراتیجی ئامانجـەكانی گەلـــەوەو بڵاوكردنەوەی لەناو كۆمەڵ دا بەجۆرێك وا لەباوەر پێكراوانی بكات كەكاری بۆبكەن و بـەگوێرەی ئۆرگانـەكانیان دەست بكـەن بەرێكخســتن و پـەیوەندی كـردن بـۆ كۆكردنـەوەی گشت ئـەو پێداویستیانەی كەپێویسـتن بـۆ بنیـات نـانی كۆمـەڵێكی بەسوود لـە رێگـەی پشـت بەسـتنیان بەوپرۆگرامـە دارێژراوانـەی كەلـە رێگەیـەوە دەتوانرێت سوود بەتاك و كۆمەڵ بگات.

بـەلام پێوستە ئـەم رێبازوپرۆگرامانـە لەگـەڵ كەلـەپوورو خوورەوشتیئەم كۆمەڵـە بگونجێت و دژگەی نەبێت بەمانای ئەوەی پێچەوانەی داب و نەریتی ئەم كۆمەڵگایە نەبێت بەڵكو دەبێت بەشێوەیەك بێت كە زۆر ترین بـەش لـەچین و توێژەكـانی ئـەم كۆمەڵـە بگرێتـە خـۆی و لەسـەری دابـرێن و كـۆك بـن تـاوەكو بتوانـن لـەرێرەوی شارستـانیەت دانـەبرێن و بتوانـن بەشـێكی زینـدوو بـەكردار بگـرن لـەنێوان گـەلانی سەردەم دا.

ئێمـەی موسـڵمانیش خۆمـان بەبەختـەوەر دەزانـین كـەخاوەن پرۆگرام ورێبـازێكی خوداین كە بەشێوەكی راست و رەوان پەیوەندی تاك و تاك، تـاك وخـودای گـەورە دیاری دەكات وە وەلامێكی پروچرە بۆگشـت ئـەو پرسـیارانەی تـاوەكو ئێسـتا بـێ وەلام ماوەنتـەوە لەلایـەن هـەندێك كـەس دا هیـچ گومـانی تیـادا نیـیـە كـەئاینی موسڵمانیەت لـەناخ و دەروونـی ئـادەمیزدا دەسـتی كـرد بـەبنیات نـان و داهێنـانی كۆمەڵگایەكی بەسوود و بەهێز بەجۆرێك تـۆی خۆشەویسـتی مرۆڤایـەتیو بـەزەیی چاند بەكردارێك بیری ئادەمیزادی گەڕاندەوە بۆ سەدەیەكی زوو بۆ كرداری دروست

کردنی ئادەمیزاد کە چۆن یەکەم جار لەیەك تاکەکەس درووست کراون وەبەمەش هەستی برایەتی و خۆشکایەتی لەنێوانیادا رواند.

ئەمەش گشتی بۆ زیاتر لەیەکتر گەیشتن و نزیك کردنەوەی مرۆڤ بوو لەیەکتری دا بەمەبەستی دارشتن و دارژاندی بنچینەی کۆمەڵگایەکی بەهێزو بەسوو بوو کەلەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿یایها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منها رجالا کثیراً ونساء﴾ النساء: ١

مرۆڤ کەلەم ئایەتە قول دەبێتەوە داواکاریو ئەمری خودای گەورەو مهرەبانی بۆ روون دەبێتەوە لەگرنگی دارشتنی کۆمەل لەسەر بنچینەی برایەتی و خۆشکایەتی دوور لەدووبەرەکی رەگەزو رەنگ دا، واتە هەر کۆمەڵێك بەپێی ئەوبنەما داریژراوانە دێتە کایەوەو کە ئەم گەلە یاخوود ئەم کۆمەڵە لەسەری دا کۆبوونەتەوە وەهەر بەشێوەیەك گۆران کاری لەپێك هاتوەکانی ئەم بنەمایانە دەکات کەلەگەڵ باری رامیاری ئابووری ئەم گەلە بگونجێت و لەلایەکی تردا هەندێك گەل و نەتەوە بەپێی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان و پەیوەندیەرامیاریەکانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەورووبەری‌دا رێکی دەخات و گۆران کاری تیادا دەکات رۆژ بەدوای رۆژ بەجۆرێك کەلەگەڵ ئەم گۆان کاریانە بگونجێت بەکردارێك کەکارنەکاتە سەربنەمایە سەرەکی‌یەکان بەتایبەتی بنەمایە ئایینی‌یەکان.

وەلەباسی داهاتوودا بەشێوەیەکی کورت باسی بنەمەکانی کۆمەڵ دەکەین.

بنەماکانی کۆمەڵگا:

بەڵگە نەویستەکە هەر ئامێرێك جابەهەر شێوەێك بێت سەیردەکەی لەداهێنان و پێکهاتنی‌دا پشت بەچەند بنچینەێك و بنەمایك دەبەسترێت وەلە رێگەی ئامادەکردنی ئەم پێداویستیانە ئەم ئامێرە دەکەوێتە کار وبەردەوام دەبێت وەهەر

کاتێك یەکێك یان بەشێك لەم بنچینانە لەکار بەکەوێت کاردەکاتە سەر ئەم ئـامێرەو لەکاری دەخات لەرێگەی کارکردن و کاردانەوەی بەسەر گشـت پێکهاتوەکانی تـری ئەم ئامێرەدا.

بەهەمان شێوەش کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێك دێت و پشت دەبەستێت بەچەند بنچینەو بنەمایـەك کەلەرێگەیـەوە پێکهاتـەی کۆمـەڵ پێـك دێـت و لەسـەریدا دەرووات بەئومێدی پەرەسەندن وبەردەوام بوونی ئەم کۆمەڵگایە لەداهێنان دا.

کەواتە بنەماکانی کۆمەڵ بریتین لەو بنچینانەی کەبـە کۆکردنەوەیان کۆمـەڵ دێتـە خۆگرتـن لـەرێزی کۆمەلایـەنی تـری جیـهان بەشـێوەیەك دەتوانێـت لەرێگەیـەوە بەهەموو کردارێکی کۆمەلایەتی هەڵبستیت، وبناسرێت لەنێوان نەتەوەکانیتردا.

بنـەماکانی کۆمـەڵیش دەکرێتـە سـێ بەشـی سـەرەکی بنـەما (ئایینیـەکان، پێکهێنەکان، کردایەکان) وەهەربنـەماێك لـەم بنەمایانـە پشت بەچـەند بنچینەیـەك دەبەستێت لەرێکخستنی کۆمەڵ و گەل دا:

یەکەم: بنەما ئایینیەکان:

بنەمائایینیـەکان گشـت ئـەو فـەرمان و داواکاریانـە دەگرێتـەوە کەخراوەتـە سـەر ئەستۆی مرۆڤ لەلایەن خودای گەورەو میهرەبان کەپێویستە لەسەر مرۆڤ رێنمایی ئەم داواکاریانە بکات و لەسەر یان بروات بەشێوەێك کـارو کردەوەکـانی بـەگوێرەی ئەم یاسـاو رێـرەوە رێـك بخـات وە لەهـەمان کـاتدا پێویسـتە بنـەما پێکهێنـەکان و کرداریەکان لەگەڵ بنەما ئایینیەکان بگونجێت بەجۆرێك بکرێـت بەسـەر چـاوە بـۆ دارێژتن و داهێنانی بنەماکانی تری کۆمەڵ.

دووەم: بنەما پێکهێنەکان:

بریتین لەکۆمەڵێك کردارو پێداویستی پێویست کە پێویستە بەدی بکرێت لەگشت کۆمەڵێك و نەتەوەیەك دا بۆ ئەوەی بتوانێت لەرێگەیەوە بگۆرێت لەشێوەیەکی نارێك و پەرت وبڵاو بۆ شێوەیەکی رێك و دیاری کراو.

وەئەم کردارو پێداویستیانە بریتین لە (خاك، گەل، زمان، مێژوو، ئاوات وئامانجی هاوبەش) کەلەرێگەی بوون وداهێنانی ئەم پێداویستیانە دەتوانرێت گەلێك و وڵاتێکی بەهێز بێتە کایەوە لەرێزی گەلانی تردا.

سێیەم: بنەما کرداریەکان:

ئەم بنەمایە پێك دێت لەکۆمەڵێك بنەمای دروست کراو بۆ چەند مەبەستێکی دیاری کراو و سنووردار کەلەرێگەی کارکردن و کاردانەوەی سیستەمە درێژراوەکانیان پێکهاتەی کۆمەڵ پێك دێت بەجۆرێك توانای بەردەوام بوونی دەبێت کەلەرێگەیەوە ئەم کۆمەڵەیە لەکۆمەلانیتری جیهان جیادەبێتەوەو دەناسرێتەوە لەرابردوو و داهاتوودا وەئەم بنەمایانەش بریتین لە بنەمای (خێزانی، رامیاری، رۆشنبیری، ئابووری) هەروەها بنەما سووپاییەکان لەخۆوە دەگرێت لەهەندێك کۆمەڵگادا بەهۆی ئەوتایبەتمەندیەی کەسوپا بەخۆیەوە دەگرێت لە گۆران کاری کۆمەڵ و گەل دا وەبنەمای ئابووری و رامیاری بەگرنگترین بنەماکانی کۆمەڵی بەهێز دادەنرێت کەبە تەواو کردن و پێك هاتنی ئەم دووبنەمایە دەتوانرێت گەل بەرەو بنچینەیەکی گرنگ ئاراستە بکرێت کە بەکگرتن و یەك بوونی گەلە کەبە گرنگترین بنچینەکانی کۆمەڵی نموونەییو گەلی بەهێز و بەتوانا دەژمێردرێت.

وەکو باسمان کرد بنەما ئایینیەکان بەگرنگترین بنەماکانی کۆمەڵ دادەنرێت بەجۆرێك دەبێت بنەماکانی تر لەگەڵیدا بگونجێت و تەباییەك هەبێت لەداڕێژتن و داهێنانی بنچینەکانیان بۆیە لێرەدا بەگرنگی دەزانم باسی ئەم بنچینە سەرەکیانە بکەین.

بنچینەکانی کۆمەڵگای نموونەیی:

لەباسەکانی پێشوودا پێناسەی بنەماکانی کۆمەڵمان کردو بنەما ئاینیەکانمان بەگرنگترین سەرچاوەی بنەماکانی تری کۆمەڵ دانا کەبریتی بوو لەگشت ئەو فەرمان و داواکاریانەی کە خراوەتە سەر مرۆڤ لەلایەن خودای گەورەو میهرەبان کەپێویستە مرۆڤ پەیرەوی بکات و رێنمایی داواکاریەکانی بکات لەکاتی ئەنجام دانی خوا پەرستی و لەکاتی کار کردنیدا.

ئێمەی موسڵمانیش کەخاوەن رێبازو رێرەوێکی پیرۆزین پێویستە لەسەرمان کە رێنمایی فەرمان وداواکاریەکانی خودای گەورەمان بکەین بەپێی ئەو داواکاریو فەمانانەی کەلە قورئانی پیرۆزوو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) رۆن کراوەتەوەو داهێنراوە بەبێ کەم و کوری ئەویش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە پەیامی موسڵمانان زەمینەیەکی لەبارویەرێگا خۆشکەر دادەنرێت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کەکۆمەڵگای نموونەی بەخۆیەوە دەگرێت شایەنی باسیشە قورئانی پیرۆز هەڵدەستێت بەکرداری رێکخستنی ژیانی ئادەمیزاد لەرێگەی دارشتنی ئەو بنچینەو بنەمایانەی کە پێویستن بۆ بینات نانی مرۆڤێکی کراوە ئەویش بەدارشتنی یاسایەك کە هەڵدەستێت بەکرداری رێکخستنی پەیوەندی لەنێوان تاك وتاك، تاك و خوای گەورەو میهرەبان کەتیایدا مافەکانی مرۆڤ دیاری دەکات و هەروەها کارە خراپەکانیش وەکو سیستەمێك سزای تایبەتی بۆ داناوە.

بۆیە پێویستە لەسەر هەر ئادەمیزادێك کەباوەری بەپەیامی خودای گەورەو میهرەبان هەیە کەرێنمایی گشت ئەو فەرمان و داواکاریانە بکات کەلەم پەیامە پیرۆزەدا هاتووە بۆیە بەپێویستی دەزانم کەتیشکێك بخەمەسەر بنچینە سەرکیەکانی کەلە پەیامی خوادی گەورە ومیهرەبان نەخشەی بۆ کێشراوە وەیەکەم هەنگاو کەدەستی پی بکەین یەکگرتنە لەبەر ئەوەی یەکگرتن بەهەنگاوێکی پراکتیکی گرنگ دادەنرێت لەهەر کۆمەڵگایێك دا.

بەشی یەکەم

یــەکگــرتــن

یەکگرتنی گەل بەیەکەم هەنگاوی پراکتیکی خولقێنەر دادەنرێت کەتیایدا نەتەوە وەکو هێزێکی چالاکی پڕ گوڕ بەیەك هەست ویەك گیان دێتە نێوان ململانێکانی ژیانی گەلان، ئەویش بەهۆی پەیوەندی کردنی بەگشت لایەنەکانی ژیان لەکردارە تەکنیکیەکان وپیشەسازیەکان ...هتد،

ئەم کردارانەش لەلایەن خۆیانەوە پێویستیان بە پیشتیوانی ئابووری ودارایی‌یەکی زۆر هەیە تابتوانرێت لەرێگەیەوە گشت پێداویستیەکانی ئەم گەلە ئامادەبکرێت بەکردارێك کەشێکی لەبارو درووست دابهێندرێت بۆ گشت کردارەکان وەئەم کردارەش تەنها بەهۆی یەکبوون ویەك گرتنی گشت چین و توێژەکانی ئەم نەتەوانە بەدەست دەگات..

نموونەشمان بۆ ئەم جۆرە چالاکی‌یانە.زۆرە لەهەموویان گرنگتر سیستەمی کۆمپانیاکانە کەلەرێگەی کۆکردنەوەی هێزە بەچووك و هێزی وجەسەریەکانەو دەست دەکات بەکار کردن وبنیات نان لەرێگەی خستنەکاری ئەم پاشەکەوت و ئابوونانەی کە داهاتی سەرەکی لێ پێك دێت وەبەرێکخستنێکی تایبەت بەهۆی سیستەمێکی دارژراو لە نێوان گشت شەریکەکان (بەشەکان)دا دەتوانێت ئەم کۆمپاینانەبگەن بەئەنجامی باش و بریاری سەرکەوتوانەش دەربەکەن لەکاتی پێویست و تایبەت دا.

بەهەمان شێوە نەتەوەش پێویستی بەهەمان رێکخستن و یەك بوون هەیە لەنێوان پارت و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی دا بەشێوەیەك کەبتوانرێت کۆبکرێتەوە لەسەریەك بریار بەمەبەستی گەیشتن بەستراتیجی دوور لەبەر ئەوەی گشتیان بۆ یەك ئاوات و ئامانج کاردەکەن بەلام هەرلایەنێك رێگاو چارەیەکی تایبەتی هەلبژاردووە بۆگەیشتن بەئامانجە دارێژراوەکان.

کۆمەڵگای نموونەیی

کەچی مێژووی جیهان وگشت بیرۆکە کۆمەلایەتی‌یەکان سەلماندوویانە کەتەنها لەرێگەی یەك بوون و یەکگرتن گەلان دەتوانن بگەن بەئامانج بەشێوەیەك ئەنجامی چاك بەدەست بەهێنن و لەریزی نەتەوەکانی تریش دا جێگەی خۆیان بگرن.

یاسای ژیانیش (پەیامی خودای گەورەو میهرەبان)ئەم لایەنەی لەیاد نەکردووە بەڵکوو هەنگاوێك بووە بۆ بەمرۆڤایەتی بوونی چالاکیەکان و بەردەوام بوونی ژیانی گەلان.

کەتیابدا یەکگرتنی بەبنچینەیەك دارشتووە کەلەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿یاایها الذین امنوا اتقوا الله حق تقاته ولاتموتن الا وانتم مسلمون، واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولاتفرقوا واذکروا نعمة الله علیکم اذ کنتم اعداءً فألف بین قلوبکم فأصبحتم بنعمته اخوانا﴾ آل عمران: ١٠٣

شایەنی باسیشە ئەگەر بێت و قۆناغەکانی چۆنی‌یەتی پیلانی داگیر کەران بخوێنیتەوە بە تایبەتی ئیمریالیزم هۆی تەئکید کردن و بەگرنگ زانینی یەکگرتنی کۆمەڵمان بۆ روون دەبێتەوە بەشێوەیەك زیاتر لەپیلانە گلاوەکانی ئەوان شارەزا دەبین و دەزانین ئەم قورئانە تەنها رێگەی باشمان پیشان دەدات و سەرچاوەی ژیانمانە کە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ان هذا القران یهدی للتی هی اقوم﴾، بەجۆرێك کە وەلامی گشت پرسیارەکانت دەداتەوە وەبۆت روون دەبێتەوە ئەگەر بێت و بەباشی بیر لەقۆناغەکانی چۆنی‌یەتی داگیرکردنی گەلان بکەیتەوە سەیر دەکەی یەکەم خاڵ کەدەستی پێ بکەن بەجۆرێك کەدەست دەخەنە ناو کاروو باری کۆمەڵ بۆ ئەوەی لەکۆتایی‌دا دەست بگرن بەسەر شوێنە بزوێنەکانی گەل و نەتەوە هەوڵ دانیانەبۆ لێك ترازان ولێك کردنی کۆمەڵ و بەش بەش

کردنیەتی بەمانای بەکگرتن یەکەم کردارەکە بەرەنگاری دەبنەوە لە رێگەی دروست کردنی بیرو رێرەوی جیاواز لەنێوان چینەکانی کۆمەڵ بەمەبەستی بەش بەش کردنی کۆمەڵ و بێ هێز کردنی ئەمەش بەلێك ترازانی گەل وەئەم کردارەش بەگوێرەی سوود وەرگرتن لە داب و نەریتی کۆمەڵ لەلایەك و لەلایەکی تر باری کۆمەڵ و گەل دەورێکی گرنگ دەبینێ لەکرداری مێژوو تائێستا بەچەند قۆناغێك دا رۆیشتووە بەجۆرێك لەهەر قۆناغێك دا جۆرە سیستەمێك و پیلانێکیان بەکار هێناوە، ئەمەش وەکو باسمان کرد باری گەل وداب و نەریتی کۆمەڵ دەوری خۆی دەبینێت لەوکەرتەدا.

قۆناغەکانی پیلان گێران:

لێرەدا بەشێوەیەکی کورت باسی چۆنیەتی داگیر کردنی گەلان دەکەین لەرێگەی باس کردنی جۆری پیلان و چۆنیەتی جێبەجێ کردنیان لەلایەن وڵاتە داگیر کەرەکان بۆ سەر ئەوگەلانەی کە داگیریان کردووە بەتایبەتی ئیمرالیزم کە هەردەم لەهەوڵ دان دایە بۆ دەست بەسەر داگرتنی گەلانیتر.

قۆناغی یەکەم:

بەکۆتایی هاتنی دەست هەڵاتی ئایینی جۆرێك بە دەست بەسەر داگرتنی بازرگانی دەستی پێ کرد لەجیهاندا بەتایبەتی لەئەوروپادا ئەمەش بووەهۆی بەش کردنی خەڵك بۆسەر دوو چین، چینی هەژار کە پێك دەهات لەجوتیارو کرێکار لەگەڵ چینی دەوڵەمەند کەپێك دەهات لەخاوەن زەوی و کەڵ وپەلی نرخدار ئەم کردارەش بووە هۆی پێش برکێ کردنی خەڵك بۆ کۆکردنەوەو پیلان کێشان بۆ داگیرکردن و دەست بەسەر داگرتنی زەویو زاری خەڵکی تر بەتایبەتی دەست بەسەر داگرتنی زەوی ئەو جۆرەکەسانەی کەبێ دەسەتەڵات و بێ توانابوون بەمەبەستی

بەرزبوونەوەیان لەچینی هەژار بۆدەوڵەمەند کەلەئەنجام دا بووە هۆی دروست بوونی دووبەرەکی چینایەتی لەنێوان کۆمەڵی هەژارو و چینی خاوەندار، بەمەش کرداری چەوساندنەوەو لەناوبردنی گەلان دەستی پێ کرد بەهۆی پێش برکی کردنی چینی سەرمایەدار بۆ کۆکرنەوەی زۆر ترین وچاکترین بەش لەسەرمایە بەبەکارهێنانی خراپترین پیلانی داگیرکەرانە بۆ چەوساندنەوەی ئەم گەلانە و دەست بەسەرداگرتنیان.

وەبەگوێرەی ئەم پیلانە داگیرکەرانە هەڵس و کەوتی خۆیان رێك دەخستو پیلانیان دەکێشا لەگەڵ ئەم گەلە ستەمدیدانەدا کەئەنجامەکەی بووە هۆی جولانەوەو تەقینەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو چەند گەلانێك دا.

قۆناغی دووەم:

لەم قۆناغەدا وەبەهۆی دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی لەناوگەلانداوە بەهۆی داگیر کردنی داگیر کەران و بەتایبەتی ئیمپریالیزم بۆ خاك و شاروشارۆچەکەکانی جیهان لەپێناو بەدەست کەوتنی زۆرترین بەش لەکەل وپەل بەتایبەتی لەو شوێنانەی کەدەولەمەند بوون بەکەل وپەلی کانزایی و ژێرزەوی بەمەش سەرمایەو کەل و پەلی جیهان کەوتە ژێر دەستی چەند چینێکی کەم لەجیهاندا لەسەر حسابی پاش کەوتن و کەم بوونی داهاتی گەلانی تردا کەئەنجامەکەی بووە هۆی دروست بوونی گۆڕان کاریەکی گەورە لەجیهانی سەرمایەداریدا ئەویش بەدروست بوونی سیستەمی (ئیشتراکی) لەروسیادا و بلاوبوونەوەی بەجیهان دا و کار کردنی ئەم سیستەمە دژ بەسیستەمی سەرمایەداری و رەت دانەوەی سیستەمی سەرمایەداری کەدژبە یەکتر هەموو جۆرە پیلانێکیان دەکێشا بۆ بەسەر خستنی بیروڕای خۆیان ئیجا بەهەر شێوەیەك بیوایە.

لەم بەشەدا ئیمپریالزم هەوڵیدا بەشێوەیەکی تر دەست بەسەر جیهان دا بگرێت لەرێگای پشت بەستن بە کرداری دووبەرەکی و هەوڵ دان بۆ دروست کردنی زیاتر لەیەك لایەن بۆ لەیەك کردن ولێك دوور کەوتنەوەی کومەڵ لەیەکتری دەستی کرد بەهاندانی خەڵك بۆ دووبەرەکی چینایەتی و ئایینی لەناو یەك کۆمەڵ و گەلانی یەکگرتوودا.

لەهەمان کات دا ئیمپریالزم دەستی کرد بەدروست کردن و هەڵ قولاندنی جۆرێك تەنگێشەی هەرێمایەتی لەنێوان چەند هەرێمێك دا بەکردارێك کەبتوانێ وا لەم هەرێمانە بکات کەلەگەل یەکتری شەڕو ئاژاوە بهێننەوە بەجۆرێك وەکو نوێنەرێك بۆ داگیر کەران شەڕ بکەن بەمەبەستی سەرخستنی بیروڕای سیستەمە داگیر کەرانەکانیان وەلەهەمان کات دا ئیمپریالزم دەستی کرد بەدرووست کردنی چەندین هەرێمی جیاجیا لە جیهان دا وەلەسەر بنچینەی بیرو رێبازی جیاجیا بەجۆرێك لەکاتی پێویست و لەهەر کاتێك کە مەبەستی بێت و پێویستی بێت بتەقێتەوە دژ بەهەرێمەکانی تردا بەمەش نەوەستا بەڵکو دەستی کرد بەدابەش کردنی چەند گەلانێکی یەکگرتوو بەهێز لەو نەتەوەو گەلانەی کەبەهیچ جۆرێك سەریان نەنواند بۆ سیستەم وبیرو ڕای داگیر کەرانەیان بەسەر چەند هەرێمێکدا لەو هەرێمانەی کە بەدوای بیرو رێبازی ئەوان کەوتن و نۆکەرایەتی بیرو رێبازی ئەوانیان دەکرد بەهیوای زیاتر دەست بەسەردا گرتن وچەوساندنەوەی ئەو گەلە بەهێزو یەکگرتوانەدا.

داگیر کەران بەکرداری داهێنانی دووبەرەکی ولێك کردن ودرووست کردنی هەرێم لەسەر بنچینەی چینایەتی لەهەموو جیهاندا نەوستاو بەڵکو لەهەمان کات دەستی کرد بەداگیر کردنی زانستی و رۆشنبیری گەلانیتر لەرێگەی دامەزراندنی چەند

بنکەیێك لەوینکە رۆشنبیریانەی کەبەکرداری بڵاو کردنەوەو هاندان هەڵدەستن بۆ سەر خستنی بیرو ریبازی داگیر کەرانەی ئەوان لەهەموو جیهاندا.

هەروەها دەستی کردبە دامەزراندن و داهێنانی یەکگرتنی ئابووری وسوپایی (عسكری) لەجیهان دا بۆ تەقینەوەو دروست کردنی تەنگێشەی جیاواز لەجیهاندا بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بتوانێ بەشێوەیەکی زۆر ئاسان دەستی بخاتە بروپیت وداهاتی جیهان هەر چەندە هەندێك جار بەرامبەر و لەسەر حیسابی لەناو بردن ولەناوچوونی گەلانی تریش بێت.

قۆناغی سێیەم:

لەم قۆناغەدا داگیرکەران لەئەنجامی بڵاو بوونەوەی بیری زانستی و رۆشەنبیری لەناو گەلان دا و بەهۆی روون بوونەوەو زانینی خەڵك بۆ پیلان و مەبەستەکانیان هەستیان کرد بەکێشانی پیلانێکی تر ئەویش بە پشت بەستنیان بەئیتفاقیات و بڵاوبوونەوەی خێرا لەناو گەلانی جیهاندا بەدروست کردنی بنچینەی سوپایی ودۆزینەوەی بەندەری ئاوی لەسەر کەناری دەریاو زەریاکان و کار کردنیان بۆ داهێنان و دروست کردنی جۆرێك لەنائارامی لەژیانی ولاتان دا جاچ بەشەریئابووری بێت یاخود بەتووش کردنیان بەشەری جیاجیا لەپێناو مەبەستی جیا لەگەڵ گەلانی تردا بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی خۆیان لەو ناوچانەدا لەهەمان کاتدا بۆ فرۆشتنی زیاتر چەکەی کەون و پەك کەوتوویان وەبەپشت بەستنیان بەداهێنانی جۆرێکی تر لە ناوجەرگەی و خۆیستی لەناگەلان دابەمەستی زیاتر دەست بەسەر داگرتنو ژیر دەست کەوتنیان.

وەبەهیوای لەیەك کردن و دوور کەوەتنەوەی زیاتری کۆمەڵ لەیەکتریدا بێگانە پشتی بەست بەداهێنان و درووست کردنی چەند پارت و بزووتنەوەو رێکخراوێك لەنێوان ئەم گەلانەدا وەبەشێوەیەکی جیاواز لەبیرو مەبەستدا بۆ داهێنان و دورست

کردنی جۆرێك لەبەیەك داچوونی ناو خۆیی لەنێوان ئەم گەلانەدا بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کردبە پشتیوانی کردنی هەندێکیان دژ بەهەندێکی‌تردا وە هانی ئەوانی تری دەدات بۆ هەڵسان دژ بەئەوان وە بەکردارێکی بەردەوام کەبەهیچ جۆرێك رێگە نادرێت بەرێرەوێکی نیشتمانی پەرەبسەنێ‌و هەڵکەوێت لەناو ناخی ئەم گەلانەدا ئەویس لەرێگەی هەوڵ دانیان بۆ دەست بەسەر داگرتن‌و ژێر دەست کەوتنی راگەیاندن و بڵاوکراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕیبازی خۆیان بەشێوەیەکی بڵاو کەبەجۆرێك کەبگات بەهەموو خێزانێك و ماڵێك لەجیهان دا.

هەروەها داگیرکەران ئابووریان وە کوچەکێك بەکارهێنا دژ بە گەلانی تر بەمەبەستی زیاتر تێك دانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە رێگەی کارکردنیان بۆ لەناوبردن و کارتێکردنی داهات و ئابووری گەلانی تردا بەهیوای ئەوەی مرۆڤ لەم وولاتانەدا تەنها بەدوای نانی ژیانیدا بگەرێت و بیر لەهیچی تر نەکاتەوە تەنانەت بیر لە سەرچاوەی دەست کەوتنی ئەم نان و داهاتەشی نەکاتەوە ئایا باشە یان خراپە کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی زیاتر دوور کەوتنەوەی ئەم مرۆڤە لەداب و نەریت و سنورە ئاینییەکان و تووش بوونی بە جۆرێك لە نەزانی‌و نەفامی دواکەوتنی زانستی لەبەر ئەوەی تەنها بیر لەپارووی ژیانی دەکاتەوە و بیر لەهیچی تر ناکاتەوە گشت ئەم پیلانانەش بەمەبەستی رێگە گرتن بوو لەچینەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی نەتوانن یەك بگرن لەبەر ئەوەی لەرێگەیەوە دەتوانن بەرەو ئازادی و پێش کەوتن رێگە بگرن و سەربکەون بەسەر داگیرکەران.

کەواتە داگیر کەران کشتیان لەسەر پیلانێك کۆبوونەتەوە کە لە رێگەیەوە کاردەکەن بۆ لێك دوور کەوتن و لێك ترازانی گەلەکەمان بەمەبەستی ئاسان کردنی کرداری داگیر کردن و بێ‌هێز کردنمان لەلایەك و لەلایەکی تر لەرێگەی رێگەگرتن و رێنەدان بۆ کۆبوونەوەمان لەسەر ئاوات و ئامانجێکی هاوبەش بەڵکو جگەلەمە

هەردەم کاردەکەن بۆ هێشتنەوەمان لەشێوەی کۆمەڵ و پارتی جیا جیا و بچوك لەسەر رێبازوو رێرەوی جیاواز بەمەبەستی مسۆگەرکردنی یەك نەگرتنمان وەك نەتەوەیەك ئێستاو لە داهاتوودا وەبەهۆی ئەم رێبازوو رێرەوە جیاوازانە ئەم پارت و رێکخراوانە کارناکەن بۆ ئەو مەبەست و ئامانجانەی کەلەسەری‌دا دامەزراون کە لە سەرووی هەموویان سەربەخۆیی و ئازادیە بەڵکو کار دەکەن بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانەو وە بە بەکارهێنانی هەموو رێگەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی سەرخستنی ئەو بیرو رێبازەی کە لە سەری‌دا دامەزراوون بەرامبەر بەپارت و رێکخراوەکانی تردا وەجێ بەجێ کردنی لەسەر چینەکانی کۆمەڵ دا.

بۆیە پێویستە لەسەر گەلان کەدووربەبکەونەوە لەناوچەگەری و خۆیستی ئینجا چ بەهۆی رەنگ بێت یاخود رەگەز لەبەر ئەوەی بەپێی پەیامی خودای گەورە و میهرەبان بەرزی تەنها بەگوێرەی ترسان لە خودای گەورەو پلەی رێنمایی کردنی پەیامی خوای گەورە دەپێورێت بە ئەنجام دانی کاری چاك لە بەندایەتی کردنی خوای گەورە دا ئەمەش گشتی کردەوەی خۆیەتی‌یە وە هیچ پەیوەندیەکی بەرەگزو رەنگەوە نی‌یە کە دەفەرموێت لە قورئانی پیرۆزدا

﴿یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکرٍ وأنثی ...﴾ الحجرات: ١٣

و ﴿یا أیها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفسٍ واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالاً کثیراً ونساء ...﴾ النساء:

لەلای کەس شاراوە نی‌یە کە هەموو ئەو کردارە ناوچەگەری‌و خۆویستی‌یانە سەلماندویانە کە ناوچەگەری و خۆیستی بەهۆی رەگەزو رەنگ .. تەنها رێگە خۆش دەکات بۆ نا ئارامی و لێك ترازانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ وە بەهیچ جۆرێك ئەم بیردۆزانە نەگەی‌ تونەتە ئەنجام و مەبەست لەبەر ئەوەی تەن‌ لە رێگەی

كۆمەڵگای نموونەیی

یەکترگرتن دەتوانرێت ئەنجامی چاك و بەکردار و دەست بکەوێت و گەلیش بە ئازادی بگات .

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك راست گۆ بێت لە بە جێهێنانی یەکسانی و داد پەروەری لەسەر رووی زەمین دا ئەویش بەکار کردن و رێگەگرتنیانە لە هەموو جۆرە تاوانێك و تەعەدایەك کە روودەدات وە لە هەر شوێنێك رووبدات پێویستە لەسەر گشتیان یەکتر بگرن بۆ لابردنی بەبێ ئەوەی پرسیار بکەن ئایا ئەوە چ لایەنەکە وکێیە ئەم تاوانەی لە بەرامبەردا کردووە.

بە هەمان شێوە پێویستە لەسەر کۆمەڵی موسڵمان و گەلا نیش بەپێی توانا کاربکەن بۆ کۆکردنەوەی گشت هێزو تواناێك بۆ لابردنی ئەو تەعەدایەو تاوانانەی کە بەسەریاندادێت لەبەر ئەوەی لە کاتی دووبەرەکی و ناخۆشیدا خەڵك لایەنگری لای بەهێز دەکەن لەشەردا.

بەبێ ئەوەی سەیری ستەم کارو بێ تاوان بکەن واتە سەیر کردن و لابەنگرتنیان بۆ لایەنێك بە گوێرەی هێزو توانای لایەنەکەی ترە بۆیە خودای گەورە داوا لەباوەرداران دەکات کەلەکاتی شەرو ئاشتیدا هەردەم لەجێگا بەهێزو بەتوانا بن و سەر دانەنوێن بۆ دوژمن وداگیرکەران و بەهەموو هێزو تواناێك بەرنگاری ببنەوە کە دەفەرموێت: ﴿واعدوا لهم مااستطعتم من قوة، ومن رباط الخيل ترهبون به عدوا الله وعدوكم وآخرين من دونهم لاتعلمونهم الله يعلمهم﴾ انفال: ٦٠

وەبەپێی ئەم ئایەتە پێویستە لەسەر کۆمەڵی موسڵمان کە هەموو توانای خۆیان بخەنە کار بۆ بەرەنگاری بوونەوەی دووژمنان لە هەموو لایەنێك دا و زانست بەرەوە پێش بخەن و خوێندن بەرز بکەنەوە بەجۆرێك پلەی رۆشنبیری نێرو مێی گەل بەرەوە پێشەوە ببەن وە بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەشەکانی تری کۆمەڵی

نموونەی باسی خوێندن و زانست دەکەین کە لە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی کۆمـەڵ دادەنرێت.

((بەرەو نەتەوەیەکی یەکگرتوو))

مێژوو و جوگرافیای شارستانیەتی هەر کۆمەڵگایك دەپێورێت و بە دیار دەکەوێت بە گوێرەی پلە و چۆنیەتی بیر کردنەوەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە.

ئـەوەی مـن بـزانم دیـاری کردنـی کۆمـەڵگا لـە چوارچێوەیخـێزان دا بەڵگەیـە بـۆ شیکردنەوەیێکی زانستی کە بیری هۆشمەند ئاوێتەیەتی ئەویش لە رێگەی گەرانەوە بۆ خێزان و بە تایبەتی بۆ ئەو تاکانـەی کـە ئـەم خێزانـە پێـك دەهێنـن لـە رێگـەی دیاری کردنیان بۆ (بیرە کراوو داخراوەکاندا) کە بە هۆیەوە خێزان دیـاری دەکرێـت وەپێ لە دوای پیّدا تا دەگاتە بە کۆمەڵگا کە بە مانای سیاسی گەل دێت.

بە مانای ئەوەی پلەی بیر کردنەوەی هەر مرۆڤێك یەکسانە بە پلەی هەڵس و کەوت کردنی لەگەڵ دەورو بەریدا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بڵێم کە ئەنجامی پێش کەوتن و رزگار بوونی گەلان بەستراوە بە پلەی بیرکردنەوەیان کە گەلێك جار بەهۆی بـیری خراپەوە گەل و نەتەوە بەرەو هەڵدێری لە ناوچوون و پەرەکانی مێژوو دەبات.

وە ئەم کردارەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نێوان نەتەوە پـاش کـەوتووەکان بـەدی دەکرێت وەبەشێوەیەکی بلاویش لـەنێوان تاکـەکانی نەتـەوە چەوسـاوەکان دا بـڵاو کراوەتـەوە دیـارە ئەمـەش گشـتی دەگەرێتـەوە بـۆ جـۆرو پلـەی بیرکردنـەوەیان دەربارەی ئەو تیۆرو پرانسـیپانەی کـە پێکهاتـەی نەتـەوەی لیّ پێـك دێـت، ئـەویش لەرێگەی تێکەڵ کردن و جیاوازی نەکردنیان بۆ ئەو ماناو مەبەستانەی کەئەم تیۆرو پرانسیپانە بۆی دامەزراوون.

بۆ نموونە جیاوازی ناکەن لەنێوان (سەربەخۆیی، ئازادی) (وولات و سەرۆك وولات) (دادگاو دادوەر)....هتد.

کەپێویستە تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن لەبەرئەوەی هەر مەفهومێکیان مانایەکی تایبەتی و کارێکی جیاوازی هەیە لەوانە تێکەڵ کردن و جیاوازی نەکردن لەنێوان مانای سەربەخۆییو ئازادی کار دەکاتە سەر پێکهاتەی گەڵ لەرێگەی سەر لێشوانی نەتەوە بۆ ئەم دوو زاراوە لەبەرئەوەی سەربەخۆییو ئازادی دوومانای جیاوازیان هەیە وەلە هەموو کاتێك دا پەیوەست نین بەیەکەوە وەنموونەش بۆ ئەم کردارەو بۆچوونەمان دا گەلێك زۆرەو لەژمار نایێت بەتایبەتی لەوولاتە دراو سێیەکانماندا کە بەشێوەیەکی روون و دیار دەبینێت کەدانیشتوان و پێکهاتەی ئەم گەلانە هەست بەهیچ جۆرێك لە ئازادی ناکەن بەتایبەتی لەرووی ئازادی بیرورراو ئازادی وولاتەکەیان لەدەرکردنی یاساو بریارەکانیدا ئەگەر چی سەر بەخۆیشیان بەدەست هێناوە بەمانای ئەوەی مەرج نیە سەربەخۆیی ئازادی لەگەڵ دابێت بەهەمان شێوە لە مەفهومی دادگاو دادوەر نەگەیشتوون وتێکەڵ بەیەکتری دەکەن بەڵکو لەلای ئەوان دادوەر بەمانای دادگا دێت بەجۆرێك هەر کاتێك زۆردایو ستەمێك رووبدات لەلایەن دادەوردا دەیلکێنن بەپلەی یەکسانی و دادپەروەری یاساو بریارەکانی دادگاوە، ئەمەش بەخراپترین کردار دەژمێردرێت لەرووی بیرواو متمانە کردن بە بریارەکانی دادگاوە لەبەر ئەوەی بۆی هەیە دادوەرێك زۆردار بێ و نایەکسانییەك بکات لە کاتی دەرکردنی بریارەکانیدا بەلام ئەم کردارە واناگەینێت وە بە هیچ شێوەیەك کە دادگا زۆردارە وستەم دەکات بە مانای ئەوەی نابێت بە پەلەو یەکسەر بریار لەسەر نەبوونی دادپەروەری بریارەکانی دادگا بدەین لەبەر ئەوەی لە هەموو وولاتێك دا دادگا نیشانەی یەکسانی و دادپەروەرییە وە بەستراوە بە پلەی پێشکەوتنی رۆشنبیری ئەم وولاتە.

كۆمەڵگای نموونەیی

نمونەی سێیەم سەبارەت بە جیاوازی نەکردنیانە بۆ سیستەمی وولات وە بەستنەوەو جیاوازی نەکردنی لەگەڵ تیۆری سەرۆك وولات کە سەیر دەکەیت لەلای گەلێك نەتەوەدا کە ناوی سەرۆك وولات دێت یەکسەر دەیلکێنن بە وولاتەکەیەوەو لە هەموو روانگەیەکەوە سەیری ئەم وولاتانە دەکەن و دەیێون لە رێگەی سەیرکردنیان بۆ سەرۆك وولاتەکەیان (هەرچەندە ناهەقیان ناگرم لەبەر ئەوەی دەبێت سەرۆك وولات نوێنەری گەل بێت بە هەموو مانایێکەوە جگە لە مانا یاسایی‌یەکەی) بەلام ئەم کردارەش پێچەوانەی گشت یاساو تیۆرە کۆمەلایەتیەکانە لەبەر ئەوەی بۆی هەیە نەتەوە پێش کەوتوو خواز بێت وەمامەڵە کردنی لەگەڵ دەوروبەریدا چاك و بەسوود بێت بەلام سەرۆکی وولات بەپێی داواو بۆچونەکانی داگیرکەران هەڵس و کەوت بکات بە مانای ئەوەی چلکاو خۆرو ژێر دەستەی وولاتانی بێگانەو داگیرکەرانە ئەمە لەلایەك لەلایەکی تردا گشت کردارو پێکهاتەکانی گەل دەبەستنەوە بەسەرۆك دەوڵەوت وەهەردەم بیرلەوەدەکەنەوە و پرسیار دەکەن ئایا سەرۆك دەوڵەت چی ئەنجام دەدات بۆ وولاتەکەیان؟ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ ئەوان چی دەکەن و چی ئەنجام دەدەن لەپێناو وولاتەکەیان لەهەمان کاتدا سەرۆك وولات بەبەرپرسیار دەزانن لەهەموو کارو کردەوەێك داجا چ گەوەر چ بچوك بێت بەبێ ئەوەی بیر لەوەبکەنەوە کە ئەم وولاتە لەسەر چ جۆرەسیستەمێك کاردەکات کەبەگوێرەی ئەم سیستەمە هەموکارەکان دابەش کراون بەجۆرێك (تدرج) هەیە لەبەر پرسیاریەتی لەکارەکانی وولاتدا.

جگەلەمانەش گەلێك زارەوەو دروشم تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن بەتایبەتی تێکەڵ کردن و جیاوازی نەکردنیانە بۆ ماناو مەبەستی دیموکراسی لەگەڵ ئازادی رەها (ئازادی کارو هەڵس و کەوت کردن) تێنەگەیشتن و هەرس نەکردنی ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی باش لەنەخۆشیە ترسناك و لەناو بەرەکانی وولاتە دیموکراسی

خوازەکان دەژمێردرێت کەگەلێك جار دەبێتە هۆی کەم بوونەوەو لەناوچوونی ئەم جۆرە کەمۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمانە بە جۆری بیرکردنەوەو رادەی تێگەیشتنی تاکەکانی ئەم سیستەمە.

لەبەر ئەوە پێویستە وەبەگرنگی دەزانم وەکو پرۆگرامێك جۆرێك لەووشیار کردنەوەی کۆمەلایەتیو رامیاری (سیاسی) بلاوبکرێتەوە لەرێگەی تێرکردنێکی هێواشی لەهۆشمەندیتی وەلە رێگەی دووکرداری سەرەکی دەتوانین گەل بگات بەم مەبەستە:

یەکەم: بەداهێنان بەرەیەکی نەتەوەیی.

دووەم: لەرێگەی مامۆستاو قوتابخانەدا.

یەکەم: داهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی:

هەموو نەتەوەیەك دەتوانێت یەکێتی ڕیزەکانی مسۆگەر بکات ئەگەر بێت و بتوانێ بەرەیەکی نەتەوەیی بێك بهێنێت بەمەرجێك گشت پێکهاتەکانی ئەم نەتەوەیە بگرێتە خۆی، کە ئەم کردارەش بە کارێکی زۆر گرنگ دادەنرێت بەتایبەتی لەناو نەتەوە ژێر دەست و بەش کراوەکان دا لەبەر ئەوەی بەرەی نەتەوەیی بەمەڵبەندی هێز دادەنرێت کەلەرێگەیەوە دەتوانرێت بەرنگاری دوژمنەکان وگشت پیلانە چەوسەواکانیان ببنەوە لەو وولاتانەی کەبەبەردەوامی دروشمی زۆرداری وستەمیان بەرزکردۆتەوە.

هێلیکاریو شێوەی ئەم بەرەیە دەبێت بەشێوەیەك پێك بهێنرێت کەگشت پلەوجۆرەکانی نەتەوە بەشداری تیادا بکەن بەبەشداری کردنی هەر یەکێکیان بەنوێنەرێك کەلەنێوان خۆیان دا دەیپاڵێون بۆ ئەم کردارە وەئەمەش پێویستی بەکۆکردنەوەو رێکخستنێکی تایبەتی هەیە لەلای ئەم بەشانەدا لەشێوەی یەکێتی

یەك یاخود كۆمەڵەیێك...هتد، بەمەرجێك ئەم رێخكستنە سەرتاسەری نەتەوە بگرێتەوە نەك تەنها ئەندامانی یەك وڵات بگرێتە خۆی لەبەر ئەوەی بۆی هەیە نەتەوەیەك بەچەند وڵاتێك بەرچاو كەوێت یاخود لەنێوان چەند وڵاتێك دا دابەش كرابێت.

وەبەم شێوەیە دەتوانین بڵێین بەرەی نەتەوەیی هێزێكە پێك دێت لەنوێنەرانی گشت پێكهاتەكانی نەتەوە (لەرێكخراوە جەماوەریو پیشەییەكان و پارت و رێكخراوە سیاسیەكان لەپاڵ رێكخستنە زانستی وویژەییو رۆشنبیریەكان دا)، بۆ نموونە (یەكێتی زانایان، یەكێتی ئافرەتان، سەندیكای كرێكاران، پیاوانی كار، پاریزەران) جگە لەمانەش پیویستە پارت و رێكخراوە سیاسیەكان تەنها بەنوێنەرێك بەشداری بكەن بەمانای ئەوە پێویست بەبەرەیەكی نیشتمانی دەكات كە ئەم پارت ورێكخراوانە دروستی بكەن لەنێوان خۆیان دا بەمەبەستی بەشداری كردن لەبەرەی نەتەوەییدا.

وەبەم كردارەش دەتوانرێت پارێزگاری لەیەكێتی رێزی نەتەوە بكرێت دوور لە خەون و حەزی هەندێك لەدەسەلاتداران كەبەهۆی پیلانی داگیر كەران هەڵسو كەوت لەگەڵ ریزەكانی گەل دەكەن.

جگە لەمەش كۆكردنەوەی گشت پێكهاتەكانی نەتەوە دەبێە هۆی داهێنانی هێزێكی بێ شوومار لە هەموو لایەنێكی ژیان دا كە بە هۆیەوە دەتوانرێت گشت ئامانج و مەبەستەكانی نەتەوە ئاراستە بكرێت بەرەو پێش كەوتن و نوێ بوونەوە وە لەهەمان كات دا دەبێتە هۆی بنیات نان و ئەفراندنی عەقڵێكی سیاسی كە لە پاڵ سیاسەتێكی كراوەی بریار بەدەست دێتەكایەوە كە تیایدا بریارەكان بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێت ئەوەش خۆی لە خۆیدا جێگای متمانەو باوەر پێكردنە كەوەكو ئاوێنەیەك كێش و پلەی دەست لاتی نەتەوەیی دیاری دەكات وە دەبێت

بڕیارەکانی لەسەر رووی بڕیارەکانی وولآت بێت سەبارەت بەو بڕیارانەی کە کـار لـە ڕێزی نەتەوە دەکەن وە ئەبنە ڕێگرێك لە کامڵ بوونی بەرەی نەتەوەیی ئەوەیش لە ڕێگای چارەسەرکردنی بە نزیك بوونی گشت پێکهاتەکانی نەتەوەو هەوڵ دانیان بۆ داهێنانی جۆرە لێبوردنێك لە مامەڵە کردن لەگەڵ بنـەما نـاوەکی و دەرەکییـەکانی بەرەوی نەتەوەییدا بەمەش گشت پێکهاتەکانی نەتەوە هەوڵ دەدەن کە یەك بگرن بۆ بەشداری بوونیان لە بـەرەی نەتـەوییدا وە ئـەم کـردارەش هەرچـەندە زۆر جـار دەبێتە هۆی زیاتر کردنی ژمارەی نوێنەرەکانی بەڵام لە هەمان کات دا دەبێتە هۆی پتـەوتر کردنـی یـەکێتی خـاکی نەتـەوە بـە مانـای پارێزگـاری لـە یـەکێتی گـەل و نیشتمان دەکات لە هەموو بوارێك دا (ڕۆشنبیری ، ئـابووری ، کۆمەڵایـەتی .. هتـد) لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بۆ گشت هێزو بیری پێکاهتەکانی نەتـەوەدا بۆیـە پێویسـتە لەسەر گشت نەتەوەیـەك هـەوڵ بـدات بۆ داهێنـانی بەرەیـەکی نەتـەوەیی بەسـوود وەرگرتن لە تەجروبە بایەخدارەکانی گشت سیسـتەمەکانی جیـهان دوور لـە هـەموو مەبەستێکی تەسکی حزبایەتی و چینایەتیدا.

دووەم: لە ڕێگەی مامۆستاو قوتابخانەدا:

مامۆستایان بەهۆی ئەو ئەرکـە پـیرۆزەی کـە پـێی هەڵدەسـتن دەتوانن دەورێکـی بەرزو باڵا بگێرن لە گۆرینی نەتەوەو کۆمەڵ دا بۆیە پێویستە لـە سـەر مامۆسـتایان کە بیرۆکەی ئازادی و یەکسانی بڵاوبکەنـەوە لـە نێوان قوتابییـەکانیاندا بـە جۆرێـك بەردەوامی و گۆڕان بکەن بە دروشم و مەبەستیان.

لەبەر ئەوەی قوتابیانی ئینجا لـە هـەر پلەیـەك دا بن (لـە قۆنـاغی سـەرەتاییەوە تاوەکو (دکتۆراە) لە هەوڵدانێکی بێ شومارو نەوەستاوە دایە بۆ چـاو لێکردنـەوەی مامۆستایەکەی (ئەم کردارەش بە پلەی ٩٠٪ لـە نـاو قوتابیـان بـەدی دەکرێـت) لـە ڕێگەی بەدواکەوتن و ڕێکخستنی بیرو بۆچونـەکانییان بـە شـێوەیەك کـە بگونجێـت

لەگەڵ بیرو رای مامۆستاکانیان وە لە هەندێك کات دا سەیردەکەی بیرو بۆچونەکانی قوتابی جۆررێکە یاخود درێژکردنەوەیکی رێرەوی مامۆستاکەیەتی.
جگە لە مامۆستا قوتابخانەش دەتوانێت دەورێکی باش ببینێت لە پەروەردەکردنی بیرۆکەی بەرەی نەتوەیی‌دا ئەویش لە رێگەی داهێنانی وانەیێکی هەفتانە لە پاڵ وانەکانی تری قوتابخانەدا کە تیایدا بنەماکانی بەرەی نەتەوەیی بخوێندرێت بە جۆرێك گشت ئەو بنچینانەی تیاد کۆبکرێتەوە کە بە هۆیەوە ئەم قوتابیانە بتوانن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و نیشتمان بکەن دوور لە هەر مەفهوم و سیستەمێکی جیهانی ئەم کردارەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی رۆشنبیری رۆڵەکانی ئەم گەلانە بە جۆرێك سیستەم و پیلانی داگیرکەران بشکێنن کە هەردەم هەوڵ دەدەن بە هۆی چەند یاسایێکی دارژاو بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لێك بکەن و جۆرە دووبەرکیەك لە نێوانیان بهێننەوە.

((بنەماکانی یەکگرتن))

یەکگرتن وەکو هەر بنچینەیەکی کۆمەلآیەتی دەسەلآتێکە پشت دەبەستێت بەچەند بنەمایێك کەلەرێگایەوە هەڵدەستێت بەکرداری رێکخستنی کۆمەڵ بە ئومێدو مەبەستی دروست کردن و داهێنانی کۆمەڵگایکی نمونەیی ئەویش لە رێگای بەستنەوەی ئەم بنەمایانە بە رەوشت و داوایە ئاینی‌یەکان واتە ئەم بنەمایانە لە قورئانی پیرۆزدا داواکراوەو باسی لێکراوە بۆیە پێویستە لەسەر باوەڕداران کە رێنمایی بکەن و پارێزگاری لە داواکاریەئاینشی بکەن.
لە هەمان کات دا پێویستە لەسەر ئەو یاساو سیستەمانەی کە هەڵدەستن بە کرداری رێکخستنی ژیانی کۆمەڵ و ئادەمیزاد کە بگونجێن لەگەڵ یاساو سیستەمە

ئاینیەکان بەمانای ئەوەی کەهاوشێوەبن لەگەڵیدا لەبەر ئەوەی یاساو داوایە ئاینیەکان لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاد دەگونجێت کە لە رێگایەوە دەتوانرێت (کۆمەڵگایك) پێك بهێندرێت بەپشت بەستن بەو سیستەم داب و نەریتانەی کە لە گەڵیدا هاتوون وە ئەم بنەمایانەش پێك دێت (یەکسانی ، دادوەری ، هەرەوەزی (هاوکاری) ، لێبوردەیی ، مافی یاسا دانان)

١- یەکسانی (المساواه)

ئەگەر سەیری پەیامی موسڵمانیەتی بکەین سەبارەت بەیەکسانی دەبینین زۆر بەتوندیو بەشێوەی واجب داوای یەکسانی دەکات لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ دا بەشێوەیەك کە پارێزگاری لەیەکێتی ریزەکانی گەل دەکات لەهەموو سات و کاتێك دا.

بۆ ئەم مەبەستەش دوورێگەی گرتۆتەبەر یەکەمیان یەکسانی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرامبەر بەیاسا دووەمیان داوای یەکسانی کردووە لەمافەگشتیەکان بەتایبەتی لەمافە رامیاریەکان دا (السیاسی).

یەکسانیەك کەهیچ جیاوازی یەك نیە لەنێوان پێست سپیو پێست رەش، لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار لەنێوان خاوەن دەست هەڵات و بێ دەست هەڵات دا بەجۆرێك کە سیستەمی چینایەتی لەناو کۆمەڵ هەڵگیرێت و لەناو بردرێت کە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿یاایها الناس اناخلقناکم من ذکر وانثی﴾ الحجرات: ١٣

لەم ئایەتەدا خودای گەورە داوا لەگشت کۆمەڵی ئادەمیزاد دەکات وبیریان دەکاتەوە بەسەر چاوەی دروست بوونیان کەهەموویان لەیەك نێرو مێ لەدایك بوونە وەهیچ پێویست ناکات کەهەندێکیان خۆیان بەگەورەترو بەرزتر بزانن لەهەندێکی

تردا بەبیانوی ڕەگەز ورەنگ لەبەر ئەوەی ئەمانە گشتی بەهۆی باری سترۆشتی‌یە وە ڕوودەدات و مرۆڤ هیچ دەورێکی تیادا نابینێت بەڵکو دەبێت ئادەمیزاد یەکتری بناسن و بزانن ئەمانە لەیەك دایك و باوك پەیدا بوونەو ناسینیش دەبێتە هۆی یارمەتی دانی یەکتری لەکاروباری ڕۆژانەدا بەشێوەیەك کەجۆرێك لەخوشك وبرایەتی لەنێوانیان دروست ببێت کە خــودای گەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا دەفـەرموێت

﴿وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عندالله اتقاكم﴾ الحجرات: ١٣

وەپێغمبەرمان (ﷺ) لەئاخر خوتبەی‌دا داوای یەکسانی کردوە کەدەفەرموێت **(یاایها الناس ان ربكم واحد، وان اباكم واحد، كلكم لادم وادم من تراب، اكرمكم عندالله اتقاكم، وليس لعربي على اعجمي، ولا لاعجمي على اعربي، ولأحمر على ابيض، ولا لأبيض على احمر فضل الا بالتقوى)**

کەواتــە پــەیامی مرۆڤایــەتی داوای یەکسانی دەکات یەکسانیەك کــەدەنگی فەرماندەری تیادا وون دەبێت کە هەردەم خۆیان بەبەرزترو زلّ تر دەزانن لەکۆمەلّ یەکسانی یەك کە هیچ مافێك نادات بەشازادو شالیارەکان (الامراء و الوزراء) کە دادگایەکی جیاوازیان هەبێت لەدادگای گەل بەڵکو دەبێت هەموو چینەکانی کۆمەلّ بەرامبەر بەیەك دادگا بوەستن و ماف و داواکانیان لیّ وەربگیرێت و بۆ شیان ور بگیرێت وبەشێوەیەکی یەکسانی بەلیّ ئەو سیستەمە رێگانادات تەنها بەسەرۆك دەوڵەتیش کەمافێکی زیاتری هەبێت لەدادگا کردن یاخود لەسامان کۆکردنەوە بەرامبەر بە خەڵکانی‌تری کۆمەلّ دا.

مرۆڤ کە بـەقووڵای سەیری ئەم ڕێرەوەو ئەم باسەدەکات دەبینین گشت ئەم داوایانە کاردەکەن بۆمانەوەی کۆمەلّ و گەل بەشێوەیەکی یەکگرتوو بەجۆرێك هیچ هۆکارێك کاری تیادا ناکات بۆ لێك ترازانیان بەتایبەتی خۆشەویستی دەست هەلاّت

و خاوەنداری كە بە یەكێك لەنەخۆشیەكانی گەلْ دەژمێردرێت و گەلان لەهەموو كاتێك دا پێ یەوە دەنالێنن.

٢- دادپەروەری:

مانای دادپەروەری بریتی‌یە لە رەچاوكردنی مافی ئادەمیزاد لە هەموو بوارێك دا لە كاتی دانان و دارشتنی یاساكان دا.

بەپێی ئەم پێناسەیە پێویستە لەسەر گەلان ماف و پێداویستیەكانی ئادەمیزاد رەچاوبكەن و لەدەستووری وولات دا ماف گشتی‌یان دیاری بكرێن و بەچاوی كەمە نەتەوایەتی سەیری هیچ كۆمەڵێك نەكرێت بەڵكو گشتی‌یان بەیەك چاو دەبێت سەیر بكرێت و ئازادی بیروڕا یەكێك بێت لەبنچینەكانی گەل لەبەر ئەوەی هەرچەندە ئەم بیرو رای جیاوازە بەڵام گشتی بۆیەك ئامانج و ئاوات كاردەكات بە شێوەیەك كە هەریەكەیان بەپێی بیرورای خۆی بەرێگایەكی جیاواز هەولْ دەدات بگات بەو ئاوات وئامانجە ئەمەش رێگە لەلایەنەكەی تر ناگرێت كە بەپێی بیرو ڕای خۆی بكەوێتە رێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەكانی.

وەلەبەر گرنگی دادپەروەری لەژیانی گەلان دا بەتایبەتی بۆ پاراستنی یەكێتی گەل خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمانی روون كردۆتەوە كەمەبەست لەناردنی پێغەمبەران بەشێوەیەكی گشتی بۆ بڵاوكردنەوەو داهێنانی سیستەمی دادپەروەری كۆمەڵایەتی بوو لەنێوان ئەم گەلانەدا كە دەفەرموێت : ﴿لقد ارسلنا رسلنا بالبينات وانزلنا معهم الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط﴾ الحديد: ٢٥

كەواتە لەرەوەشتە بەرزەكانی مرۆڤی باوەڕدار پێویستە دادپەروەر بێت لەكاتی ئەنجام دانی كارو باری رۆژانەی لەگەڵ خەڵك دا بەشێوەیەك لەكاتی ئەنجام دانی كارەكانی دا هەموو توانای بخاتە كار بۆ خزمەت كردنی چین و توێژەكانی كۆمەڵ و

بەیەك چاوو یەك پلە سەیری گشتیان بکات کـە لـەقورئانی پـیرۆزیدا دەفـەرموویت:

﴿یاایها الذین امنوا کونوا قوامین بالقسط شهداء لله ولو علی انفسکم او الوالدین و الاقربین﴾ النساء: ١٣٥

پەیامی مرۆڤایەتی بەمەش نەوەستا بەڵکو لە بەرزترین پلەی دادپەروەری دا خۆی دەگرێت ئـەویش لـەکاتێك کـەداوا لـەباوەڕداران دەکـات کـەئاداگاری و پارێزگـاری لەبنچینەکانی داد پەروەری بکەن بەشێوەیەك لەکاتی هەڵ سـوکەوت کـردن لەگـەڵ دوژمنیـش دا ڕاچـاوی دادپـــەروەری بکـە کەلـــەقورئانی پـــیرۆزدا دەرفـــەرمویت:

﴿ولایجرمنکم شنان قوم علی الا تعدلوا اعدلوا هو اقرب للتقوی واتقو الله ان الله خبیر بما تعلمون﴾ المائدة: ٨

واتە ڕەق وکینە لەگەڵ گەلێك داواتان لێ نـەکات کـەداد پـەروەری بـەجێ نەگەیـەنن بەڵکو داد پەروەبن لەبەرەئەوەی دادپەروەری نزیکە لەتەقوای خودای گەورە.

جگە لەمە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەزۆر جێگادا داوای دادپەوەری کردووە و پلـەی داد پـەروەری بـەرز کردۆتـەوە و بۆ بـــەرزترین پلـــەی مرۆڤایـــەتی کـــەدە فەرموێت: ﴿واذا قلتم فاعدلوا ولو کان ذا قربی﴾ انعام: ١٥٢ ، هەروەها سەبارەت بەداد کردنی خەڵك داد پەرەوری بەسەرچاوەی داد کـردن دێت لەبەرئـەوەی وەکـو لەمـەوپێش باسمـــان کـرد کەپێویســـتە یاســـاکانی بەشـێوەیەك دابڕێژرێـت کـە دادپەروەری تیـادا ڕەچاو بکرێت وەهـەر یاسایەك کـەداد پـەروەری تیـادا ڕەچـاو نەکرێت دەبێتە هۆی داهێنانی تەنگێشەو ئاژاوە لـەنێوان کۆمـەڵ داو بـاری ئاسـایی گەڵ تێك دەدات بۆیە پێویستە لەسەر (حاکم) لـەکاتی دەرکردنـی فـەرمان و حوکم دادپەروەری ڕەچاو بکات کە خـودای گـەورە لەیـەکێك لـەداواکانیدا دەفـەرموێت:

﴿واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل﴾ النساء: ٥٨

ئەمەش خۆی لەخۆی دا وادەگەیەنێت کەئازادی بیرورا یەکێکە لەمەبەستەکانی ئەم کۆمەڵە وە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت لەبەرئەوە بەئازادی بیرورا دەتوانرێت زیاتر پارێزگاری لەیەکگرتن بکرێت بەجۆرێك لە زمانی لەیەك گەیشتن و گۆڕینەوەی بیرورا مەبەست بێت نەك بکا رهێنانی چەك و ئازاردان.

۲- لێبوردەیی:

لێبوردەی لەرەوشتە بەرزەکانی ئادەمیزادە لەبەرئەوەی لەناخی دڵ و دەروونی مرۆڤ دەردەچێت بەخۆگرتن ودڵی خۆش بوونی لەسەر دەست درێژ کردن و ئازار دانی کەسانی تر بۆی بۆیەش ئەم رەوشتە بەرزە بەیەکێك لەبنەماکانی یەکگرتن دادەنرێت ئەویش بەهۆی سەلماندنی کردارەکانی رۆژانە کەبە لێبوردن و بەوەلام دانەوەی خراپە بەشێوەیەکی چاك والەبەرامبەر دەکات کەزیاتر لەو مرۆڤە نزیك بێتەوەو رێزی لێ بگرێت بەشێوەیەك کەجۆرێك لە پشتیوانی و هاوکاری لەنێوانیان دێتە کایەوە ئەمەش یەکێك بوو لەداواکاریەکانی خودای گەورە لەزۆر جێگا بەسەر باوەرداران دا کەئەم رێگایە بگرنەبەر لەکاتی هەڵس و کەوتی رۆژانەیدا لەگەڵ کەسانی تری کۆمەڵو لەکاتی رێکخستنی پەیوەندیەکانیان یان لەگەڵ خەڵکانی تردا کەدەفەرموێت:

﴿وان تعفوا وتصفحوا وتغفروا فان الله غفور رحيم﴾ التغابن: ١٤

هەروەها لەکاتی باس کردنی رەوشتە ئاینیەکانی مرۆڤی بەباوەر دەفەرموێت:﴿ويدرؤون بالحسنة السيئة﴾ الرعد:٢

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ولاتستوي الحسنة ولاالسيئة ادفع بالتي هي احسن فاذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي حميم﴾ فصلت: ٣٤

لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لێبوردەیی وچاکە کردن لەگەڵ خەڵك دا دەبێتە هۆی داماڵینیو لابردنـی دووبـەرەکی وڕەق وکینـە لـەدڵ و دەروونیـان دا بەشێوەیەك کەدەبێتە هۆی داهێنانی جۆرێك لـەهاوکاری و برایـەتی کەڕێگـە خۆش دەکات بۆ یەکگرتن و لێك نزیك بوونەوەی ئەم دوولایەنە لەدوارۆژدا.

٤- **هەرەوەزی**: بۆ بەرزکردنەوەی ژیانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی پێـش کەوتوانـە و زانسـتانە بەرەو بـەرزترین پلـە پێویسـتە هـەرەوەزی و یارمـەتیدانی یـەکتری بکرێـت لـەکاروباری رۆژانەو باری ژیاندا.

لەبەر ئەوە پێویستە رۆلەکانی گەل پێ بگەیێندرێت لەسەر هەستی خۆشی هەرەوەزی وهاوکـاری دا بەشـێوەیەك لەگـەڵ یـەکتری‌دا بەیـەك دەسـت وبەیـــەك دڵ هاوکـاری یـەکتری بکـەن لەبەرئـەوەی بەهــەرەوەزیو یارمــەتی یــەکتری دەتوانرێــت لــەدوو لایەنەوەسـوود بەکۆمـەڵ بگەیـەنرێت یەکـەمیان هـەرەرەزی بەیـەکێك لەبنــەماکانی یەکگرتن دادەنرێت ئەویش لەرێگای کۆکردنەوەی زۆرلەکانی کۆمەڵە لەسەر یەك کارو یـەك مەبەسـت دا ئەمـەش لـەلای کـەس وون نییـەو ئاشــکرایە کـە کۆمەڵـــە هەرەوەرزییـەکان چ سـوودێك دەگەیـەنێت بەکۆمـەڵ و خــاك دا چ لەلایـەن بـاری ئابووری و چ لەلایەن بـاری پـەیوەندی کۆمەلایـەتی‌دا دووەم سـوودی هـەرەوەزی و یارمەتی یەکتر دان لە کارگەو کاری رۆژانـە بـەدی دەکرێـت کـە بـەهۆی هـەرەوەزی دەتوانرێـت پلـەی بەرهـەم بەرزبکرێتـەوەو بـاری داهــاتی گشـتی چـاك بکرێـت و کۆبکرێتەوە بەمەش باری ئابووری گەل باش دەبێت وە جۆرێك لـە ئـارامی لـەبازار دروست دەبێت کەلەرێگەیەوە کۆمەڵ هـەوڵ دەدات بـۆ کرانـەوەو پێش کـەوتن بـۆ گەیشتن بە وڵاتــە پێـش کـەوتووەکان لەرێگـەی پـەیوەندی کردنـی بـەم وڵاتـەوە بەسـوود وەرگـتن لـە بـیرو زانیـاری رۆلـەکانی کەلـەم وڵاتانـەدا زانسـت و زانیـاری

کۆدەکەنەوە و لەنیشتمانێدا جێ بەجێی دەکەن بەهەرەوەزی لەگەڵ رۆڵەکانی تری کۆمەڵ.

٥- مافی یاسادانان

لەو پێویستانەی کەرێگە خۆش کەرن بەرەو یەککگرتن دامالینی مافی یاسا دانانە لەلایەن مرۆڤەوەو گەرانەوەیەتی بەرەو یاسا وداواکاریەکانی خودای گەورە بەجۆرێك رێگە نەدرێت بەهیچ کۆمەڵ و کەسێك کەدەست هەلات ومافیان زیاتر هەبێت بەرامبەر بەکەسانی تردا لەرێگەی گۆرین و داهێنانی یاسای جۆراو جۆر بەپێی هەوەسی خۆیان بەپێی رەچاو کردنی هیچ بنچینەیەکی کۆمەلایەتی و ئاینی.

واتە لەم کۆمەڵەدا هیچ کەسێك بەرزترنییە لە یەکێکیتر بەڵکو دەست هەلات گشتی دەگەرێتەوە بۆ خودای گەورە وەپێویستە لەسەر داهێنەرانی یاسا بەپێی پەیامی خودای گەورەیاسا دابرێژن ولەسنووری داواکاریەکانی کۆمەڵ دەرنەچن بەمەش گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەو کەسانەی کەباوەریان بەپەیامی خودای گەورە هەیە هەست بەیەکسانی ئەم یاساو داواکاریانە دەکەن لەرێگەی هەست کردنیان بەداد پەروەریەتی یاسا گشتیەکانی خودای گەورە بەجۆرێك لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاساو داواکاریانەدا واهەست دەکەن کەرێنمای پەیام و داواکاریەکانی خودای گەورە دەکەن بەشێوەیەك کەهیچ کەس دەست هەلاتی نییە لەسەریان دا وە گشت یەکسانن لەبرامبەر یاسای خودای گەورەدا ئەمەش زیاتر رێگە ئاسان دەکات بۆ نزیك بوونەوەی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەیەکتری.

ڕۆڵی ئافرەت لەیەكگرتن دا:

لەبەرئەوەی ئافرەت نیوەی كۆمەڵ پێك دێنێت بۆیە پێویستە ئیش بكات و لەكار كردن نەوەستێت وە بەردەوام بێت شان بەشانی پیاو بۆ ڕێكخستن و بەرەو پێش بردنی كۆمەڵ دا لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەو سۆزو بەزەیی‌یەی كەئافرەت هەیەتی دەتوانێت بەگەورەترین و بەرزترین كرداری پەروەردەو بنیات نان هەڵبستێت لەووڵات دا بەڵكو ئافرەت دەتوانێت دەستێكی باڵای هەبێت لەگۆڕینی ڕێرەوی كۆمەڵ لەڕێگەی پەروەردەكردنی منداڵەكانی بەو شێوەیەی كە نەخشەیان بۆ دەكێشێت وە بەپێی هەوەسی خۆی ئاراستە یان بكات بەرەو ئەو ڕێگایەی كە خۆی مەبەستێتی زیاتر لەپیاو.

بەڵێ ئافرەت دەتوانی كۆمەڵ بەرەو یەكگرتن و یەكێتی ببات و بەردی بناغەی گەل دابنێت لەڕێگەی پەروەردەكردنی منداڵەكانی لەسەر خۆشەویستی و تەبایی كەیەكێتی گەل بكات بەنموونەی گەورە بۆ خەیاڵ و بیریان بە جۆرێك گیانی پێش كەوتنیان لەدڵ دا بروێنێت و داوایان لێ بكات كەلە دوا ڕۆژدا كارو كردەوەكانیان بەم شێوەیە ئاراستە بكەن وەبەمەبەستی پاراستنی یەكێتی ڕیزی گەل و كۆمەڵ بەتایبەتی مافی ئافرەت خودای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا تیشك دەخاتە سەر مافە مرۆڤایەتی‌یەكانی ئافرەت وبەدیاری دەخات و ڕوونی دەكاتەوە بۆ گشت باوەردارن لەوێنەی یاسایێك كەبەهیچ جۆرێك گەڕانەوەو پاش گەزبوونەوەی تیادا نی‌یەوە لەهەمان كاتدا داوا لە ئافرەت دەكات كەكردەوەكانی ڕێك بخات و لەكار كردن بەردەوام بێت لەبەر ئەوەی وەكو پیاو بەشێوەیەكی یەكسان مافی هەیە بەبێ هیچ ڕێگرێك و بەربەستێك كە دەفەرموێت: ﴿للرجال نصيب مما اكتسبوا وللنساء نصيب مما اكتسبن﴾ النساء: ٣٢

بەهۆی ئەو رۆڵەی کەئافرەت دەیگێڕێ لەئاراستە و پێش بردنی کۆمەڵ بەرەو رێرەو رێبازێکی چاك و بەپێز پێویستە لەسەر ئافرەت کە کاربکەن لەسەر رێرەوێکی چاك و رۆڵەکانیان بەرەو ئەم رێرەوە ببەن لەبەر ئەوەی نە خودای گەورەو میهرەبان کاری ئەوان لەیاد دەکات نەمێژووی گەلیش لەیادیان دەکات کەلەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿فأستجاب لهم ربهم انى لا اضيع عمل عامل منكم من ذكر او انثى بعضكم من بعض﴾ آل عمران: ١٩٥

وە بەمەبەستی پارێزگاری کردن و مانەوەی خێزان و کۆمەڵ وەبەمەبەستی بنیات نان وداهێنانی خێزانێکی بەسوود ئافرەت ئازادە لەژیانی خۆی دا بەتایبەتی لەهەلبژاردن و رازی بوونی لەسەر هاو سەری ژیانی دا لەبەر ئەوەی بەزۆر بەشوو کردنی ئافرەت کار دەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵ و گەڵ لەرێگەی کار تێکردنی لەسەر خێزان دا بەجۆرێك ئەم ئافرەتە رۆڵەکانی بەشێوەیەکی راست و رەوان ئاراستە ناکات لەبەر هەست کردنی بەکەم و کوری لەژیانیدا و بیر لەمناڵەکانی ناکاتەوە بەو شێوەی کەسوودیان پێ بگەیەنێت و ببنن بەرۆڵەی بەسوود بۆ گەڵ و نیشتمان لەبەر ئەوە پێغەمبەریان (ﷺ) وە بەمەبەستی پاێزگاری لەمافی ئافرەت و کۆمەڵ دا دەفەرموێت: (**لاتنكح الثيب حتى تستأمر ولا تنكح البكر حتى تستأذن واذنها صمتها**) رواه الشيخان.

لەکۆتای ئەم باسە دا بەهیوای ئەوەین کە ئافرەتان رۆڵی خۆیان لەیاد نەکەن و کاری بۆ بکەن بە ئومێدی پارێزگاری و بەهێز کردنی گەڵ و نەتەوەکەمان رۆلەکانیان پەروەردەبکەن.

چەند داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی

پەیامی مرۆڤایەتی لەپێناو بنیات نانی گەلێکی یەکگرتوو بەم بنەمایانە نەوەستاو بەڵکو کاری کردو داوای کرد بۆ بروست کردن وداهێنانی چەند داب و ڕەوشتێکی کۆمەلایەتی کەلە سایەوەپێویستە رۆلەکانی گەل پێ بگەیەندرێت و هانبدرێن ئەوانیش قسەی چاك و هەوال پرسین و چاك کردنی نێوان خەلکە.

کەواتە یەکێك لەبنچینەکانی ئەم کۆمەلگایە داهێنانی چەند داب و نەریتێکی کۆمەلایەتی‌یە کەلەرێگەیەوە دەتوانرێت گشت چین و توێژەکانی کۆمەل لەسەردا کۆبکرێتەوە بەجۆرێك کەیارمەتی‌و پیشتیی یەکتری بگرن لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیان بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤەکانی ئەم کۆمەلە کەریز لەیەکتری بنێنن و لەدوای کەم و کوری‌یەکتری نەگەرێن کەلەقورئانی پیرۆز دا دەفەرموێت

﴿یاایها الذین امنوا لایسخر قوم من قوم عسی ان یکونوا خیرا منهم ولانساء من نساء عسی ان یکن خیرا منهن ولاتلمزوا انفسکم ولا تنابزوبالالقاب، بأس الاسم الفسوق بعد الایمان، ومن لم یتب فأولئك هم الظالمون﴾ الحجرات: ١١

١- قسەی چاك:

قسەی چاك و باش سەرچاوەی دروست بوون وداهێنانی کۆمەلێکی ڕەوشت بەرزو پێش کەوتوو خوازە بەشێوەیێك کەسەر بکەوێت بەسەر گشت ئەو بەربەستانەی کەدێتە پێشیەوە، لەبەر ئەوە سەیردەکەی زۆر لەنووسەرو پەروەردەناسان تیشك دەخەنە سەر ئەم لایەنەوە لەنووسینیان دا ووشەی رێك و پێك بەکار دەهێنن بەجۆرێك دل و دەرونی خوێنەر ئاودەدەن بەهۆی ئەو ووشە جوان و بەپێزو پرمانایانەی کەلەباغ و باخچەکانی ووشەی زمان هەلی دەبژێرن و دەیخەنە ناو نوسینەکانیان.

هەلبژاردنی ووشەی چاك و پڕ لەمانا لەکاتی قسە کـردن دا والـە ئـادەمیزاد دەکـات خۆشە ویست بێت لەلایەن دەورووبەریدا بەشێوەیەك وای لیّ دەکات کەسەر کـەوتوو بێت لەکارو باری داوە ئەنجامی باشیش بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی دەست کەوتنی برادەرو هەڤالێکی زۆر کە هەردەم یارمەتی دەدەن لەکاروو بـاریدا هـەر بەهـەمان شێوەو بۆهەمان مەبەست خودای گەورە و میهرەبان لەپەیامی مرۆڤایەتی (قورئانی پیرۆز)دا تیشکی خسـتۆتە سـەر ئـەم لایەنـەو هـانی بـەندەکانی دەدات کـە قسـەو ووتـەی چاك بکەن و ووشەی چاك هەڵبژێرن لەکاتی قسە کردنیان دا کەدەفـەرموێت

: ﴿ وقل لعبادي يقولوا التي هي احسن إن الشيطان ينزغ بينهم﴾ الاسراء: ٥٤

لێرەدا خودای گـەورە داوا لەکۆمـەڵی بـاوەڕداران دەکـات کـە ووشـەو قسـەی چـاك هەڵبژێرن لەگفتو گۆو قسە کردنیان دا ئەگـەر وانەکـەن ئـەهلی مـەن نێوانیـان تێـك دەدات و لەیەکیان دەکات هەربەم پێیە خـودای گـەورە لـەقورئانی پـیرۆزدا باسـی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەکـات کەدەفـەرموێت ﴿فبما رحمة الله لنت لهم ولو كنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولك فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الامر﴾ ال عمران: ١٥٩

ئەمەش بۆ ڕێنیشـاندانی بـاوەڕ داران و سـەر کردەکانـە بـۆ سـوودی قسـەی چـاك و گفتوگۆی باش لەگەڵ کۆمەڵ و تاك دا کە بەهۆی ئەم کردارە دەتوانـن کـار لـەدڵ و دەروونی دەورووبەریان بکەن و بۆ خۆیان ڕایان بکێشن وەبەم پێیەش دەبنـە یـەك قسەو یەك دەست لە کاز کردن بۆ پێـش خسـتنی گـەل و لـەپارێزگاری وولاتیـش دا بەهەمان شێوە بەیەك دەست و بەیەك دڵ پارێزگاری لیّ دەکەن.

٢- چاك كردنەوەی خەڵك

نزیك كردنەوەو چاك كردنەوەی نێوان خەڵك یەكێكە لەو كردەوە چاكانەی كەپێویستە رۆڵەكانی ئەم كۆمەڵەی لەسەر پەروەردە بكرێت و هان بدرێت بەرەو رواندنی ئەم هەستە لەناو دڵ و دەروونیان دا.

لەبەر ئەوەی ناڕێكی نێوان دووكەس یان دووكۆمەڵ لەوانەیە (بۆی هەیە) پەرەبسەنێ بۆ دووبەرەكی لەنێوان چەندین كەس و چەندین كۆمەڵ دا بەڵكو لەهەندێك جاردا لەنێوان دوو گەلیش وە زیاتر.

بەڵكو لەهەندێك جاردا گەلێك و یەك كۆمەڵ دەبن بەچەند لایەنێك و دوو بەرەكی دەنێتەوە لەنێوانیان دا بەشێوەیەك كە ئازارو زەرەر لە یەكتری دەدەن بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤەكانی ئەم كۆمەڵە كە كاربكەن بۆ چاك كردنەوەی نێوان ئەم كۆمەڵانە بەهۆی ئەو ڕەوشتە بەرزەی كەلە هەست و دەروونیان چاندراوە وەئەم كارەش تەنها لەو جۆرە كەسانە بەدی دەكرێت كەكەسانێ تریان خۆش دەوێت.

وەكاری چاكیان بۆ دەخوازن وەك چۆن بۆخۆیان ئارەزووی كاری چاكن و چۆن حەز لە بوونی ئاسایش و ئارامی دەكەن بەهەمان شێوە بۆ خەڵكانیش داوادەكەن وە ئەم كارەش خۆی لەخۆیدا واله خەڵك دەكات كەیەك بگرن وپشتی یەكتر بگرن وەك برایان وەئەم كردارەش یەكێكە لەداوا ئاییتییەكان كەخودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿إنما المؤمنون اخوة فأصلحوا بين اخويكم واتقوا الله لعلكم ترحمون﴾ الحجرات: ١٠

بەهەمان شێوە نەهێشتن و داماڵینی شەرو تەنگێشە لەنێوان دوو كۆمەڵ یاخوود دوو گەڵ لەواجبەكانی رۆڵەی ئەم كۆمەڵە یە كەپێویستە كاری بۆ بكەن بۆ هێشتنەوەی برایەتی و یەكێتی ڕیزی گەڵ و كۆمەڵ كە دەفەرموێت :

﴿وإن طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما﴾ الحجرات: ٩

لەکۆتایی ئەم باسە بۆمان روون دەبێتەوە کەچاك کردنەوەی نێوان خەڵك بەیەکێك لەو هۆکارانە دەژمێردرێت کە پارێزگاری لەیەکێتی گەل و نیشتمان دەکات و پێویستە لەسەر گەلان رەچاووی ئەم خاڵانە بکەن و رۆڵەکانیان لەسەر ئەم رەوشتانە پێ بگەێنن لەرێگای دەزگا رۆشنبیر و پەروەردەیی یەکان دا ئەمیش گشتی بۆ مانەی کۆمەڵە بەشێوەیەکی یەکگرتوو، لەبەر ئەوەی بەیەکگرتن دەتوانین بگەینە هەموو ئامانج و ئاواتێك.

٣- هەواڵ پرسین و سەڵاو کردن

هەوڵ پبرسین وسەڵاو کردن لەرەوشتە بەرزەکانی ئادەمیزادی پێش کەوتوو خوازو مرۆڤی کراوەیە وە لەسەر داواکاری خودای گەورەو میهرەبان پێوسیتە رۆڵەکانی گەڵ لەسەر ئەم رووەشتە بەرزە پەروەردە بکرێن لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەم کردارە دەتوانرێت پارێزگاری لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکان بکرێت بەشێوەیەك کەپێویستە بەهێز تریش بکرێت.

ئەوەی شایەنی باسیشە سەڵاو و هەواڵ پرسین سنووری گەلێك شت دەشکێنێت و گەلێك بەر بەستیش دەشکێنێت لەنێوان تاك و چینەکانی کۆمەڵ دا بەجۆرێك لەیەکتری نزیك دەبنەوەو بەئاسانی لەتەنگەشەو نائارامی باری یەکتر دەگەن بەجۆرێك مافی ئەوە بەیەکتری دەدەن کە بێنە ناو ئەم تەنگەشە کۆمەڵایەتیانەو بەراوێژکاری باسی باری خۆیان بۆ یەکتری بکەن و یارمەتی یەکتریش بدەن بۆ رزگار بوون و کۆتایی پێ هێنانی ئەم تەنگەشانە.

بەم کردارەش پەیوەندی نێوانیان بەهێزترو بەتێن تر دەبێت واتە لەیەکتری زیاتر نزیك دەبنەوە بەجۆرێك کەپشتیوانی و پشتی یەکتری دەگرن لەکاتی شەرو خۆشی دا وە ئەم هۆکارەش وەکو باسسمان کرد یەکێك لەداوا ئاینییەکان کە پێویستە لەسەر باوەڕدارن رەچاوی بکەن لەکارو بار ژیانی رۆژانەیان دا وەلەکاتی پەیوەندی

کردنیان لەگەڵ یەکتری دا کەلە پەیامی پیرۆزیدا دەفەرموێت: ﴿وإذا حييتم بتحية فحيوا باحسن منها او ردوها ان الله كان على كل شي حسيبا﴾ النساء: ٨٦

بەهەمان شێوەش داوا لەباوەرداران دەکات کەبۆ بەهێز کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیان دا کە پێویستە هەواڵی یەکتری بپرسنو سەردانی یەکتری بکەن بەجۆرێك لەپێش وەخت داوای رێگاپێدانیان لێ بکرێ لەبەر ئەوەی رێکخستنی کات بەکێکە لەرەوشتەکانی مرۆڤی پێش کەوتوو کەخودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ياايها الذين امنوا لاتدخلوا بيوتا غير بيتكم حتى تستانسوا وتسلموا على اهليها ذلكم خير لكم لعلكم تذكرون﴾ النور: ٢٧

بەشی دووەم

کۆمەکی دەروون

یەکێك لە نەخۆشیەکانی سـەردەمی ئـەمڕۆمان کـە ئـادەمیزاد هەستی پێدەکات و پێی دەناڵێنی و هەردەم هەوڵ دەدات لێی ڕزگار بێت ..... هەست کردنـە بـەوەی کە گوزەرانێکی تەنگ و ژیانێکی ناخۆش بەسەر دەبات.

ئـادەمیزادی ئـەمڕۆ هـەردەم هەست بـەبێ ئـارامی دڵ و دەروون و کـەم و کـوری دەکات بە جۆرێك وا دەزانێ ژیانی وەستاوەو هـەموو ڕۆژ شـەوێك لـە ژیـانی دا وەك یەك وایە وە هەردەم لە هەوڵ دان دایە بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئـارامی دڵ و دەروون کەبە نرخترین و بەرزترین شت دادەنرێت بۆ بەردەوام بونی ژیانی ئادەمیزاد و ڕزگار بوونی لە نەخۆشی لە بەر ئەوەی گەلێ لەو نەخۆشی یانەی کـە تووشـی ئـادەمیزاد دەبێت هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی ئادەمیزاد بەم سیفەتە کە دەبێتـە هۆی بەرز بوونی پاڵەپەستۆی خوێنی و تووش بوونی بەچەندین نەخۆشی دەروونی و چەندین تەگەرەی کۆمەڵایەتی ئینجا لەبەر ئەوە هەموو توانای خۆی دەخاتە گەر بۆ گەیشتن بە ئارامی لە ژیانی دا وەلە هۆیەکانی دەکۆڵێتەوە. وە لە پرسـیارکردنی دا ئایا هۆی ئەوە دەبێ چی بێت؟!

لە وەڵام دا هۆی ئەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕوو وەرگـێران و پشـت کردنـە لـە ڕێنمـایی خودای گەورە کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت:

﴿ وَمَن أعرض عَن ذكري فإنَّ لهُ معيشةً ضنكاً ونحشرهُ يومَ القيمةِ أعمى ﴾ سـورة طه: ١٢٤

واتە هەرکەسێك ڕووی وەربگێری لە ڕێنمایی من و پشتی تێبکـات ئـەوا ئـەو کەسـە گوزەرانێکی زۆر تـەنگی دەبێـت و ژیـانێکی نـاخۆش بەسـەر دەبـات وە لـە ڕۆژی دواییدا بە کوێری حەشری دەکەین.

وە بە پێچەوانەی ئەو کەسەوە باوەرداری راستەقینە نرخی ئارام بوون دەزانێت لە بەرئەوەی پی ی گەیشتووە و دەزانێت ژیانی کامەرانی و پاك و خاوێن و بەرەکەت دار دەکات.

لە بەر ئەوەی هەرکەسێك بە باوەڕەوە و پڕ بەدڵ بڵێت (لا الہ الا اللّٰہ) دەچێت بۆ بە هەشت وەخودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت :

﴿ وننزل من القرآن ماهو شفاءٌ ورحمة للمؤمنين ولا يزيد الظلمين إلاّ خسارة ﴾ الاسراء: ٨٢

واتە لەم قورئانەدا دەرمان و چارە سەری هەیە بۆ باوەرداران وە چارەسەرە بۆ وەسوەسەو بێ ئارامی دڵ و سەرگەردانی وەمیهرەبانی یە بۆ باوەرداران. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان ستەمکارە بێ باوەرەکان سوودی لێ وەرناگرن تەنها زیان نەبێت .

وە بێجگە لەمانەش شوێن کەوتنی رێنمایی و بەرنامەی خودای گەورە بەرێك و راستی دەبێتە هۆی فراوانی سامان و دارایی و نازو نیعمەت وەدەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لەبەڵاو بەسەرهاتی خراپ کە ژیان تاڵ دەکات .

خودای گەورە لە قوئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:

﴿ .. ومن يتق اللّٰہ يجعل له مخرجاً ، ويرزقه من حيث لايحتسب ومن يتوكل على اللّٰہ فهو حسبه إنّ اللّٰہ بلغ امره قد جعل اللّٰہ لكل شىء قدراً ﴾ الطلاق:٢، ٣

واتە هەرکەسێك لە خودا بترسێ و رێنمایی پەیامی خودا بکات خودا دەرگایەکی بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە گیرو گرفتی رزگاری ببێت وەسامان و دارایی دەداتێ لەلایەك کە بەهیچ جۆرێك بە خەیاڵی دا نەهاتبێ کە لەم شوێنە سامانی بە دەست بکەوێت:

﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ الاعراف: ٩٦

واتە ئەگەر دانیشتوانی ئەو شوێنانەی کە سزا دراوون بروایان بهێنابایە وەخۆیان بپارێزابایە لەو شتانەی کە قەدەغەم کردبوون لەسەریان ئەوا دەرگای چەند پیت و سامانم لەسەریان دەکردەوە لە ئاسمان و لەزەوی دا بەڵام ئەمانە باوەڕیان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانیان ئینجا ئێمەش سزامان دان بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەی کە دەیان کرد.

بە گوێرەی ئەم ئایەتە ئادەمیزاد بەگوێرەی کردەوەی خراپ و چاکەکانی لە تەرازووی باوەردا سزا دەدرێتەوە بە مانای ئەوەی چەند تاوان بکەین زیاتر دڵ ڕەق و دڵ تەنگ دەبین لەبەر ئەوەی تاوان دەبێتە هۆی ڕەش بوونی دڵ وە دڵیش کەڕەش ببێت دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوەی خاوەنەکەی لە خودای گەورە.

﴿ كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾

هەروەها تاوان و خراپە کردن دەبێتە هۆی کەم کردنەوە و داگرتنی پێ دانی سامان و دارایی بە خاوەنەکەی واتە (ڕزقی دەبەسترێت)

(لايزيدُ في العمر الاّ البُر ولا يردُّ القدر الاّ الدعاء وإنَّ الرجُلَ ليُحرَم الرزقَ بخطيئةٍ يَعمَلها) رواه ابن ماجة

واتە تەنها چاکە پەرە بە ژیانی مرۆڤ دەدات وەتەنها پاڕانەوە لە خودای گەورە نوسراو (القدر) دە گەڕێنێتەوە وە ئادەمیزاد بێ بەری دەکرێت لە ڕزق دان بەو خراپەیەی کەدەیکات ... وە لەگەڵ ئەوەش دا ئادەمیزاد هەندێك جار هەندێك کردەوە دەکات جگە لە خراپە کردنی ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی لە ناو چوونی چاکەکانیشی بەبێ ئەوەی هەندێك جار کە هەستیش پێ بکات.

بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگایکی نمونـەیی خـودای گـەورە و میـهرەبان چـەند ئەرك و خورەوشتێکی بە دیارخستوە کە پێویستە لـە سـەر بـاوەرداران پارێزگـاری لەسـەر بکـەن و رێنمـایی داواکاریـەکانیش بـن بـە مەبەسـتی دارشـتن و داهێنـانی ئـادەمیزادێکی بەسـوود وە ئـەم کردەوانـە ی کـە باسیان دەکـەین لـەم بەشـەدا دەوریان هەیە لە پاراستن و پارێزگاری کردنـی یـەکێتی ریـزی گـەل لـە لایـەك و لـە لایەکی ترەوە پەیوەندیەکی زۆر بەهێزیان هەیە لەسەر دڵ و دەروونـی ئـادەمیزاددا کە کاردەکەنە سەر پەیوەندیە کۆمە لایە تیەکانیان لە ژیانی رۆژانـەیان دا وە لـەم بەشەدا لە ژێر ناونیشانی کۆمەکی دەروون ئەم کردەوانە بـۆ خوێنـەری بـەرێز روون دەکەینەوە.

رەنگـە خوێنـەر بـیر لـەوە بکاتـەوە و پرسـیار بکـات ئایـا ئـەم کردەوانـەچ پەیوەندیەکیان هەیە بەدەروونی ئادەمیزاد دا؟ وە ئەم کۆمەکیە لەکوێ دایە ؟

پەیوەندی ئەم کردەوانەی کەئیستا دەیخوێنیتەوەبـە دوەروونـی ئـادەمیزاد لەیـەك خاڵ دایەکتر دەگرنەوە ئەویش لە دڵە.

بەڵێ دڵی ئادەمیزاد ئەوخاڵەیە کەکردەوەکانی ئادەمیزاد لەگەڵ دەەوونـی بەیـەکتر دەگەن .

لەبەرئـەوەی مێشـکی ئـادەمیزاد کـاتێك ئەندامـەکانی لـەش ئاگاداردەکاتـەوەو فەرمانیان لەسەر دەدات بۆ ئەنجامدانی چەند کارو کردەوەیەك سەیر دەکەی ئەگەر بێت و دڵی ئەم کەسە ئەم کـارەی پـێ خـۆش نـەبێت ئـەوا لـەپاش ئـەنجام دانـیدا تووشی دڵە ڕاوکێ دەبێت وە ئەم دڵە ڕاوکیـە کار لەهەسـت و نەسـتی ئـەم کەسـە دەکات بەهۆی بیرکردنەوەی لەو کارەو ئەنجامەکانی دا.

بۆیـە دڵ بـەخاڵی بەسـتنەوە دادەنرێـت لـەنێوان دەروونـی ئـادەمیزادو کـارو کردەوەکانیدا.

وەلەلای هەموو ئادەمیزادێك روون و ئاشكرایە لەوانەیە بەم كردارەش تـێ پـەڕیبێت وەهەستی بەوە كردبێت كەدڵی وەكو تـەرزووی كارەبا وایـە بۆگشـت دەروونـی چۆن بەكەم و زیاد بوونی كـار لـەئامێرە كارەبایی‌یـەكان دەكـات بـەهامان شـێوە بـەزیاد بوونی و كەم بوونی باوەر لەدڵی ئادەمیزاد كار لەدەروونی دەكات.

وەسەبارەت بەپـەیوەندی دڵ بـەدورروونی ئـادەمیزاد پێغەمبـەر (ﷺ) ئامـاژە بۆئـەم خاڵە دەكات كەدەفەرموێت: **(عن ابي عبدالله النعمان بن بشير رض الله عنهما قـال : سمعت رسـول الله (ﷺ) يقـول: ان الحـلال بـين وان الحـرام بـين وبينـهما امـور مشتبهات، لايعلمهن كثير من الناس فمن اتقى الشبهات ، فقد استبراء لدينه وعرضه ، ومن وقع في الشبهات وقع في الحرام،كالراعي يرعـى حـول الحمـى يوشـك ان يرتع فيه الا وإن لكل ملك حمى الا وان حمة الله محارمه،**

الا وان في الجسد مضغة اذا صلحت صلح الجسد كله واذا فسدت فسد الجسـد كلـه الاوهي القلب). رواه بخاري ومسلم

لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) بێت لەرێزی كۆتای‌دا ئاگادارمان دەكاتەوە لـەدڵی ئـادەمیزاد كەئەگەر ئەم دڵە بـاش بێـت وهـەموو لاشـەو ئەندامـەكانی ئـادەمیزاد بـاش دەبێـت وەبەپێچەوانەوە دەبێت ئەگەر بێت و ئەم دڵە خراپ بێت.

وەبەهەمان شێوە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت

﴿الا بذكر الله تطمئن القلوب﴾ سورة الرعد: ٢٨

واتە تەنها بەرۆیشتن لەسەر پەیام و پرۆگرامی خودای گەورە لەكارو كردەوەكانمان دا دڵمان دەحەسێتەوەو چۆنیەتی ئەم ئـارامی گرتنـەش پـەیوەندی بـەدووروونزیكی ئادەمیزادەوەهەیەبەرامبـەر بـەخودای گـەورە ئەمـەش بـەگوێرەی پلـەو پایـەی چاكەكانی ئادەمیزادە لەتەرازووی كردەوەدا.

کاری کۆمەکی دەروون لێرەدا بەهانا هاتن و ئاگادار کردنەوەی گشت کۆمەڵی ئادەمیزاد بووبەگشتی لەوچەند کردارو کردەوانەی کەکار لەتەرازووی باوەڕ دەکەن و بەڵای خراپە دایئەشکێنەوە لەلایەك لەلایەکی تر ئەنجام دانی ئەم جۆرە کردارو کردەوانە دەبێتە هۆی کار کردن لەسەر دڵ و دەروونی ئادەمیزاد بەجۆرێك هەر کردەوەیەك بەشێوەیەك کارو کاردانەوەی خۆی دەکاتە سەر ئادەمیزاد بەگوێرەی کار کردنیان لەسەر کردەوە چاکەکانی ئادەمیزاد لەبەر ئەوەی ئەم کردەوەچاکانەی کە ئادەمیزاد لەژیانی دا ئەنجامی دەدات لەتەرازووی باوەڕ بۆی پاشەکەوت دەکرێت وەبەگوێرەی کەمیو زۆری ئەم کردەوانە دڵ و دەروونی هەست بەخۆشی دەکاتو هێزی ئارام گرتنی پێ دەبەخشرێت بەرامبەر بەو تەگەرانەی کەدێنە پێشیەوە و بەسەریدا زاڵ دەبێت.

واتە چاکەکانمان بەکارێکی تازە بوونەوەی دەروون هەڵدەستن وەئەم کردەوانەی کەئێستا باسیان دەکەین هەریەکێکیان جۆرە کردارێکی هەیە لەسەر کۆمەڵ و تاك دا بەجۆرێك هەندێکیان کار لەدەروونی ئادەمیزاد خۆی دەکات وەکو هاوبەش دان بۆ خوداو باوەڕ بەجادووکەر وەهەندێکیان کار لەبەرامبەر دەکات وەکو حەسودی ریابازی وەهەندێکیان کار لەگشت کۆمەڵ دەکات وەکو بیدعە و دووڕووی پشتیوان بەخودای گەورەو میهرەبان بەکورتی باسی ئەم کردەوانە دەکەین بەپێی قورئان وفرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

باسی یەکەم

کردەوە لەناو بەرەکان:

بریتین لەو سێ کردەوانەی کەدەبنــە هۆی لـەناو چوون و ڕەش کردنـەوەی گشت کردەوە چاکەکانی پێش خۆیان ئەوانیش:

هاوبەشی دانان بۆ خودا، دووڕوویی(نفاق) واز لەنوێژ هێنان:

وەئەم کردەوانە بۆیە پێیان دەڵێن لەناو بەرەکان چونکە دەبێتەهۆی بەتاڵ کردنــی تـەوازووی چاکـەو داشـکانی بـەرەو خراپـەو کارکردنیــان لەســەر دڵ و دەروونــی ئادەمیزاد بەجۆرێك هەموو سیفەتێکی ئادەمیزاد لەناو دەبەن.

ئەدی چۆن کاتێك تۆ باوەڕت بەبوونی خودای گەورە نەبێت یان تۆچەند بــت و دارو شتی بینراو دەپەرستی ودەیان کەیە هاوبەش بــۆ خـودای گـەورە و میـهرەبان ئایا ئەوە لەناو بردنــی هەستی مرۆڤایـەتی نی‌یـە کـاتێك تـۆ بتێك کەلـە جێگـای خـۆی وەستاوەویێ دەنگە یان کەسێك یان هەر شـتێکی‌تر لـەخۆت گـەورەتر بزانـی و بـی پەرستی و کرنۆشی بۆببەی ئایا ئەوە کەم کردنەوەی نی‌یە لەپلـەی ئـادەمیزادییت، کەچۆن تو بیرناکەیتەوە لەو شتانە چۆن بیر لەئاسمان و لەدەورووبەرت ناکەیتـەوە کەتەنها خودای گەورە داهێنەری گشـت گـەردوونـە هـەر خـۆی بەخشـەرو ڕۆزیـدەرو کەسی‌تر هاوبەشی ناکات.

کردەوەی یەکەم

هاوبەشی دانان بۆ خودای پەروەردگار:

<u>مەبەست لە:</u>

هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە واتە دانانی سـیفەتێك لەسیفەتەکانی خـودا و پـاڵ خستنی بۆ کەسێکی یان شتێك وەکو سیفەتی غەیب زانین.

یەکێك لە سیفەتەکانی ئادەمیزاد لەکاتی لەدایك بوونی‌یەوە هەتاوەکو مردنی هەست کردنی‌یەتی بە بونی خودایەك (واتە هەست دەکات بەداهێنەرێك وەیەکێك لەو تەگەرانەی کەتووشی ئادەمیزاد بووە لەم بارەیەوە هاوبەشی دانانە بۆ خودای گەورەو میهرەبان.

وەبەم جۆرە ئەم کارە بووە هۆی سەرلێ شێواندنی خەڵك لەلایەن چەند کەسانێکەوە بەناوی پیاوانی ئاین وە دەستیان کرد لە استغلال کردنیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان کەئەویش سەرکردایەتی و دەوڵەمەند کردنی خۆیان بوو لەسەر حیسابی ئەو کۆمەڵە هەژارە ئەویش بەرێگەی دانانی هاوبەشی بۆ خوداو دانانی چەند خودایەك وەداوای پەرستنی ئەم خودایانەیان دەکرد لەکۆمەڵەکەو داوای قوربانیان لێدەکردن، هەروەها هاوبەشی دانان بۆ خودا سەرچاوەی گەلێك لەشەڕو ئاژاوەکانی مرۆڤایەتی بوو لەمێژووی دوورو رابردوودا چونکە ئەم دەستەیە ئەم کارەیان وەکو چەکێك بەکار دەهێنا بۆ بەستنەوەی مێشك و فکری خەڵك لەبوارێکی تەسکدا وەهانی کۆمەڵیان دەدا هەرکەس للای خۆیەوە بۆ بەسەر خستنی ئەو خوایانەی ئەو دایناوە وە لەوئەنجام دا شەڕ هەڵ دەگیرسا لەنێو کۆمەڵ دا وەچەندین کەس لەناو دەچوون و ماڵیان بەتاڵان دەبردرا.

بەم جۆرە کۆمەڵ رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو پێش نەدەچوو وەبەرەو دواوە دەگەڕایەوەو نەهامەتی کۆمەڵی گرتبۆوە.

وەبۆ رزگار بوونی کۆمەڵ خودای گەورەو میهرەبانچەندین پەیامی بۆ زەوی ناردە خوارەوە کەلەکۆتایی هەموویان پێغەمبەر(ﷺ) بوو ئەویش لەرێگەی هۆشیار کردنەوەی خەڵك و داوای لێ کردنیان بۆ باوەڕهێنان بەخودای تاك و تەنیاو واز هێنان لەهاوبەشی دانان بوو بۆ خودای گەورەو میهرەبان وەنەڤ سیفەتی بابایەتی

و کوڕایەتی‌یان کرد وەبەم جۆرە تاوەکو ئاخر پێغەمبەر ئەم کارە بەردەوام بوو هەروە کو خودای گەورەو میهرەبان لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿قل هو الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد﴾

بەڕاستی باوەڕهێنان بە هاوبەشی بۆ خوا (تعدا) کردنە لەسەر (ذاتی) خودای تاك و تەنیا، لەبەرئەوەی کاتێك تۆ باوەڕ دەهێنی بەهەر هاوبەشێك بۆ خودا وا دەگەێنێت کەتۆ (ذاتی) خودا تاوانبار دەکەی بەنەتوانین کەئەمەش پێچەوانەی هەموو بەڵگەیەکی بینراوە وە بەهیچ جۆرێك مێشك قەبوولی ناکات لەبەرانبەر توانای خودا دا.

هەروەها لەبەر گەورەیی ئەم گوناهە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەیەکێك لەیاساکانی بڕیاری داوە کەبەهیچ جۆرێك لەوکەسانە خۆش نابێت لەرۆژی دوایی‌دا کەهاوبەشیان بۆ داناوە کەدەفەمووێت: ﴿ان الله لايغفر ان يشرك به ويغفر مادون ذلك لمن يشاء ومن يشرك بالله فقد افترى اثما عظيما﴾ النساء: ٤٨

واتە خودا خۆش نابێت لەوەی هاوبەشی بۆ بنرێت و هیچ شتێك بکرێ بەهاوبەشی وەخۆش دەبێت لەهەر گوناهێك بێجگە لەوە لەرۆژی دواییدا چونکە لێ خۆش بوون لەدەستەڵاتی خوادایە هەرچەندە گوناهیشی کردبێ جگە لەهاوبەش پەیدا کردن چونکە ئەو کەسە گوناهێکی زۆر گەورەی کردووە و بۆیە لێ خۆش بوون نایگرێتەوە وەهەر لەبەر گەورەیی ئەم کردەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەکانی‌دا کەباسی گوناهە گەورەکانی کردووە دانانی هاوبەشی بۆ خودا لەپێشەوەی گوناهە گەورەکان داناوە کە دەفەرموێت: **(الا انبئكم باكبر الكبائر ثلاث: الاشراك بالله ، وعقوق الوالدين، وشهادة الزور)** رواە مسلم

واتە گەورەی هەرە گوناهە گەورەکان سێیە یەکەمیان هاوبەش دانان بۆ خودا، دووەمیان ئازار دانی دایك و باوك، وسێیەمیان شایەدی بەدرۆدانە.

گەورەیی ئەم کردەوەیە لەوە ناوەستێت بەڵکو دەبێتە هۆی لەناو چوونی کردەوە چاکەکانیشمان کەلەپێش ئەم کردارە بەد ناوە ئەنجام دراوە وەخودای گەورە وەکو ئاگاداریەك بۆ ئادەمیزاد یاخود بڵێین بۆ هۆشیار کردنەوەی ئادەمیزاد بۆ دوور کەوتنەوەی لەو کردەوەیە دەفەرمووێت:

﴿ولقد اوحی الیك والی الذین من قبلك لئن اشرکت لیحبطن عملك ولتکونن من الخاسرین﴾

لێرەدا خودای گەورە مەبەستی پێغەمبەرمانە (ﷺ) کەپێی دەلێت کەبەتۆو بە پێغەمبەرەکانی پێش تۆش گوتراوە و ڕاگەیاندراوە کە جگە لەخوا یەکێکیتر بپەرستی هەموو کردەوەت لێ ڕەش دەبێتەوەو دەچیتە ریزی ئەو کەسانەی کەزەرەرمەندو رەنجەڕۆن.

لێرەدا خودای گەورە نموونەیەکمان بۆ دەهێنێتەوە بۆ سوور بوونی کەلەو گوناهە خۆش نابێت هەرچەندە چاکەکانت زۆر بێت کەپێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر ئەم گوناهە بکات هەموو کردەوەکانی ڕەش دەبێتەوەو دەچێتە ریزی دۆڕاوەکان ئەی ئەگەر ئێمە بیکەین کە کردەوە چاکەکانمان بەرامبەر بە چاکەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ناکاتە خالێك لە دەریایەك وەبۆ هەمان مەبەست خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی سەرلێ شێواویی و دڵە ڕاوکێی هاوبەش دانەرەکانمان بەم شێوەیە بۆ باس دەکات کە دەفەرمووێت: ﴿...ومن یشرك بالله فکأنما خر من السماء فتخطفه الطیر او تهوی به الریح فی مکان سحیق﴾ الحج: ٣١

واتە هەرکەسێك هاوبەش بۆ خودا دابنێ وەکو ئەوە وایە کە بەربێتەوە لەئاسمان و باڵندە بیگرێتەوە وەبی قەپێنێ یان باڵی پێوە بنێ بەرەو شوێنێکی دوورو لەناو بەر.

وەلەبەر گەورەیی ئەم گوناهە لەناو بەرە وام بەچاك زانی هەندێك باسی جۆرەکانی هاوبەشی دانان بۆ خودا بکەم کە ئەویش دابەش دەبێتە سەر سێ بەش:

١- الرزق (رۆزی دان) **٢- عباده الاصنام (بت پەرستی)**

٣- باوەرنەکردن بەشتێك لەو شتانەی خودای گەورە باسی کردووە لەنەبینراوەکان.

١- سامان و دارایی دان (الرزق)، رۆزی دان:

لەلای هەموو ئادەمیزادێك روون و ئاشکرایە کەوا هیچ کەسێك لەتوانای‌دا نی‌یە کەببێتە داهێنەری و سوودی پێ بگەیەنێ وهەردەم ببەخشێ‌و هیچ وەرنەگرێت لەبەرامبەری دا، بەڵکو بەندە هیچی لەدەست دانی‌یە لەسوود گەیاندن یاخود رێگەگرتن لەپەرەسەندنی ئەم ئادەمیزادە بەڵکو خودا تەنها خاوەنی سوودو رێگە گرتن و هەموو ئەو شتانەیە کە پێشکەش دەکرێت بەئادەمیزاد بەبێ بەرامبەر.

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿ما يفتح الله للناس من رحمة فلا ممسك لها وما يمسك فلا مرسل له من بعده وهو العزيز الحكيم﴾ فاطر: ٢

واتە هەر چاکەو بەهرەیەك خودا بەرە لای بکات و بینێرێ بۆ خەڵکی وەهەر رەحمەت و بەزەیی یەکی خۆی دەربارەی هەر کەسێك بکات لەهەر روویەکەوە هیچ کەسێك و راگیر کەرێك لەتوانای دا نی‌یە رێگای لێ بگرێ لەپاش ناردنی وەبە پێچەوانەوەش وەتەنها خودای گەورە زاڵە بەسەر هەموو شتێك دا، بەڵێ تەنگی‌و تاریکی توانای نی‌یە بەرامبەر بەبەزەیی وتوانای خوادا وەهەرکەسێك بەزەیی خودای لەگەڵ دابێت ئەم باوەرە دڵی رووناك دەکاتەوە بەتیشکی توانای خودا

وەدڵی بەرەوئارامی دەبـات بالـە هـەر شـوێنێکیش دا بژیـت بازیـانیش گـران بێـت بەڵکو هەردەم هەست بەئارامی دەکات و سەردەکەوێ بەسەر هەموو ئەو تەگەرانەی کەدێتەپێشیەوە با هەموو ئادەمیزادی جیـهان لـەدژی رابوەسـتن و رێگـەی دەسـت کەوتنی رۆزی لێ بگرن باهـەوڵ بـدەن و نەخشـە بکێشـن بـۆ لـەناو بردنـی ئـابووری ئەمانە هەموو هیـچ نی‌یـە بەرامبـەر بـەقاپی خـودای گـەورە کـە هـەردەم کراوەیـەو هەموو ئەم پیلانانە لەناو دەبات.

بەلام بەداخەوە کەوا دەبینین هەندێك کەس هەن باوەریان وایە کەچەند کومەلێك لەتواناایان دایە سوودیان پێ بگەیەنن وسامان ودارایی‌یان پێ بدەن وەهەمیشە هەوڵ دەدەن لێیان وەربگرن بەلام بێ سوودەو هەرچەندی دەکەن ناگەنە مەبەست لەبەرئەوەی بیرناکەنەوە کە خودا داهێنەرو سامان دەرەوە ئەوەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە گشتی هاوبەشی دانانە بۆ خودا وادەزانن ئەگەر لەو کۆمەڵە دابڕین سامانیان دەبڕێت وکەم دەبێتەوە بۆیە هەوڵ دەدەن بەهەر چۆنێك بێت دڵی ئەوکومەڵە ڕازی بکەن وەرچی‌یەکیان بووێت پێ‌ی هەڵدەستن بەبێ پرسیار کردن لەجۆری ئەو کارەو بۆ پێ‌ی هەڵبستن، ئەمەش گشتی‌دەگەرێتەوە بۆ باوەڕی ئەم جۆرە کەسانە بەخودای گەورەو میهرەبان چونکە هەموو کەسێك کەباوەڕی هەبێت بەخودای گەورە لەسەری دا واجبە کەباوەڕی هەبێت کەتەنها خودا ڕۆزی‌و سامان دەدات و کەم و زۆر دەکات بەپێی زانینی خۆی بەسەر هەموو شتێك دا وەخۆی دەزانێت بەرژەوەندی لەچی دایە کاتێك سامان و دارای فراوان دەکات بۆ کەسێك و چ کاتێك پێویستە وەچ کاتێك کاتی فراوان کردنە بۆیە دەلێم فراوان کردنە چونکە خودای گەورە رۆزی بۆ هەموو کەسێك داناوە لەکاتی لەناو سکی دایکی دایە تاوەکو رۆژی مردنی ئەمەش بەگوێرەی ژیانی دەبێت بەلام سامانی هەندێك کەس فراوان دەکات بۆ چەند مەبەستێك کەهەر خۆی دەزانێ هۆی چی‌یە یاخود کەی

دەکاتەوە پاش فراوان کردنی خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:

﴿اللّٰه يبسط الرزق لمن يشاء من عباده ويقدر له ان اللّٰه بكل شيء عليم﴾

العنكبوت: ٦٢

واتە خودا رۆزی فراوان دەکات بۆ هەر کەسێك لەبەندەکانی کەخوا مەیلی ببێ وتەنگ و کەمی دەکات بۆ ئەو کەسەی کەفراوانی کردوە بۆی لەبەر ئەوەی خودا لەهەموو شتێك زانایەو ئاگادارە.

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿يا ايها الناس اذكروا نعمت اللّٰه عليكم هل من خالق غير اللّٰه يرزقكم من السماء والارض لا اله الا هو فأنى تؤفكون﴾ فاطر: ٣

واتە ئەی ئادەمی بەتێکرایی بیربکەنەوە لەچاکەی خودا بەسەر تانەوەو باسی بکەن ئایا هیچ دروست کەرو داهێنەرێکی تر هەیە لەخودا کەرۆزیتان بدات لە ئاسمان و زەوی یەوە؟ کەواتە بۆچی یادو باسی ئەو خودایە ناکەن بەتاك تەنیا و سوپاسی ناکەن؟ بێگومان هیچ پەرستراوێکی راستەقینە نی یە بێجگە لەو خودایە دروستکەرو رۆزیدەرە کەواتە چۆن ئێوە لائەدەن و رووو وەردەگێرن لەوبروا راستەو لەو پەرستنە راستە، بەراستی جێگای داخە ئادەمیزاد بەو هەموو تەواوی بیرومێشکیەوە وابیر بکاتەوە رۆزی لەدەستی کەسانیتردا هەیە بێجگە لەخوداو توانای سوودو زەرەر گەیاندنیان هەیە، ئادەمیزاد کاتێ بیر لەو کەسانە دەکاتەوە سەری سوردەمێنێ کەچۆن ئەمانە بەم شێوەیە لایان داوە لەو رێگا راستە وەسوپاسی خودا ناکەن بەلکو تەنها گوێ رایەڵیشی ناکەن زۆر بەداخەوە وەخوای گەورە لە قورئانی پیرزدا دەفەرموێت: ﴿امن هذا الذي يرزقكم ان امسك رزقه بل لجوا في عتو ونفور﴾ تبارك: ١٢

واتە ئایاکێ دەتوانێت سامان و ڕۆزی تان بدات ئەگەر ئەو خودایە هۆیەکانی لێ گرت؟ بەڵکو لەدڵ ڕەقی و گەورەیی خۆیان بەردەوام بوون و لەرێگای ڕاست ودوور کەوتنەوە.

خوێنەری بەرێز هەموو بەڵگە بینراوەکانی پێشمان هەموو بۆ چوونەکانی ئەو کەسانە بەدرۆ دەخاتەوەو بچوکترین نموونەش ئەو زیندەوەرە بچووکانەیە کە چۆن خودای گەورە ڕۆزیان دەدات یان ئەو باڵندانەکە سەیریان دەکەین چۆن خۆراکیان دەست دەکەوێت.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: **(لاتياس من الرزق ماتهز هزت رؤوسكما فان الانسان تكدة امة احمر، ليس عليه قشرة ثم يرزقه الله عز وجل)** رواه ابن ماجة

واتە دڵ تەنگی نەتان گرێت کاتێك ڕۆزیتان سەرتان لێ دەشێوێنی وکەم زیاد دەکات لەبەر ئەوە ئادەمیزادکاتێك لەدایك دەبێت تەنها توێکلیشی پێوەنیە لەپاشان خودای گەورە رۆزی وسامانی دەداتێ لەکۆتاییدا دەڵێم هەرکەسێك کەتەنها بیری بۆ ئەوە بچێت کە کەسێك یان هەر شتێك دەبێتە هۆی رۆزی داتی ئەوا ئەو کەسە هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکات و لەرێگای ڕاست لادەدات و دەردەچێت، وە یەکێك لە گوناهە گەورەکان ئەنجام دەدات.

لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەو داوای ڕۆزیان لێ دەکات ئەوانە لەتوانایان دانیە تەنها بەقەدەر دەنکە گەنمێك ڕۆزیان بدەنێ بەڵکو خودا خاوەنی هەموو شتێکە کەواتە پێویستە داوای ڕۆزی لەو بکەن ڕووی خۆمان وەربگێرین بۆلای خوداو داوای لێ بکەن ئەویش بەزانایی خۆی ڕۆزیمان بۆ فراوان دەکات.

٢- بت پەرستی (عباده الاصنام)

خراپترین و گەورەترین پیلان و کردەوە کەتووشی ئادەمیزاد بوو لەسەر دەمی کۆن وتازەدا (فتنة القبور)بووکە دەبێتە هۆی لەخشتە بردنی ئادەمیزادو ڕاکێشانی

بەرەو هاوبەشی پەیدا کردن بۆ خودای گەورە و میهرەبان بەکردارێکی دارێژراو وبە جۆرێك کە ئەو کۆمەڵە ئەو قەبرانەیان پەرست و چەند هەیکەلێك و شێوەیەکیان لەسەر دروست کردن وێنەی ئەوانەنیان لەسەرکێشا.

وەبەرە بەرەتاوەکو ئەم بتانەیان لەگەڵ خودای گەورە پەرست بت پەرستی هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کەدەپەرسترێ لەبەردو دارو رۆژو ئاگرو...هتد، لەپاڵ پەرستنی خودای گەورە یاخود بەبێ پەرستنی خودای گەورەو میهرەبان کەخودای گەورە لەقورئانی پیرۆز دابۆمان باس دەکات، کەدەفەرموێت: ﴿قال نوح رب انهم عصوني واتبعوا من لم يزده ماله وولده الا خسارا﴾ نوح: ٢١

وەهەروەها دەفەرمەێت: ﴿وقالوا لا تذرن آلهتكم ولا تذرن ودا ولا سواعا ولا يغوث ولا يعوق ونسرا﴾ نوح: ٢٣

وەبۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم کارە بۆ بارەداران خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فاجتنبوا الرجس من الاوثان﴾

بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆمان دا لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنە لەبواری زانست و زانیاریدا ئامیزاد ئەگەر بێت و هەندێك بیر لەچۆنیەتی دروست کردنی خۆی بکاتەوە، دەگاتە ئەوەی کەتەنها خودای گەورە شایستەی پەرستنەو ئەو بت و داراو بەردانە هیچیان لەدەست نایێت لەڕووی سوود پێ گەیاندن و بەخشین بەڵکو لەشوێنی خۆیان وە ستاون و ناتوانن تەنها جوولەیەکیش بکەن و لەجێگای خۆیان دابجولێنەوە وەئەم هۆکارەش بەخراپترین لەناوبەردەنرێت بۆ دەروونی ئادەمیزاد کەچۆن ئەوبتەی کەبەدەستی خۆی دروستی دەکات کڕنۆشی بۆ دەبات و داوای شتی لێ دەکات ئەی ئەوەکەم کردنەوە نیە لەشوێنی ئادەمیزاد کە بەو هەموو بیرو زانیاریەی کە خودای گەورە پێی داوە هەڵدەستێ بەپەرستنی داروبەردو ئاگر

و ڕۆژ...هتد، کەبەرەو سەدی بیست و یەك دەچین و دنیا لـەو پـەڕی پێشـکەوتن و پێکەوە بەستن و نزیك بوونەوەی شارستانیەتی دایە هەندێك لەو کۆمەڵانە هێشتان بەو کردارە هەڵدەستن.

وەلەبەر گـەورەیی ئـەم کـردارە کـە بـەخراپترین کـردەوەو ڕەوشـتی ناشرینترین ئادەمیزاد دادەنرێت بەرامبەر خودای گەورە بۆیە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: کەخراپترین سزایان دەدات لەبەر ئەوە بیرکردنەوە ئـەو هەلبەسـتێنەی کەبەخودای گەورە دەکەن بەهۆی ئەو گومانە خراپانـەی کـە بیریـان لێ دەکەنـەوە:

﴿ويعذب المنافقين والمنافقات والمشركين والمشركات الظانين بالله ظن السوء عليهم دائرة السوء وغضب الله عليهم ولعنهم وأعد لهم جهنم وساءت مصيراً﴾ الفتح: ٦

وەهـەروەها جگـە لەپەرستنی دارو بـەردو ڕۆژ...هتـد هـەندێك کـەس وا دەزانـێ کەسەرۆکەکانیان لەتوانایان دامەیە کە زەرەرو قازانج وداهاتووی خەلك دیاری بکەن ئەمەش جۆرێکە لەهاوبەش دانان لەسیفەتێك لە سیفەتەکانی خـودای گـەورە، بۆیـە ئاینی موسڵمانیەتی داوای لەم کۆمەڵە دەکات بۆ ڕزگاری بوون لەم کۆمەلایەتی‌یەدا کەدەفەرموێت:

﴿قل يأهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم الا نعبد الا الله ولانشرك به شيئاً ولا يتخذ بعضنا بعضا ارباباً من دون الله فإن تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون﴾
آل عمران: ٦٤

حەزوو ئارەزوو یەکێکە لەوشتانەی کەئادەمیزاد لەسەرەتای دروست بوونیەوە لەباوکە ئادەم و دایکە حەواوە تاوە کو ئێستا کاری لێ دەکات، بەجۆرێك بەدوای دەکەوێت و بەگوێی داوایەکانی دەکات و لەپێناویدا بەخت دەکات هەموو شتێکی بەرزو بەنرخ هەرچەندە ئەمەش ببێتە هۆی زەرەر پێ گەیاندن و لەناو چوونی

لەهەندێك كات دا كە دەفەرموێت: ﴿افرايت من اتخذ الهه هواه واضله الله على علم وختم على سمعه وقلبه وجعل على بصره غشاوة فمن يهديه من بعد الله افلا تذكرون﴾ الجاثية: ٢٣

٣- باوەڕ نەكردن بەشتێك لەو شتانەی خودای گـەورە باسـی كـردوە لەنـەبینراوەكان (الغیب):

هەمووشتێك بەپێچەوانەی خۆی دەناسرێت، رەش بەهۆی سپی دەناسرێت هەروەها بەم جۆرەش باوەر بەكفر دەناسرێت.

باوەڕ بریتی‌یە بەبڕیاردان بەبوونی خودای گەورە و باوەڕ هێنان بەهەموو شتێك كـە پێغەمبەر (ﷺ) بۆمانی هێناوەو لـەخودای گـەورە و میـهرەبانی گێراویەتـەوە، واتـە لەسەر موسڵمان دەبێت باوەڕی هەبێت بەهەموو ئەوشتانەی كەپێویسـتە بـۆ تـەواو كردنـی باوەرەكـەی كـەدەبێت بـاوەڕی هـەبێت (بـەخودای گـەورەو، رۆژی دوایـی، فریشتەكان،پێغەمبەران، القدر (نوسراو)، كتابەكانی خودای گەورە).

وەنـا بێت موسـڵمان بـاوەڕی هـەبێت بەهـەندێك و بـاوەڕی نـەبێت بەهـەندێكی تـر لەبەرئەوەی هەر كەسێك وابكات ئەوا دەردەچێـت لـەئایینی موسـڵمانیەتی وەلەبـەر ئەوەی شوێنێكی ناوەندی نیە لەنێوان كفرو باوەڕدا، وەهیـچ شـك و گومـانی تیـادا نیە كەباوەڕ بوون بـەخودای گەورە سـەرچاوەی گشـت خـێرو خۆشـی‌یەكە لەسـەر ڕووی زەوی دا وەباوەڕنـەهێنان پـێ‌ی دەبێتـە سـەر چـاوەی هـەموو خراپیـەك و نەهامەتیەك باوەر هێنان بە خوای گەورە وا لە ئادەمیزاد دەكات كە بە شـێوەیەكی نمونـەیی‌و رێـك پێـك كردەوەكـانی لەگـەڵ دەوروبـەری‌دا رێـك بخـات ئەمـەش سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ باوەر هێنان بەوەی كە خـودای گـەورە ئاگادارە بـە كردەوەكانی دیارو نادیاری گە ئەنجامی دەدات بۆیە ڕێگای ڕاست دەگاتـە بـەر لـە كاتی ئەنجام دانیان دا.

کردەوەکانی دیارو نادیاری کە ئەنجامی دەدات بۆیە ڕێگای ڕاست دەگاتە بەر لە کاتی ئەنجام دانیان دا.

وە باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی دەبێتە هۆی ڕۆیشتنی خەڵك و ڕاستە ڕێ بوونیان لەسەر پەیامی موسڵمانیەتی وە لە پێناو ڕازی بوونی خودای گەورەد ڕێگای چاکە دەگرنە بەر.

وە باوەڕ هێنان بە خودای گەورە وا لە دەروونی ئادەمیزاد دەکات کە هەست بە ئارامی بکات بە جۆرێك وەکو تریسکانێك دڵی ڕووناك دەکاتەوە لە تاریکی دونیادا بە پێچەوانەوە ئادەمیزاد هەردەم هەست بەوە دەکات کە هەردردەم لە ژیانی ناتەواویو بۆشایی و کەم و کوری هەیە بە جۆرێك کە بۆشاییێك پر دەکاتەوە بۆشایەکی تر سەر هەڵدەداتەوە باشترین ڕێگا بۆ ڕزگار بوون لەم نەخۆشی‌یەدا لەسەر ئادەمیزاد پێویستە خودای گەورە یاد بکاتەوەو لە بیری نەکات لە کاتی ئەنجام دانی کردارەکانی‌دا وە بەم جۆرە ئارامی تووشی دڵ و دەروونی دەبێت کە دەفەرموێت:

﴿الذين آمنوا وتطمئن قلوبهم بذكر الله ألا بذكر الله تطمئن القلوب﴾

الرعد: ٢٨

جگە لە مانەی باسمان کرد یاد کردنەوەی خودای گەورە لە کردارەکانمان دا ڕێگەیەکە بۆ دەست کەوتنی لێهاتوویی‌و زانیاری کە بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ خۆشی ئادەمیزاد لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە هەردەم خودای گەورەی لە یادە وای لێ دەکات کە بیر لە دروست کراوەکانی خودای گەورە بکات و بە دوای زانینی هۆیەکانی دروست کردن بگەڕێت لە ژیاندا وە سەر بکەوێت بەسەر ئەو تەگەرانەی کە دێنە پێشەوە لە ژیانی‌دا بە جۆرێك کە بڕیاری لەجێو ڕێگای ڕاست بگرێت.

٣- دووڕوویی (النفاق)

دووڕوویی بریتی‌یە لەیەك نەگرتنی قسەو کردەوەی خاوەنەکەی واتە بەقسە شتێك دەڵێت وەبە کردەوەش شتێکی تر دەکات.

وە دووڕوویی دوو جۆری هەیە یەکەمیان دووڕوویی لەباوەڕ وە دووەمیان دووڕووی لەکردەوە.

وەبابەتی ئێمە یەکەم بەش دەگرێتەوە واتە دووڕووی لەباوەڕ.

دووڕووی لەباوەڕ دووەم کردەوەیە لەکردەوە لەناو بەرەکان کەدەبنە هۆی لەناو چوونی کردەوە چاکە کانمان پاش هاوبەش دانان بۆ خودا.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیفەتە خراپەی کە ئەو کۆمەڵە پێی هەڵدەستن کەجۆرێك لەفێل وغش بەکاردەهێنن لەگەڵ موسڵمانان دا بۆ ئەوەی (رضای) موسڵمانان بەدەست بهێنن لەلایەك و لەلایەکی‌تردا بۆ ئەوەی لەتوڕەیی کۆمەڵ موسڵمانان دڵنیا بن‌و بتوانن لەنێوانیاندا بژین بەبێ ئەوەی تووشی هیچ تەگەرەیەك بن و لەدەرەوەش کاتێك لوە کۆمەڵە دادەبڕێن ناوی موسڵمانان پیس دەکەن کاتێك بەو کردەوە خراپانە هەڵدەستن ئەم هۆکارەش لەلایەن هەموو کەسێك دیارە کەڕۆژێ چەندین کەس لەو جۆرە کەسانە دەبینین کەلەمزگەوت لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان نوێژ دەکات وبەڕەواڵەت زۆر خوێن شیرینەو دڵسۆزو بەباوەڕدار دیارە بەڵام کە دەچێت بۆ کار یان هەر کردەوەیەکی‌تر بێت سەیر دەکەی چەندین پیلان و غش لەگەڵ برای موسڵمانی دەکاتو بەناوی موسڵمانێتی لەخشتەی دەبات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە کەئەو جۆرە کەسانە لەدوو دڵی دان لەباوەڕهێنانیان بەخودای گەورە و میهرەبان وە هەردەم لەدڵە ڕاوکێ دان بەرامبەر بە باوەڕیان بەخودای گەورە وە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەموێت: ﴿ومن الناس من يقول امنا

باللّٰه وبالیوم الاخر وماهم بمؤمنین، یخادعون اللّٰه والذین امنوا وما یخادعون الاانفسهم وما یشعرون﴾ البقرة: ٨-٩

ئەم دوو ئایەتە ڕاستی ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ دیاری دەکات و سیفەتی باوەڕداریان لێ دووزدەکاتەوەو بەدرۆزن وفێڵ باز ناویان دەبات کە ئەمانە فێڵ لەخوداو موسڵمانان ناکەن بەڵکو فێڵ لەخۆیان دەکەن هەر لەسورەتی (البقرة) لە (١٢) ئایەتی یەکەم دا خودای گەورە لە (٢) ئایەت باسی موسڵمانان و لە (٢) باسی کافرەکان دەکات بەڵام بە (٧) ئایەت باسی منافقەکان دەکات ئەمەش لەبەر گەوەیی ئەو کردەیەو گرانایی لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان.

وەدەڵێن موسڵمانان باوەڕیان بریتی‌یە لەکەمی عقل وزانین واتە موسڵمانان لەبێ مێشکی خۆیان باوەڕیان هێناوە وگاڵتە بەموسڵمانان دەکەن.

﴿واذا قیل لهم امنوا کما امن الناس قالوا انؤمن کما امن السفهاء الا انهم هم السفهاء و لکن لایعلمون ﴾ البقرة: ١٣

بەم جۆرە بەردەوام بوون و گەمەوگاڵتە پێ کردن بە موسڵمانان بووە هۆی ئەوەی کەدڵی ئەو جۆرە کەسانە بەتاڵ ببێتەوە لەباوەڕی ڕاست وە دوور بکەونەوە لەڕێگای ڕاست و بەرەو هەڵدێرو لەناو چوون بچن بەجۆرێك کەوابیر بکەنەوە کەدەتوانن لەلێپرسینەوەی خودا ڕزگاربن ئەمەش هەمووی لەبەر پیس بوونی باوەڕیان بەخودای گەورەو هەست کردنیان بەوەی کە دەتوانن فێل لەخوداو پێغەمبەر (ﷺ) بکەن کەخودای گەورە بۆ ڕوون کردنەوە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿ان المنافقين يخادعون الله وهو خادعهم واذا قاموا الى الصلواة قاموا كسالى يراءون الناس ولا يذكرون الله الا قليلا﴾ النساء: ١٤

وە یەکێك لەرەوشتەکانی منافقەکان بەدرۆ باوەڕهێنانە واتە درۆزنن و درۆ زۆر دەکەن لەقسەکانیان وە ئەمەش بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەیە هەر بۆیە خودای گەورە سورەتی منافقون بەم ئایەتە دەست پێ دەکات کەدەفەرمووێت:

﴿اذا جاءك المنافقون قالوا نشهد انك لرسول الله والله يعلم انك لرسوله والله يشهد ان المنافقين لكاذبون﴾ المنافقون:١

وە بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم کردارە خراپەو پەیوەندی توندی ئەو کەسانە و رۆیشتنیان لەسەر ئەو رێگایە بەجۆرێك کە هەر سوێند بەدرۆ دەخۆن تاوەکو رۆژی قیامەت بەڵکو کار لەمەش ناوەستێت بەجۆرێك لەرۆژی قیامەتیش لەکاتی لێپرسینەوە پەنا دەبەنە بەهەمان رێگا واتە بەدرۆ سوێند دەخۆن کە دەفەرموێت:

﴿يوم يبعثهم الله جميعا فيحلفون له كما يحلفون لكم ويحسبون انهم على شيء الا انهم هم الكاذبون﴾ المجادلة: ١٨

وەلەبەر ئەوە ئەم جۆرە کەسانە هەرچەندە خێرو چاکە بکەن لێ یان وەرناگیرێت وەهەردەم لێیان رەش دەبێتەوەو بەسەریان دادەرێتەوە لەبەر ئەوکارە خراپەی کەپێی هەڵدەستن وە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل انفقوا طوعا او كرها لن يتقبل منكم انكم كنتم قوما فاسقين﴾ التوبة: ٥٣

وەهەر لەبەر گەورەیی و خراپی ئەم کردەوەیـە خـوای گـەورە رەدی داوای پێغەمبـەر (ﷺ) دەداتەوە کە دەفەرمووێت: ﴿سواء عليهم استغفرت لهم ام لم تستغفر لهم لن يغفروا الله لهم ان الله لايهدي القوم الفاسقين﴾ المنافقون: ٦

وە بۆ بەدیار خستنی و ناسینی ئەم کۆمەڵە بەشێوەیەکی باشتر لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە بۆمان ڕوون دەکاتەوەو بـە (فاسـق) ناویـان دەبـات ئەمـەش لەبـەر ئەوەی ئەم کۆمەڵە یەکەم جار باوەڕیان هێنـا بـەڵام لەپاشـان پەسـیمان بوونـەوەو کافر بوون پـاش بـاوەڕ هێنانیـان وە ئـەوان باوەڕیـان بـەڕۆژی دوایـی نی‌یـەو هیـچ حسـابێك بـۆ خـودا دانـانێن تەنـها حسـاب بـۆ دەوروو بـەری خۆیـان دەکـەن لـەو خەڵکانەی کەلەگەڵیان دادەژین وە کارو باری خۆیان هەر لەو سـنورە بچووکـە رێـك دەخـەن وەسـوێند بـۆ موسـڵمانان دەخـۆن بـەدرۆ بـۆ ئـەوەی ڕازیـــان بکـەن کـە دەفەرمویێت: ﴿يحلفون لكم لترضوا عنهم فان ترضوا عنهم فان الله لا يرضى عن القوم الفاسقين﴾ التوبة: ٩٦

وە دەرئەنجامی ئەم کۆمەڵەیە ئاگری دۆزەخە بـەجۆرێك کەخودای گـەورە بـەدوای دوژمنانی خـۆی دەیـان کاتـە نێـو ئـاگری جەهەنـەم کـە ئـەوانیش کافرەکـانن (بـێ باوەڕەکان) بەڵکو لە هەندێك شوێن دا پێکەوەیان کۆ دەکاتەوە لـەئاگری دۆزەخ دا کە دەفەرمویێت: ﴿ويعذب المنافقين والمنافقات والمشركين والمشركات الظانين بالله ظن السوء عليهم دائرة السوء وغضب الله عليهم ولعنهم واعد لهم جهنم وساءت مصيراً﴾ الفتح: ٦

وە دڵی باوەڕدا تسلیم بوونەوەیە بۆ خودای گـەورەو میهرەبان و بـەگوێی کـردن و گوێڕایەڵی داوایەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) و پـەیرەو کردنـی پـەیامی ئیسـلامە لەلایـەن

ئادەمیزادی باوەڕدار بەڵام ئەم کۆمەڵەیە (منافقەکان) لەبەر پیسی باوەڕیان کە هەردەم لەرزین دا بەرێ دەگرن لەئایەتەکانی خوداو بەپێچەوانەی داخوازییەکانی کاردەکەن پێوەری باوەڕ کە خاوەنەکەی لەنفاق رزگار دەکات بریتییە لەرازی بوون بەحوکمی خودا لەلایەك و لەلایەکی تریش رازی بێت بەداوەری پێغەمبەر (ﷺ) بێت لەبەر ئەوەی هەر کەسێك گوێ ڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوا وەکو ئەوە وایە کەگوێ ڕایەڵی خودای گەورەی کردووە بەمانایەکی تر گوێ ڕایەڵی داخوازیەکانی خودای گەورە بەستراوە بەگوێ ڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ﴿من یطع الرسول فقد اطاع اللّٰه﴾ النساء: ٨

کاری نفاق لەسەر کۆمەڵگادا:

بزرنیەو ڕوون و ئاشکرایە لەلای هەموو کەسێك کەخواری (نفاق) ڕەوشتێکی ترسناکە بەتایبەتی لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان چونکە هەر لەپرێك دا ئەم جۆرە کەسانە هەموو حسابێك لەموسڵمانان تێك دەدەن و بەپێچەوانەی ئەو شتانەی کە داوایان لێ دەکرا کار دەکەن و دەبنە تەگەرەو ڕێگر لەپێش موسڵمانان ئەویش بە دروست کردنی بۆ شایی بۆ کۆمەڵی موسڵمانان وە لەئەنجامدا دەبنە هۆی تێك دانی ڕیزی موسڵمانان چونکە وەکو هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کەقیادەی کۆمەڵ بکات کاتێك هەندێك لەئەندامانی لەژێرەوە هەر کارێکی وابکەن کەبە پێچەوانەی پرۆگرامی ئەم قیادەیە بێت کە بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆمەلەیەی دای داڕشتووە ئەوا ئەم قیادەیە دەکەوێتە مەتر سیەوە لەبەر ئەوەی لە (تصور)ی ئەم قیادەیەدا نییە کە ئەم کەسانە لەنێوان ڕێکخستنی دا هەیەو والێ هەڵدەگەڕێتەوەو ڕیزی قیادە تێك و پێك دەدەن وە لەئەنجامدا دەبنە سەرچاوەی زیان بۆ گشت ئەم پیلان و ڕێسایانەی کە قیاد بۆکۆمەڵی دارشتووە لەبەئەوەی هەموو بریارێك کەپەیوەندی

بەکۆمەڵەوە هەبێت لەقیادە دەردەچێت هەوەروەها بریاریش دەدات ئاخۆ چ بریارێك دەربچێت وە چی دەبێت بپارێزرێت وە بشاردرێتەوە وە هەموو ئەم شتانە کاردەکاتە سەر (معنویاتی) ئەم کۆمەڵەیە بەلەبەر ئەوەی تەنها قیادە دەتوانێت راستیو کاتی ترس و چۆنیەتی پاراستنی ئاسایش بزانێت و بی پێوی بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دای ریشتووە بۆ ئەو مەبەستە.

وە ئیمڕۆ چەندین شێوەو جۆرەها پیلانی منافقەکان دەبینین کە بەکاری دەهێنن بۆ شەڕ فرۆشتن و چاڵ هەڵکەنین بۆ کۆمەڵی موسڵمانان بەبێ سنوور و بە بەردەوامی بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن بگەنە هەموو بەشەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی جۆرێك لە دوودڵی دروست بکەن بۆ موسڵمانان و باوەڕەکەیان لێ پیس بکەن بە جۆرێك لە هەندێك کات دا کار دەکاتە ئەوەی پەیام و کردەوە موسڵمانیەکان بکەنە خاڵی دەست پێکردن و پشت بەستن بۆ سەر لێشیواندنی کۆمەڵی موسڵمانییەتی.

خودای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا شێوەو رەوشتەکانی ئەو دووڕووو ناپاکانەی بۆمان روون کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەکەس بزر نەبن وەهەموو خەڵك بیان ناسێ وە بۆ ئەوەی باوەڕداران و راست گۆیەکان تێ‌ی نەکەون ئاگاداریان دەکاتەوە لەم رەوشتە ناپاکە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تر مەبەست لە روون کردنەوەی رەوشتی ئەو کۆمەڵەیە بۆ رزگار بوون ی ئەو کەسانەیە کە بە نەزانی تێ‌ی کەوتوون تاوەکو داوای لێبووردن بکەن لە خودای گەورە کە دەفەرموێت:

﴿ ... أشحة على الخير أولئك لم يؤمنوا فأحبط الله أعمالهم وكان ذلك على الله يسيراً﴾ الحجرت: ١٩

خودای گەورە لەو ئایەتەدا رەوشتێك لە رەوشتەکانی ئەو دووڕوو ناپاکانەمان بۆ دیار دەکات کە ئەو کۆمەڵە زۆر رەزیلن لەسەر چاکە وە هیچ لە تواناو سامان و دارایی و شتی خۆیان بەخت ناکەن بۆ چاکە لەگەڵ ئەوەش دا قسەی درێژو زل دەکەن وە بێجگە لە زمان درێژی هیچی تریان لێنایەت بۆ چاکە کردن وە هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ باوەڕنەهێنانیان بە خودای گەورە و باوەر تێکەڵی دڵنیان نەبووە لەبەر ئەمە خودای گەورە کردەوە چاکەکانیشی رەش کردۆتەوە وە بەدیاری خست کە کردەوەکانیان وەرناگرێت لەبەر ئەوەی بۆ خودای گەورە نەیان کردووە بەڵکو لەبەر خەڵك کردوویانە وٚ ئەم کارەش لەسەر خودا ئاسانە لە هەموو کاتێك دا کەدەفەرموێت:

﴿ذلك بأنهم اتبعوا ما أسخط الله وكرهوا رضوانه فأحبط أعمالهم﴾ محمد: ٢٨

واتە ئەم کۆمەڵە کاریان نەدەکرد بۆ رازی بوونی خودای گەورەو بەدوای ئەو شتانە کەوتن کە بووە هۆی توڕەیی خودای گەورە لەبەر ئەوە خودای گەورە گشت کارە چاکەکانیان بەتاڵ کردوونەوەو سڕیەوە.

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) لە فەرموودەکانیدا رەوشتەکانی ئەم کۆمەڵەمان بۆ دیاری دەکات:

(عن عبدالله بن عمر (رضي الله عنهما) قال: أن النبي (ﷺ) قال: اربع من كن فيه كان منافقاً خالصاً او من كان فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعها اذا اؤتمن خان واذا حدث كذب و اذا عاهد غدر واذا خاصم فجر)

رواه بخاري

واتە چوارشت هەیە هەر کەسێك ئەم چوار شتەی لێ بێتە جێ ئەوا (منافقە) وە هەرکەسێك تەنها یەکێك لەو شتانەی تێدا بێتە جێ ئەوا رەوشتێك لەرەوشتەکانی

(منافقەکانی) تێدا بەدی دەکرێت هەتا وەکو وازی لێ دێنێت وە ئەو چوار شتەش ئەمانەیە:

١- ئەگەر ئەمانەتی لەلا بەجێ بهێنرێت خیانەتی لەگەڵ دا دەکات.

٢- ئەگەر قسەبکات درۆ لەگەڵ قسەکانیدا دەکات.

٣- ئەگەر وەعد بدات کەشتێك نەکات ئەوا وەعدەکەی بەجێ ناهێنێت و ئەنجامی دەدات و (غدر) بۆ خۆی دەهێنێتەوە.

٤- وەئەگەر بەشەڕ بێت لەمەودای شەرع دەردەچێت و هەموو شتێك ئەنجام دەدات و دەیکات لەو شەڕەدا.

عن ابن عمر (رضي الله عنها) قال: رسول الله (ﷺ) : (ظهرت لهم الصلاة فقبلوها وخفيت لهم الزكاة فاكلوها، اولئك هم المنافقون) متفق عليه.

ئەم فەرموودەیە ڕەوشتێکی تری ئەم کۆمەڵەیەمان بۆ بەدیاری دەکات کە نوێژ دەکەن لەبەر ئەوەی بەئاشکرا نوێژ دەبێ بکرێ بەڵام زەکات دان بەنادیاری ئەنجام دەدرێت ئەوانە زەکات نادەن و دەیخۆن.

کۆتای بەم بابەتە دەهێنین بەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ان المنافقين في الدرك الاسفل من النار ولن تجد لهم نصيراً . الا الذين تابوا واصلحوا واعتصموا بالله واخلصوا دينهم لله فاولئك مع المؤمنين وسوف يؤت الله المؤمنين اجراً عظيماً﴾ النساء: ١٤٥-١٤٦

ئەم ئایەتە یەکێك لەهەرە میهرەبانیەکانی خوداو لێ بووردنی بەرامبەر بەندەکەی بەدیار دەکات کە ئەم کۆمەڵەیە پاش ئەو هەموو خراپیو کردەوە نالەبارانەی کەئەنجامیان دەدەن خودای گەورە لێیان دەبوورێت بەچەند مەرجێك

١- تۆ بەبکەن و جارێکیتر نەگرێتەوە سەر ئەو خراپیانەی کەدەیان کرد.

٢-نیازو کردەوەکانیان چاك بکەن.

٣-دەستیان گرتبێ بەپەیامی خوداو بەپێی ئەم پەیامە کاربکەن.

٤-هەموو کردەوەیەکیان تەنها لەبەر خودا بیکەن وهیچ نیازێکی تریان لێی نەبێت وەهەر کاتێك ئەو چوار مەرجەیان بەدەست هێنا ئەوا لەگەڵ بڕوا داران دەبن و بێگومان لەدا هاتوودا چ پاداشتێك دەدا بە بڕوا داران.

وە ئەم مەرجانەش شتێکی زۆر نیە ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت بەو تاوانە گەورەیەی کە ئەنجامیان داوە و سڕینەوەی هەوڵ و تێکۆشانێکی تایبەتی دەوێت وخودای گەورە ئەوەشی نیشان دان ئەویش بەئەنجام دانی ئەو چوار مەرجە بەئومێدا ئەوەین کەهەر کەسێك ئەو ڕەوشتانەی لەخۆی بەدی دەکات خۆی پاك بکاتەوەو ئەو ڕێگایە بگرێتەبەرپێش ئەوەی لە ڕۆژی دوایی بکەونە بەشی هەرە ژێری دۆزەخ کەبە هیچ شتێك ئەو کاتی چارە سەری ناکرێت.

٣- واز لەنوێژ هێنان (ترك الصلاة)

سێیەم کردەوەیە لەو کردەوە لەناو بەرانەی کە دەبنە هۆی لەناو بردنی چاکە کەنمان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی نوێژ کردن کە بەدووەم بناغەی ئیسلام دادەنرێت وەیەکەم شتە کەلە ڕۆژی دوایدا پرسیارمان دەربارەی تیادا دەکرێت وەئەگەر بێت و لەو رزگار بین و دەرچووی ئەواڵ پرسینەوە کانی پاشترت زۆر باش دەبێت.

وەنوێژ یەکێکە لەواجبە فەرز کراواکانی سەر باوەڕداران کەدەبێت لەکاتی وساتی تایبەتی خۆیدا بەجێ بگەیندرێت وە بەهیچ جۆرێك نابێت پشت گوێ بخرێت کە دەفەرموویت: ﴿إن الصلاة كانت على المؤمنين كتاباً موقوتاً﴾

کۆمەڵگای نموونەیی

ئەگەر بێت و سەیری کرداری نوێژ کردن بکەیت دەبینی بەکارێکی کۆمەلایەتی گرنگ هەڵدەستێ ئەگەر بەشێوەیەکی رێك وپێك ئەنجام بدرێت و رێك وبخرێت لەبەر ئەوەی لەهەموو گەرێکێك نزیکەی مزگەوتێك دەبینرێت بەلایەنی کەمەوە کاتێك کە باوەڕداران لە رۆژێك دا پێنج جار بانگ دەکرێن بۆ کۆبوونەوەو نوێژ کردن زیاتر پەیوەندیان بەیەکتریەوە دەبێت وە مەلای مزگەوت دەتوانێت بەکارێکی رێکخستنی کۆمەلایەتی هەلبستێت لەرێگەی باس کردنی باری ژیان و تەنگێشەی هەندێکیان کەلەژیانی رۆژانە تووشی دەبن وەئەگەر ئەم کەسە لەرۆژانە نەیتوانی لەهەر پێنج جار بچێت بۆ مزگەوت ئەوا لە کۆبوونەوەی گەورەتر کە کۆبوونەوەی هەینی‌یە باس لەباری ژیانی بکرێت و هاوکاری بکرێت بۆ چاك کردنی لەلایەن باوەڕداران لەسەر ئاستی گەرەکەکان وەپلە پلە تادەگاتە حەج کردن کەبەکرداری کۆبوونەوەی گەلان دادەنرێت بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ کەدەتوانرێن لەو کات دا باسی باری ژیانی گەلان بکرێت و داوای یارمەتی و هاوکاری لەگەلانی تر بکرێت لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین نوێژ بریتی‌یە لەو دیاری‌یەی کە خودای گەورەو میهرەبان پێشکەشی کردووە بەباوەڕدارەکان وەنوێژ وەکو پەیوەندی‌یەکی تەلەفۆنی وایە لەگەڵ خودای گەورە کە تۆ لەرۆژێك دا پێنج جار ئەوکارە دووبارە دەکەیتەوە لەچەند کاتێکی دیاری کراوداو لەبەرامبەر خودای گەورە دەوەستێت و پەیمان دووبارە دەکیتەوە داواشی لێ دەکەیت لەو شتانەی کە ناتوانیت ئەنجامی بدەیت کەبۆت ئاسان بکات.

وە پێش ئەوەی باسی نوێژ نەکردن بکەین وای بەباش دەزانم کە هەندێك لە گرنگی‌یەکانی نوێژ کردن باس بکەین.

گرنگی نوێژ کردن:

یەکەم: یەکێك لەگرنگی‌یەکانی نوێژ کردن لەقورئانی پیرۆزدا ئامارەی بۆ کردووە ئەوەیە کە کردوویەتی‌یە بەرەوشتێك لەڕەوشتەکانی باوەڕداران کە بەخاڵێکی جیاوازی داناوە لەگەڵ بێباوەڕەکان و دووڕووەکان دەفەرمووێت:

﴿الذين يؤمنون بالغيب ويقيمون الصلاة ومما رزقناهم ينفقون﴾ بقرة: ٣

وەگرنگی‌یەکی زیاتر بەدیار دەکات کەنابێت بەهیچ جۆرێك پشت گوێ بخرێت هەرچۆنێك بێت دەبێت بەجێ بگەیێندرێت ئەگەر تۆ لە سەفەر کردنیش دابیت یاخود لەکاتی شەڕ یان لەکاتی نەخۆشیش دابیت هەر دەبێت پاێزگاری لێ بکەی کەدەفەرمووێت.

﴿حافظوا على الصلاة والصلاة الوسطى وقوموا لله قانتين﴾

بەجێ هێشتن وتەرك کردنی نوێژ لەڕەوشتی بێ باوەڕەکانە کە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمان روون دەکاتەوەو دەری دەخات کەنوێژ نەکردن ئادەمیزاد دەباتە کۆمەڵی هاوبەش پەیدا کرەکان کە دەفەرموێت:

﴿واقيموا الصلاة ولاتكونوا من المشركين﴾

هەروەها دەری دەخات کەکۆمەڵی دووڕووەکان (المنافقين) یەکێك لە رەوشتەکانیان ئەوەیە کە کاتێك بۆ نوێژ کردن هەڵدەستن بەتەمبەڵی‌و گرانایی هەڵدەستن کەدەفەرمووێت:

﴿ان المنافقين يخادعون الله وهو خادعهم واذا قاموا الى الصلاة قاموا كسالى﴾

دووەم: نوێژ کردن پەیوەندیە لەنێوان بەندەو خودادا وەدووبارە کردنەوەیەکی بەردەوامە بەبەندایەتی کردن بۆ خودای گەورە بەجۆرێك کەلەکاتی ئەنجام دانی‌دا دڵ و دەروون خاوێن دەکاتەوە بەجۆرێك والەئادەمیزادی بەباوەڕ دەکات لەکاتی دڵ

تەنگی‌دا کەپەرۆشی تێدا بێتەوەو لەخراپە کاری‌و نارەوا دووری دەکاتەوە ئەم گرنگی‌یەش بەقورئانی پیرۆزدا خودای گەورە ئامارەی پێ کردووە کە دەفەرموێت:

﴿یاایها الذین امنوا استعینوا بالصبر والصلاة ان الله مع الصابرین﴾ البقرة: ١٥٣

وەهەروەها دەفەرمووێت: ﴿واقم الصلاة ان الصلاة تنهی عن الفحشاء والمنکر﴾ العکبوت: ٤٥

سێیەم: نوێژ یەکەم کردەوەیە لەکردەوە خواپەرستی‌یەکاندا کە ئادەمیزاد دەبێت پێی هەلبستێ لەکاتی باوەڕهێنانی‌دا هەروەها بەهەمان شێوە بەیەکەم کردار دادەنرێت کەپێویستە ئەو کەسانەی کە دەگەرێنەوە نێو موسڵمانیەتی‌و تۆبە دەکەن ئەنجامی بدەن پێش زەکات دان و خوا پەرستی یەکانی‌تر.

لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئایا بۆچی نوێژ پێش زەکات دان خستراوە؟ لەوەلام دا لەبەر ئەوەی زەکات دان مەرجی تایبەتی خۆی هەیە وە لە ساڵێك دا تەنها یەك جار لەسەر مایەی خاوەنەکەی وەردەگرێت وەئەگەر بێت و زەکات پێش بخسترابووایە دەبوایە ئێمە بوەستین لەسەر ئەوکەسانەی کە باوەریان بەئاینی موسڵمانان کردوە تاوەکو زەکات دەدەن بۆ ئەوەی بزانێت ئایا رێگای راستی گرتووە یان بەناو باوەڕی هێناوە بەڵکو نوێژ باشترین بەڵگەیە لەسەر راستگۆیی ئەو کەسانە.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی‌دیەکەدا نوێژ کردن کارێکی رۆژانەیەو مرۆڤ پێنج جار پێی هەڵدەستێ بەڵام زەکات دان لەپارەو سەرمایە دەبێت تەنها یەك جار لەساڵێك دا وە وەپارەش لە کاری رۆژانە پەیدا دەبێت وە گرنگی وگەورەیی نوێژ لێرەدا بەدیار دەکەوێت کەتۆ قوربانی بەوکاتە دەدەی کەلەو رۆژانە دەبیتە سەر بۆ نوێژ کردن و بۆیە نوێژ کردن پێش زەکات خستراوە کەدەفەرمووێت:

کۆمەڵگای نموونەیی

﴿فان تابوا واقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فاخوانكم في الدين ونفصل الايت لقوم يعلمون﴾ التوبة: ١١

ئەوەی باسمان کرد چەند نموونەیەك بوو کەلە قورئانی پیرۆزدا باس لەگرنگی نوێژ دەکات لەژیانی رۆژانەی ئادەمیزادو لەژیانی کۆتاییدا.

هەروەها لەفەرموودەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) چەند نموونەیەك دەهێنینەوە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین لەگرنگی نوێژ بگەیین و بزانین پاداشتی کردن و سزای واز لێ هێنانی چییە.

عن ابي هريرة: (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ): قال: الصلوات خمس والجمعة الى الجمعة كفارات لما بينهن مالم تغش الكبائر) رواه مسلم والترمذي.

واتە هەر پێنج نوێژەکان ونوێژی هەینی تا ئەو هەینی دەبن بەکەفارەتی ئەو گوناهانەی کە لەنێوانیان دا دەکرێن بەمەرجێك گوناهی گەورە نەبن.

عن ثوبان (رض الله عنه): عن النبي (ﷺ) قال: عليك بكثرة السجود لله فانك لاتسجد لله سجدة الا رفعك الله بها درجة وحط عنك بها خطيئة)

رواه مسلم والترمذي.

واتە هەتا دەتوانین نوێژێکی زۆرو بێ شومار بکە بۆ خودا چونکە هەموو جارێك کە کڕنووش بۆ خودا دەبەیت خودا یەك پایە بەرزت دەکاتەوەو یەك گوناهیشت بۆ دەسڕێتەوە.

(عن ابي قتادة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: قال الله تعالى عزَّ وجلَّ: إني افترضت على أمتك خمس صلوات وعهدتُ عهداً عندي انه من جاء يحافظ عليهن لوقتهن ادخلته الجنة ومن لم يحافظ عليهن فلا عهد له عندي) رواه ابو داود

پێغەمبەرمان (ﷺ) لە خودای گەورەو میهرەبانەوە بۆمـان دەگێڕێتـەوە کـە خـودای گەورە دەفەرموێت: من پێنج نوێژم لەسەر گەلی تۆ داناوە، وە پەیمانیشم کردووە لەگەڵ خۆم دا کە هەر کەسێك بەرێك و پێکی لە کات و ساتی خۆیدا بیان کات ئـەوا دییەمە بەهەشت وەهەر کەسێك ئاگاداریـان نـەکات ئـەوا هیـچ پـەیمان و بـەڵێنێکی لەسەر من نییە.

هـەروەها لـەکردەوەکانی پێغەمبـەر (ﷺ) کـە ئـەنجامی دەداو گرنگـی نوێـژ کردنـی بۆمان بەدیار دەخست دەگێڕنەوە کە لەکاتی دڵتەنگی دا داوای لەبلال کـردووە کـە بانگ بدات بۆ نوێژ کردن هەروەها لـە هـەرکاتێك کـە کـارێکی بـهات بایـە پێشـەوەو لەبەری نەڕۆشیتبایە هەڵ دەستا نوێژی دەکرد بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ ئاسان بێت.

واز لەنوێژهێنان

لەبەر گرنگی نوێژ لەلایەك و لەلایەکی دیکە وەکـو باسمـان کـرد کـە (رخصـەت)لـە هـەموو جۆرەکـانی خواپـەرستی هەیـە تەنـها لـەنوێژ کـردن دا نـەبێت بۆیـە بـەجێ هێشتنی و نـەکردنی نوێـژ کـارێکی زۆر گەورەیـە وەدەبێتـە هـۆی ڕەش بوونـەوەی کردەوە چاکەکانی خاوەنەوەکەی.

پێغەمبـەرمان (ﷺ) سەبارەت بـەنوێژ زۆر بـەتووندی باسـی ئـەم کـردەوە خراپـەی کردووە کە دەفەرمووێت: **(العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركهافقد كفر)**

واتە: ئەو سنوورەی لەنێوان باوەڕدارو بێ باوەڕدران دا هەیـە نوێـژە وەهەرکەسێك بەجێی بهێڵێت کافر دەبێت وە هەر کەسێك نوێـژ نـەکات وە باوەڕیشـی پـێ نـەبێت بـەکافر دادەنرێت واتـە جیـاوازی لـەنێوان موسڵمان و کـافر نوێـژە کەیـە ئەگـەر نوێژەکەت.نەکرد لەخۆت بترسێ لەکفر.

چونکە بەڕاستی نوێژ بەڵگەی بەندایەتی تۆیە بۆ خـوادای گـەورەو میـهرەبان جانەوەی لەنوێژ دوور کەوتەوە واتە لە موسڵمانەتی دوور کەوتۆتـەوە چونکە نوێژ نـەکردن واتـە رازی نـەبوون نەبە پـەیامی خـوداو رازی نـەبوون بەبەندایـەتی خـودا چونکە ئەگەر تۆ رازی نەبوویت نێوچەوانی خۆت بۆ خـودا دابنێیـت واتـە تـۆ خـۆت بەگەورە دەزانیـت بەرامبـەر بـەخوداو تـۆ خـودا بەشـایەنی ئـەوە نـازانی کـەنوێژی بۆبکەیت هەر بـۆ یەشـە خـودای گـەورەو میـهرەبان نوێـژ کـردن دەکاتـە نیشـانەی بەندایەتی وە دەفەرموێت: ﴿قل لعبادى الذى امنوا يقموا الصلاة﴾ ابراهيم: ٣١ واتە ئەی محمد (ﷺ) بڵێ بەو بەندانەی مـن کـە باوەڕیـان هێنـاوە بـانوێژ بکـەن بۆ ئەوەی ببێتەنیشانەی بەندایەتی بۆ من.

وەنوێژ کردن پەیوەندی تۆ بۆ کۆمەڵی موسڵمانان بەدیار دەخات چونکە ئەگەر تۆ بـەزمان هـەر بڵـێی مـن موسـڵمانم هیـچ بەکـەڵك نایـەت ئەگـەر تـۆ نوێـژ نەکـەی و (هوية)ی موسـڵمانیت وەر نـەگریت چونکـە نوێـژ کـردن بەرەگەزنامـەی موسـڵمانان دادەنرێت چۆن تۆ کەدەچیتە هەر شوێنێك وە بۆ ئـەوەی لـەو شـوێنە بناسـرێیت و بەدیار بکەوی کەسـەر بـەچ وڵاتێکـی پێویسـت بەهـەڵگرتنی ڕەگەزنامـە هەیـەو ئـەو زانیارە پێویستانەی تیادا بـەدیار دەخرێت بەهـەمان شێوە نوێـژ کـردن نیشـانەی ئەوەیە کەتۆ ئادەمیزادێکی بەسوودی کۆمەڵی موسڵمانانی.

وەئەوەی بەبەردەوامی نوێژەکانی ئەنجام بدات بـەبێ کـەم وکـوڕی و بەتـەواوی بـۆ خودای گەورەو میهرەبان ئەنجامی بدات بزانە چۆن بۆی دەبێتە ڕووناکی و خۆشـی و شادی، بزانە چۆن پێغەمبەر (ﷺ) کەباسی نوێژ دەکات دەفەرموێت: **(من حـافظ عليها كانت له نوراً وبرهاناً ونجاتاً يوم القيامة ومن لم يحافظ عليها)** رواه الطبراني.

واتە ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر نوێژەکانی و بەتەواوی بیکات بۆ خودا بەنیازێکی ساف نەك بۆ ریابازی بیکات ئەوا بۆی دەبێتە ترسکاییو ڕووناکیێ وەرزگاری دەبێت لەئاگری دۆزەخ.

وە ئەوەی پارێزگاری لەسەر نەکات لەدینادا تیرسکایو رووناکی لەسەر دەمو چاوی نابینیێ وەهیچ کەلکێکی نی‌یە کەبڵێ من موسڵمانم و رزگاریشی نابێت لەگۆرەپانی رۆژی دوایی‌دا.

هەر دەربارەی ئەو بابەتە خودای گەورە باسی نوێژ کەران دەکات کە ئاگاداری نوێژەکانی خۆیان نین کە دەفەرمووێت.

﴿فويل للمصلين ، الذين هم عن صلاتهم ساهون﴾ الماعون: ٤،٥

زاناکان زۆر بەیان دەفەرموون کە (ویل) ناوی شوێنێکی زۆر گەرم وناخۆشە لەئاگری دۆزەخ.

وەمانای ئەم ئایەتە بەم شێوەیە واتە زۆر ناخۆشیو ناهەمواری بۆ ئەو نوێژ کەرانەی کەئاگاداری نوێژەکانیان نین لەکاتی خۆیان ئەنجام نادەن.

ئینجا ئەگەر نوێژ کەرێك کەنوێژێك بکات و دووان نەکات یان نوێژەکانیان بەدوادەخەن و لەکاتی خۆیان ناکەن ئەو هەموو ناخۆشی‌یەی هەبێت ئەدی ئەوەی کە هەر نوێژ ناکات دەبێت چ ئازارێکی هەبێت هەروەها دەفەرموێت:

﴿فخلف من بعدهم خلف اضاعوا الصلاة واتبعوا الشهوات فسوف يلقون غياً﴾

مریم: ٥٩

واتە ئەو پیاو چاکانەی ئەوەی وایان لێ پەیدا بوو کەئاگاداریان لەنوێژەکانیان نەدەکرد لەجیاتی نوێژ کردن کەوتن دوای (شهواتی خۆیان ئەمانە سەر شۆڕی دنیاو قیامەتن وە دۆزەخ چاوەڕوانیان دەکات.

جیاوازی نێوان نوێژ کردن ونوێژ نەکردن دا :

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿افنجعل المسلمین کالمجرمین مالکم کیف تحکمون﴾ القلم: ٣٥

واتە ئایا حسابی موسڵمانان و حسابی تاوانباران وەکو یەکە لەحیساب کردن دا نەخێر ئەمەش هەر گیز نابێت، هەروەها دەفەرموێت.

﴿کل نفس بما کسبت رهینة الا اصحاب الیمین فی جنات یتسالون عن المجرمین ، ماسلککم فی سقر قالوالم نک من المصلین ولم نک نطعم المسکین وکنا نخوض مع الخائضین﴾ المدثر:

واتە هەرکەسێك بەرپسیارە لەخۆی وەبەهەشتیەکان سەیری ئەو کەسانە دەکەن کەلە دۆزەخ دان وە لەو تاوانبارانە دەپرسن کەچی ئێوەی توشی دۆزەخ کرد؟ ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە کە یەکەم هۆی تووش بوونیان ئەوە بوو کەنوێژیان نەکرد.

بابزانن ئەو کەسانەی کەنوێژ ناکەن کەخودای گەورە بەتاوانبار ناویان دەبات و هەر بۆیەش کوشتن شایەنی ئەو نوێژ نەکەرانەیە کە کۆڵەگەی باوەڕیان شکاندووە.

وەهەر کەسێك کە نوێژ نەکات دەچێتە دەرەوەی کۆمەڵی موسڵمانان وهیچ پەیوەندیەکی بەو کۆمەڵە نامێنێت وە بەڵگەشمان لەسەر ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کەدەفەرموێت:

(لتنقضن عروة الاسلامی عروة عروة فکلما تنقض عروة یتبست الناس بالتي یلیها فاولها نقضا ، الحکم وآخرها الصلاة)

واتە ئێمە کە موسڵمانین موسڵمانێتی بەئێمە گرێ دراوە بەچەند گرێیەك وەئەو موسڵمانە چەند لەو موسڵمانیەتی دوور بکەوێتە ئەو گرێیانە یەك یەك دەکرێتەوە

وەیەکەم گرێ کەدەکرێتەوە بریتی‌یە لە کار نەکردن بەقورئان وە هەر گرێ یەك کەدەکرێتەوە موسڵمان ڕوودەکاتە گرێ یەکی‌تر تاوەکو خۆی پێوە بگرێت وە هەرە کۆتایی گرێ کەخۆی پێوە بگرێت نوێژە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر بێت و نوێژ نەکەی واتە هیچ شتێك نەماوە لەموسڵمانیەتی کەخۆی پێوە بگرێت وەبەم جۆرە لەکۆمەڵی باوەڕداران دەچێتە دەرەوە، بەڵێ نوێژ کردن ئاخیر گرێیە کەبت بەستێتەوە بەموسڵمانیەتی لێرەدا لەو باسانەی کە باسمان کرد دەگەینە بنچینەیەك ئەویش نوێژ کردن بەرزترین پلەی بەندایەتی‌یەو نوێژ نەکردن نزمترین و گەورەترین پلەی دڵ ڕەقی‌یە.

بەڵێ نوێژ نەکردن ئەو پەڕی دڵ ڕەقی‌یە ئەدی چۆن تۆکە خودای گەورە ڕۆژی پێنج جار بانگ دەکات بۆماڵی خۆی وەڵامی نادەیتەوە ئەو خودایەی کەهەردەم دەرگای ماڵی لەسەر پشتەو هەرگیز دیناخات؟

لێرەدا دەمەوێ ئەم وێنەیە بخەمەپێش خوێنەری بەباوەڕ ئەویش ئەو نموونەیە کەزۆر لەژیانی ڕۆژانە دێتە پێش چاومان کە کاتێك تۆ کارێکت بەسەرۆکی وڵات هەبێت چۆن یەکەم جار داواکاری پێشکەش دەکەی بەدیوانی سەرۆك ئنجا ئایا داواکارکەت وەردەگرێت و مەقبووڵ دەکرێت یان ڕەت دەکرێتەوە وە ئەگەر قبووڵ کرا کارەکەت بۆ دەکات یان قبووڵی ناکات وەچەندین پرسیارو وەڵامی تر لەو کارە دێتە پێشەوە بەڵام کە سەیری ئەم خودایە گەورەیە دەکەیت هەردەم لەبەندەی خۆی بی ئاگا نابێت و هەرکاتێك ڕووی تێ بکەی و داوای لێ بکەی لێت خۆش دەبێت ئایا ئەو خودایە شایستەی ئەوە نی‌یە کەتۆ بە دوای داواکاری بڕۆی و نوێژی بۆ بکەی هەر لەم بارەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:

(الجفاء كل الجفاء والكفر والنفاق لمن سمع منادي الله ينادي فلا يجيبه) رواه احمد

واتە ئەو پەڕی دڵ ڕەقـیو بێ بـاوەڕیو ناپاکی نیشـانەکەی ئەوەیەکە بانگکـەری خودا بانگ دەکات بۆ نوێژ کردن وەتۆ وەڵامی نادەیتەوە.

ئایا خودا کە تـۆ دەعـوەت دەکـات بۆمـاڵی خـۆی لـەڕۆژێك دا پێنـج جـار تـۆ چـۆن وەڵامی نادەیتەوە بەڵام ئەگەر برادەرێکت دەعوەتـت بکـات وەڵامـی دەدەیتـەوەو دەڵێی ئەگەر نەچم تووڕە دەبێت ئایا خودای گەورەش توڕە نـابێت کـەتۆ وەڵامـی دەعوەتەکەی نەدەیتەوە وەتۆ شایستەی ئەوە نیت کەپێت بڵێت تاوانبار.

ئەنجامی نوێژ نەکردن:

لێرەدا باسی دوا ڕۆژو دەرئەنجامی ئەو کەسانە دەکەین کـەنوێژ ناکـەن و بـەجێی دەهێڵن خراپترین ئەنجام کەخودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی کردووە ئەوەیە دەفـەرموویێت کـە دەفـەرموویێت:﴿وقال ربكم ادعوني استجب لكم ان الذين يستكبرون عن عبادتي سيدخلون جهنم داخرين﴾ غافر: ٦

واتە داوام لێ بکەن منیـش بۆتـان جێبـەجێ دەکـەم وەهـەر کەسـێك خـۆی لەوەبـە گـەورەتر بزانـێ کەسـەر بۆمـن دانێـت مـن بەسـەر شـۆڕی فـڕێی دەدەمـە نـاو دۆزەخەوە.

دەرئەنجامی دووەم بریتی‌یە لەڕەش بوونەوەی گشت کـارە چاکـەکانی ئەوکەسـەی کە نوێژ بەجێ ناگـەنێت کەپێشـترو لـە داهـاتوو ئـەنجامی داوە ئەگـەر بێـت و هـەر لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بێت و نوێژ نەکات.

عن ابن عمر (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (مـن تـرك الصلاة العصر حبط عمله) رواه بخاري.

واتە هەر کەسێك نوێژ (عصر) بەجێ نەگەێنێت و ئەنجامی نەدات دەبێتە هۆی لەناو چوون ورەش بوونەوەی گشت کردەوە چاکەکانی.

باشە ئەوا ئەو کەسەی کە نوێژی (عصر)ی نەکردووە کەواتە ئەوەی کەهەر نوێژ ناکات بێ گومان دەبێتە هۆی ڕەش بوونەوەی کردەوە چاکەکانی تری.

سێیەم: چۆنی‌یەتی وەڵام دانەوەیان لەڕۆژی دوایی کەچۆن پرسیاریان لێ دەکرێت و ناتوانن وەڵام بدەنەوە کە دەفەرموێت:

﴿يوم يكشف عن ساق ويدعون الى السجود فلا يستطيعون، خاشعة ابصارهم ترهقهم ذلة وقد كانوا يدعون الى السجود وهم سالمون﴾ القلم: ٤٢-٤٣

لەدەربارەی ئەم ئایەتە باوکی سەعیدی خدری (رضي الله عنه) دەفەرموێت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

(يكشف ربنا عن ساق فيسجد له كل مؤمنة ومؤنه و يبقى من كان يسجد في الدنيا رياءً وسمعتاً فيذهب ليسجد فيعود ظهرهُ طبقاً واحداً) رواه البخاري ومسلم.

واتە لەڕۆژی دوایی‌دا خودای گەورە لاقی خۆی نیشان بەموسڵمانان دەدات (لاقی خودا چۆنە هەر خۆی دەزانی ئەوە لەزانینی کەس دانی‌یە) وەهەر کەسێك کەباوەڕی هێنا بێت بەخودا کرنۆش دەبات بۆی تەنها ئەو کەسانەی کە نوێژیان نەدەکرد یان نوێژەکانیان لەبەر خەڵك دەکرد بۆریابازی بووە ناتوانن کرنۆش ببەن چونکە لەشیان هەموو لەوکاتەدا ڕەق دەبێت دەرئەنجامی چوارەم موسڵمان کاتێك کەهەڵدەستێت بۆ نوێژ کردن و ڕوو لەخوا کردن وە لەو کاتەدا چەندین کاری جۆراو جۆر لەمێشکی دا کۆدەبێتەوەو بیری لێ دەکاتەوە وەکو بڵێی ئەوکاتە کاتی بیرکردنەوەیە بۆیە پێویستە هەوڵ بدات ئەم کارە دوابخات بۆ دوای نوێژ کردن ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوەتی بەندایەتی خودای گەورەبکات و نوێژەکەی بەرێك وپێکی ئەنجام بدات.

دووەمیان: نوێژ کردن ئەو هێزەیە کە دەبێتە هۆی ساف بوونی مێشک لەوکاتەی کەنوێژ ئەنجام دەدەی بەمەرجێك تەنها بیر لە خودای گەورە بکەیتەوەو وادبنێیت کەخودای گەورە لەگەڵ تۆ دەدوێت و تۆ وەلامی دەدەیتەوە وەبەم شێوەیە دەتوانی پاش نوێژ کردن بیر لەو کارانە بکەیتەوە کەپێش نوێژ کردن خەریکی بووی وە سەربکەوی لەبریاردانی بریاری بەسوود وەلە هەموو کارەکانی ڕۆژانەت سەربکەوی لەڕۆژی دوایی دا بەهەمان شێوە سەردەکەوی کە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿قد افلح المؤمنون الذين هم في صلاتهم خاشعون﴾ المؤمن: ١

بۆیە موسڵمانینە هەر چەندە بتوانین پێویستە پارێزگاری لەنوێژەکانمان بکەین بۆ ئەوەی ببێتە پالپشتێك بۆ ڕێکخستنی کارەکانی تری ڕۆژانەمان جاچ دەربارەی خواپەرستی بێت یاخود دەربارەی ئیش کردن وپەیوەندییەکانی تر بێت.

باسی دووەم: کارلێ کەرەکان:

کارلێ کەرەکان بریتین لەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی کەم کردنەوەی هەندێك لەو کردەوە چاکانەی کە ئەنجامی دەدەین لەپێش ئەنجام دانی ئەم کردەوانەدا وە ئەم کارلێ کەرانە لەلایەکی ترەوە دەبنە هۆی پەیدا کردنی دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێو کۆمەڵ داو لەکاتی ئەنجام دانیان دا.

وەچوار کردەوە دەگرێتەوە کەبریتین لە :

١- داهێنانی کردەوەیەك (البدعه).

٢- ریابازی (الریا)

٣- منەت و ئازاردان لەکاتی خێرکردن دا (المن بالصدقه).

٤- ئازاردانی دایك وباوك.

وەبەپشتیوانی خودای گەورە ومیهرەبان هەندێك باسی ئەم کردەوانەی دەکەین بەپێی قورئانی پیرۆز فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بێت.

١-البدعە :

کردەوەی چاك ئەوکردەوەیە کە لە دڵەوەو بەڕاستی بۆ خودای گەورەو میهرەبان بێت وە راستیش دەبێت کاتێك بەپێی پەیامی خودا بێت بۆیە هەر زیادیەك یان کەم کردنەوەیەك لەئاین دانابێت ڕووبدات وەپاداشت بۆ خاوەنەکەی نانوسرێت هەرچەندە بەنیازی خواپەرستنی خوداش ئەنجامی دابێت.

(بدعە) خراپترین بەرەنگار بوونەوەی ئایینە ئەمەش لەبەر ئەوەی داهێنانی هەر پیتێك لەبارەی ئایین دەبێتە هۆی گۆڕینی ئایین بەجۆرێك بەو کارە تاوانباری دەکەی بەکەم وکوڕی یان بەوەی کەئاین پێویستی بەتەواو کاریو چاك کردن هەیە ئەمەش کارێکی گەورەیەو بەهیچ جۆرێك دروست نیە وەلەم بارەیەوە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەفەرموێت:

(ایاکم و محدثات الامور فان کل محدثة بدعة وکل بدعة ضلالة وکل ضلالة في النار)

البدعە : بریتیە لە دارشتنی یان داهێنانی کردەوەیێك یان قسەیێك کە نەگەوێتە ژێر بنچینەیەك لەبنچینە گشتیەکانی (ئیسلام) کە لەقورئان و سوننەت و (اجماع وقیاس) باس کراوە یان لەگەڵ ئەم بنچینانە نەگونجێت.

وە بەپێی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین هەر شتێکی تازە کە پەیوەندی بەئایینی ئیسلامەوە هەبێت ئینجا (چ دەربارەی خواپەرستی یاخود کاروکردەوە بێت) سەیری دەکەین تاوەکو بزانین ئایا لەگەڵ بنچینەکانی ئیسلام دەگونجێ یان ناگونجێت ئەگەر لەگەڵی دارێك کەوت ئەوا بەبدعە دانانرێت بەڵام ئەگەر لەگەڵیدا نەگوتجێت بەبیدعە دادەنرێت و لەخاوەنەکەی وەرناگیرێت.

عن ام المؤمنين ام عبدالله عائيشة (رضي الله عنه) عنهما قال رسول الله (ﷺ) من احدث في امرنا هذا ماليس منه فهو رد) رواه بخاري ومسلم

واتە هەرکەسێك هەر دیاریدەیەك پەیدا بکات لەکاروباری موسڵمانیەتی دا وەئەم شتە زیادەیە پەیوەندی بەئایینەوە نەبێت ئەوا لێی وەرناگیرێت وە ئەدرێتەوە بەسەریەوە.

واتە پێویستە لەسەر هەر موسڵمانێك کە کردەوەیەکی ئایینی ئەنجام دەدات پێویستە ئەم کردەوەیە فەرمانی خودای گەورەو پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر درا بێت ئەگەر نا لێی وەرناگیرێت.

بەواتایەکی تر ئەو کردەوەیە ناکەوێتە ژێر بنچینە گشتیەکانی موسڵمانیەتی بۆیە لێت وەرناگیرێت وەبۆت بەچاکە نانوسرێت وە دەدرێتەوە بەسەرت دا.

بۆ نموونە تۆ لەکاتێکی تایبەتیدا نوێژێك بکەی کە لە (شەرعا) باس نەکرابێت یان شێوەی خواپەرستی بگۆری بۆ شێوەیەکیتر بەشێوەیەك کەمی بکەی یان زیادی بکەی ئینجا چ لەژمارەی کرنۆش بردن یان شێوەکانی تربێت وەنموونە زۆرە لەسەر بیدعە بەژمارە ناچێت.

هەروەکو چۆن ئیمڕۆ لەژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین چەندین جۆر ڕێگەی ناتەواو بەکار دێن بۆ کرین و فرۆشتن وەچەندین ناویان داهێناوە بۆ (ریبا) کردن بەناوی کرین و فرۆشتن وە بەوناوە بریقەدارانە خۆیان لەڕێگەی راست دوور خستۆتەوە

وەئەم كردەوانەش گشتیان دەرچوونە لەرێبازی موسڵمانیەتی وە خاوەنەكەی ســزا دەدرێت.

ئینجا براو خوشكی موسڵمان ئێمەی موسڵمان كەسەیری ژیانی رۆژانـەمان دەكـەین دەبیتین چەندین ئەگەر (پرسیار) دێتە پێشمانەوە سەبارەت بە (بیدعە) وەچەندین شتی باش ناو دەنێین (بیدعە).

ئەمەش بەهۆی نەزانینە یان بەهۆی نیاز خراپیە لەلایەن هەندێك كەسەوە بەرامبـەر بەموسڵمانیەتی بۆ ئەوەی ﷺ چەند خاڵێكی (سلبی) لەئایینی تەواوی ئیسـلام بروست بكەن هەندێكیان بووە بەچەكێك بـە دەسـت دوژمنـانی ئیسلام وە دژبەموسـڵمانان بـەكاری دەهێنـن لـەكوڕو مناقشـە ئایینیـیەكان دا بـەڵێ ئـەو چەكانـەی دوژمنـانی ئیسلام دژی موسڵمانان بەكاری دەهێنن بریتی‌یە لەم چەند ووشـەیەی كـە بـەهۆی نـەزانیو هـەندێك جـار بـەهۆی توونـد ڕەوی دروسـتمان كـردووە وەلەگـەڵ یـەكتردا سەبارەت بەم شتانە مناقشەی بێ ســوود دەكـەین وە بـە ئاشـكرا بەرامبـەر یـەكتر رادەوەستین و دەیخەینە پێش دوژنمان وە ئەمەگشتی دەبێتە هۆی لەیەكتر دابرانی موسڵمانان و لەیەكتر ترازانیان بەجۆرێك كەبین بەچەند بەشێكی جیاواز.

عن ابن مسعود (رضي الله عنه): قال:هلك المتنطعون قالها ثلاثا. رواه مسلم

وە ئەم جۆرە خاڵانە دێنە ئاراوە بـەهۆی ئـەو هـەموو پرسـیارو بـێ سـوودانەی كـە دەكرێن لەلایەن موسڵمانانەوە سـەبارەت بەموسـڵمانیەتی كەهـەندێك جـار پرسـیار لەشتی زۆر سەیر دەكەن كە چەندین پرسیاری بەدوا دادێت...؟!

وە بۆ ئـەم مەبەسـتەزانایانی ئـایینی ئیسـلام چـەندین بنچینـەیان دارشـتووە كەلـە قورئان و سوننەتەوە دەریان هێناوە و پشتی بێ بەستراوە لەوانەش:

١-الاصل في الاشياء الاباحة مالم يثبت النهي عنها.

٢-الاصل في الشياء الحل مالم تثبت حرمتها.

واتە هەموو شتێك وە هەموو کردارێك لەبنەرت دا دروستەو حەڵاڵە ئەگەر بێت و بەبەڵگەی دەقێك قەدەغە نەکرابێ یان حەرام نەکرابێ.

بۆیە پێویستە هەر شتێك کە ڕوویدات یان بێتە پێشمانەوە سەیر بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا ئەم ڕووداوە کردارە دەکەوێتە ژێر بنچینەیەك لەبنچینە شەرعییەکان ئەگەر وابوو ئەوا دروستەو حەڵاڵە بەڵام بەپێچەوانەوە واتە ئەگەر نەکەوێتە ژێر ئەم بنچینانە بیدعەیەو دروست نییە.

واتە مەرج نییە هەر شتێك کەلەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) نەکرابێ یان فەرموودەی لەسەر نەبێ پێی بگوترێ (بیدعە) لەبەر ئەوەی نەکردنێ یان نەگوتنی شتێك لەلایەن پێغەمبەر (ﷺ) نابێتە بەڵگەی سُوننەت بۆ ئەو شتە هەروەها ناش بێتە بەڵگە بۆ دروست نەبوون و حەرام کردنی بەڵکو پێویستە لە دوای دا بگەڕێین لەبەشەکانی ئایین داکە (اجماع و قیاس)ە هەردەربارەی پرسیار کردنی بێ سوود پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆمان ڕوون دەکاتەوە خراپی ئەو کردارەو دوا ڕۆژی ئەو کەسانەمان بۆ دیاری دەکات کەبەو کردارە هەڵدەستن.

عن ابي هريرة (رضي الله عنه): قال سمعت رسول الله (ﷺ) يقول مانهيتكم عنه فاجتنبوه وما امرتكم به فاتوا به ما استطعتم فانما اهلك الذين قبلكم من كثرة مسائلهم واختلافهم على انبيائهم. رواه بخاري ومسلم

واتە هەر چیم لەئێوە قەدەغەکرد مەیکەن و خۆتان لێی بپارێزن وهەرچی فەرمانی پێ کردنیشم پێدان هەرچەندی لەتواناتان دا هەیە بیکەن، وەنەتەوەکانی پێش ئێوە لەبەر ئەوە خودا لەناوی بردن چونکە بەبێ پێویست پرسیاری زۆر بێ سوودیان لەپێغەمبەران دەکر هەروەها دژ بەفەرمانی پێغەمبەران دەجولانەوە.

وەمەبەست لەپرسیاری بێ سوود ئەوپرسیارانەیە کە لەبابەتی بێ کەڵك دەکرێن دەربارەی ئایینەوە بەجۆرێك کە ئەم پرسیارانە تەنها خاڵی جیاوازی دروست

دەكات لەنێوان موسـڵمانان و هیچی تـر نـا هـەروەها پرسیار دەكـەن هـەندێك كـە (صدق الله العظیم) بیدعەیە یان نەء وەگشت دەبنـە هـۆی مشـغول كردنـی كۆمـەڵی موسـڵمانان بـەم پرسیارانەو لەئـەنجام دا بـەرەو پـاش چوونـی ئـەم كۆمەڵــە رۆژ بەدوای رۆژ چونكە ئەم پرسیارانە دەبێتە هۆی جیـاواز بوونـی كۆمـەڵی موسـڵمانان وەلەیەك ترازانیان ویەك نەگرتنیان لەبەر ئەوەی هەر كۆمەڵێك بەیەك گرتنـی گشـت چین و توێژەكـانی سـەر دەكـەێت و پێش دەكــەوێت وەئەمــەش لــەئامۆژگاری و داواكاری خودای گەورەیە كە دەفەرمووێت.

﴿یاایها الذین امنوا اصبروا وصابروا ورابطوا واتقوا الله لعلكم تفلحون﴾

آل عمران: ٢٠٠

واتە ئەی ئەوكەسانەی كەباوەڕتان هێناوە خۆگرین لەسەر چەند شتی زۆر كەدێتـە رێتان و دووچاری دەبن لەسـەر هـەموو رووداوو بەسـەر هـاتێكی نـاخۆش و ئێش و ئازاردەر وەبەر بەرەكانی بكەن و نەبـەزن لـەخۆگرییدا نەلەبەرامبـەر بەسـەرهات و رووداوی سەخت نەبەرمبەر دوژمن كـە بەهـەموو هێزیـان دەیانـەوێ لـەناوتان ببـەن وەنیشـتـەجێ ودامــەزراوبن لەهەرجێگایــەك لەســەر سـنووری وڵات وەبــەوریاو ئامادەیی بن بۆ بەرپەرچ كردن و بەرگری دوژمن وەخۆتـان بپـارێزن لەسزای خـودا بـەڵكو بگـەن بـە ئامـانج و مەبەستتان، بـەڵێ ئەمـە ئامۆژگـاری خـودای گــەورەو میهرەبانە بۆ كۆمەڵی موسڵمانان.

چەند نموونەیەك لەو پرسیارانەی كە دەكرێن سەبارەت بەبیدعە :

لێرەدا چەند نموونەیەك لەوخاڵانە باس دەكـەین كەمێشـكی هـەندێك لەموسـڵمانانی پێوە خـەریك بووەو هەندێكیان زۆر بەتووندی سەیری ئەم كرەوانە دەكەن كەوە كو

بەبەرستێك دێتە پێش چاویان وهەردەم مناقشە لەگەڵ موسڵمانەکانی تر دەربارەی ئەم کردەوانە دەکەن.

یەکەم: هەندێك دەڵێن ئایا لەخودا پارانەوە لەدوای نوێژە واجبەکن بە دەست پان کردنـەوەو دەست بەرزکردنـەوە وەلەکۆتایشـی دەسـت بـە دەم وچـاو دامێنـان بیدعەیە؟

وەلام: باشە ئەگەر تۆ دەستت لە بەر خودا پـان نەکەیتـەوەو بەرزنەکەیـەوە ئـەی بۆکـێ پـان و بـەرزی دەکەیتـەوە کـێ تەنـها خـودا نـەبێت شایسـتەی ئەوەیـە کـە دەستمان لەبەری پان بکەینەوەو داوای لێ بکەین نالێم واجبە بەلام (بیدعە)ش نییە بەلگەشم ئەم فەرموودانەی پێغەمبەرە (ﷺ).

عن انس (رضي الله عنه) ان (ﷺ) (كان يرفع يديـة حتـى يـرى بيـاض ابطيـة في الدعاء ولايشير باصبعه) متفق عليه

وعن الامام عمر (رض الله عنه) قال كان رسول الله (ﷺ) اذا امدَّ يديـة في الدعـاء هم يردّها حتى يمسح بهما وجهه. رواه الترمذي والحاكم.

لەواتا ئەم دوو فەرموودەیە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) لەپارانـەوە دەستی بیرۆزی بەرزکردۆتەوەو دەستیشی بەکۆتاییدا بەدەم و چاوی داهێناوە.

دووەم : هەندێك دەڵێن ئایا (ذکر) کردن بەدەنگی بەرز دوای نوێژەکان (بیدعە)یە؟

وەلامـی ئـەم پرسـیارە بـەو فەرموودەیـە دەدەینـەوە کـەکوری عـەباس بۆمـان دەگێڕێتەوە.

عن ابن عباس كنت اعرف انقضاء صلاة رسول (ﷺ) بالتكبير. متفق عليه.

واتە بەبیستنی (الله اكبر) دەمزانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆتای بەنوێژەکان هێناوە.

هەروەها سەبارەت بەزیکرکردن و پاداشتی ئەو کەسانەی کە زیکردەکەن ئینجا چ (سبحان الله، الله اکبر، ...هتد) بێت ئەم فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت باس دەکەین.

عن ابی ذر رضی الله عنه ان رسول الله (ﷺ) قال: (یصبح علی کل سلامي من احدکم صدقة فکل تسبیحة صدقة وکل تحمیدة صدقة وکل تهلیلة صدقة وکل تکبیرة صدقة وامر بالمعروف صدقة ونهي عن المنکر صدقة ویجزی من ذلك رکعتان یرکعها من الضحی).

سێیەم: هەندێك دەڵێن ئایا نوێژی پێش خوتبەی رۆژی هەینی کەبە ناوی سونەتەوە دەکرێ (بیدعە)یە؟

لە وەلام دا دەڵێم سونەتە و بەڵگەشم ئەم فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموێت: **(بین کل اذان صلاة).**

واتە لەنێوان هەردوو بانگێکدا نوێژێکی سونەت هەیە وەسونەتی رۆژی هەینی لەنێوان بانگی یەکەم و دووەم دا دەکرێت.

لەپاشان سونەتی جمعە بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك بۆ ئێمە هاتووە وە ماوەی نێوان هەینی بۆ هەینی ئەوەندە زۆر نیيە کە گۆڕان کاری وای تێدابکرێت و نوێژێکی تیادا زیاد بکرێت بەبێ ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) کرابێت.

وە زۆر نموونەی تریشی هەیە کە پرسیاری زۆر بێ سوودن وەهیچ دەورێکیان نیيە بۆ پێش خستنی ئاین جگە لەوەی کە دەبنە هۆی دروست کردنی چەند خاڵێکی جیاوازی لەئاین دا هەروەکو چۆن دەپرسن دەڵێن هەستانەوە بۆ مێوان بیدعەیە وەئەو کردەوانەی کە پرسیاری دەربارەی دەکەن خۆی لەخۆی دا هیچ زەرەرێکی نیيە لەسەر ئاین و کۆمەڵی موسڵمانان لەبەر ئەوەی ئەگەر من بۆ موسڵمانێك هەڵبستمەوە وە کەدێتە لای من چیيە تەنها ئەوە نەبێت کەرێز لێنانێکە لەلایەن من

بۆ ئەو میوانە یان ووتنی ووشەی (صدق الله العظیم) تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە مــن بڕوام هێنا بەڕاست گوێی خوداو بەقورئان ئینجــا چ ڕێگرێك هەیـە كـە ئـەم بـاوەڕە بەزمان ئاشکرا بکەم.

وەزۆر پرسیار و وەلأمی تریش بەلأم گشتی وەکو باسم کـرد پرسیاری بـێ سـوودن ئەگەرە بۆ ئایینمان دروست دەکەن و دوودڵی و دووبەرەکی بۆ موسڵمانان دروسـت دەکەن وە بەشتی بێ سـوود خـەریکیان دەکـەن وە دەبنـە هـۆی ئـەوی دوژمنـانی ئیسـلام دەرفـەت وەربگـرن بـۆ ئـەوەی (طعنـة) لــە ئاییـنمــان بــدەن وە کۆمــەڵی موسڵمانان خەریك بکەن بەوەی کە چۆن ڕەت دانەوەی ئەو (طعنانة) دەدەنەوە وە هەموو توانای خۆیان بۆ ئەم کردارە دادەنێن وە لە ئەنجام دا دەبێتــە هـۆی بـەرەو پاش چوونی ئەم کۆمەڵە لە بەگەیشتنی بەجیهانی تازە.

٢-ریابازی (الریاء) ڕووپامایی :

بریتی‌یە لە ئەنجام دانی کردەوەیەك یان هەرشتێك کە پەیوەندی بەئایینەوە هەبێت وە مەبەست لـە کردنـی دا ڕەزامـەندی خـودای گـەورە نـەبێت بـەڵکو تەنـها بـۆ کـۆ کردنەوەی چەند پروپیتی ئەم جیهانەو ناوبانگی بێت.

ریابازی بـەخراپترین کـردەوە دادەنرێـت لەبـەر ئـەوەی دوو لایـەنی خراپــی هەیـە یەکەمیان پەیوەندی بەوکەسەوە هەیە کە پیێ هەڵدەستی کە بەم کارەی پاداشتی ئەم کردەوە چاکەی خۆی لەدەسـت دەدات وە دووەمیـان پـەیوەندی بـە کۆمەڵـەو هەیـە کـە بـەکردەوە چاکـەکانی ئـەم کەسـانە هەڵدەخەڵـەتێندرێن و بەشـێوەیەکی تایبەتی هەڵسوو کەوتیان لەگەڵ دا دەکەن.

هەر لەبەر ئەوە خودای گەورە ئاگاداری ئەو کەسانە دەکاتەوە کە چاکە دەکەن کە پاداشتی ئەم چاکەیان لەدەست نەدەن وەکو ئەو کەسانەی کە ریابازی دەکەن کە

دەفەرموێت : ﴿لا تبطلوا صدقاتکم بالمن والاذی کالذی ینفق ماله رئاء الناس﴾ البقرة:١٤٥.

لەمانای ئەم ئایەتەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو کەسانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن و پێش کەشی کۆمەڵ دەکەن بە نیازی ناو دەرکردن و باس کردنیان لەناو خەڵك دا بەم کردارە پاداشتی ئەم کردەوە چاکانە لەدەست دەدەن.

بۆیە دەبێت موسڵمان هەردەم ئاگاداری کردەوەکانی خۆی بێت وەهەردەم نیازی چاکە بێت لەگەڵ بەرامبەرەکەی وە پڕ بەدڵ بۆ خودا بیانکات نەك بۆ ناو دەرکردن و دەست کەوتنی هەندێك پروپیتی جیهان.

پێغەمبەرمان (ﷺ) بێت لە فەرموودەکانی دا دەربارەی ریابازی ئاگادارمان دەکاتەوە و ئامۆژگاری ئەوەمان لێ دەکات کە هەردەم لەم کردارە بەدوور بکەوینەوە و خۆمان بپارێزین.

عن جندب (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: من سمع سمع الله به ومن يرائي يرائي الله به) رواه الشيخان البخاري ومسلم

دەفەرموێت هەرکەسێك بۆ ناوبانگ و ناو دەرکردن چاکە و خودا پەرستی بکات لەرۆژی قیامەتدا خودا بەپەندی دەکات وەهەر کەسێك بۆ رواڵەت هەرکارێك بکات لەرۆژی دوایی‌دا خودا پەردەی لە رووی هەڵ دەگیرێت و ریابازییەکەی ئاشکرا دەکات.

بۆیە پێویستە موسڵمان کاتێك بەخودا پەرستی هەڵدەستێت چ لەنوێژکردن و حەج کردن دایان هەر کەردەوەیەکی تری ئایینی‌دا پێویستە پڕبەدڵ بۆ خودا بیکات نەك لەبەر چاوی هەندێك خەڵك بیکات تاوەکو پێی بڵێن بەڕاستی باوەر دارە.

لەبەر ئەوەی هەر كاتێك وا بكات ئەوا زەرەرە لەخۆی دەدات لەدوولایەن یەكـەمیان پاداشتی ئەو چاكانەی لیٚ وەرناگرێت لەبەر ئەوەی بۆ خودای گـەورە نـەی كـردووە دووەمیان بەهۆی ئەو كردارە بەرەو دۆزەخ دەروات.

هەروەكو لەم فەرموودەیە بۆمان روون دەبێتەوە :

عن ابى هريرة (رضى الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: (تعوذودا بالله من جب الحزن. قالوا: يارسول الله وما جب الحزن؟ قال: واد في جهنم تتعوذ منه جهنم كل يوم مائة مرة قلنا: يارسول الله ومن يدخله؟ قال: الفقراء والمراؤون باعمالهم). رواه الترمذى

واتە پەنا بگرن بە خودا لـە دەرەی خـەم گوتیـان ئـەی پێغەرمبـەری خـودا دەرەی خەم چی‌یە؟ فەرمووی شوێنێكە لە دۆزەخ كە هەموو رۆژێك دۆزەخ خۆی سەد جـار پەنا دەگرێت بەخودا لەدەستی گووتمان ئەی پێغەرمبەری خودا ئەوە كـیٚ دەچێتـە ئەویٚ؟ فەرمووی ئەو قورئان خوێنانەی دەچیتیٚ كەبۆ رواڵەت قورئان دەخوێنن.

عن ابي هريرة (رضى الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: من تعلم علما ينبغي بـه وجـه الله لا يتعلمه الا يصيب به عرضا من الدنيا لم يجد عرف الجنة يوم القيامة. رواه ابو داود وابن ماجة

واتە هەركەسێك زانستێك فێربێت لەوشتانەی كە بەزانستی ئایینی دادەنرێـت دەبـیٚ مەبەستی لە فێربوونیدا رەزامەندی خودابێت. بەڵام ئەو بۆ ئەوە بێـت كـە پروپیتـی ئەم جیهانـەی پـیٚ كۆبكاتـەوە ئـەوا ئـەو كەسـە لـەرۆژی قیامـەتدا بۆنـی بەهەشـت ناكەن.

عن ابن عمر (رضي الله عنهما) عن النبي (ﷺ) قال: من تعلم علما لغـير الله او اراد به غير الله فليتبوا مقعدهُ من النار. رواه ابو ماجة والترمذى.

واتە هەركەسێك زانستێك فێربێت و مەبەستی پیٚی رەزامەندی خـودا نـەبێت بـەڵكو بۆ رەزامەندی چەند كەسانێكی تربێت باخۆی ئامادە بكات بۆ شوێنی لە دۆزەخ دا.

کۆمەڵگای نموونەیی

بەراستی ئیمڕۆ زۆر لەو کەسانە دەبینین کە کردەوە ئایینیەکان بەکاردەهێنن بۆ لەخشتە بردنی خەڵکانیتر.

بەڵێ زۆر کەس قورئان دەخوێنێت لەناو کۆمەڵی موسڵمانان بۆ ئەوەی پێی بڵێن قورئان خوێنە یاخود بۆ ئەوەی چەند پرۆپیتی بەدەست بکەوێت کە ئەمانەش لەگەڵ مەبەستی قورئان خوێن جیاوازە وە ناگونجێ. وەچەند کەسانێکی دیکە داوای زانست دەکەن و بەدوای فێربوونی دەگەڕێت تەنها مەبەستیان پێی ئەوەیە کە پێیان بڵێن زانا یان بۆ ناودەرکردنیان لەمێژووی جیهاندا یاخود بۆچەند مەبەستێکی تر. وەزۆر کەس هەیە نوێژ دەکات لەبەر دەم کۆمەڵی موسڵمانان بۆ ئەوەی پێی بڵێن نوێژ دەکات کە چیی کەلەو کۆمەڵە دادەبڕێت و دەڕوات نوێژ ناکات.

وە خراپترین ئەنجامی ریابازی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەو کارە هەڵدەستن.وە کردەوەی چاك دەکەن تاوەکو خەڵك باسیان بکات وە مەبەستیان پێی رەزامەندی خودای گەورە نییە ئەم باسِ کردنەی خەڵکی وا لە هەندێك کەس دەکات کە رێزیان لێ بگیرێت وە ئەم رێزگرتنە دەبێتە هۆی لەخۆ دەرچوونی ئەو جۆرە کەسانە وە لە ئەنجام دا ئاگاداری خۆیان نابن و تەنها بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن وچی بکەن بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر باسیان بکات و بەباشی ناویان ببات وە بەرە بەرە لە خۆبایی بوون دەڕوون تاوەکو دەچنە خراپترین شوێن لە ئاگری دۆزەخ کەپێی دەڵێن دەرەی خەم کە دۆزەخ خۆی رۆژێ سەد جار پەنا دەباتە خودا لەم ئاگرە.

ئینجا خوێنەری بەرێز پێویستە هەردەم لە ریابازی دوور بکەوێتەوە. چونکە بەراستی کارێکی خراپ و بێ سوودە لەبەر ئەوەی تۆ کاتێك بە کارێکی چاك هەڵدەستی بۆ چی ئەو کارە.لە پێناوی خودای گەورە و رەزامەندی خودا نەبێت کە لە هەمان کات دا پاداشت لە خودای گەورە وەرەگریەوەو خەڵکیش لەوانەیە بە

چاکی باسـت بکـات بـۆ چـی بـەنیازی نـاوداری رەزامـەندی هـەندێك چینـی کۆمـەڵ ئەنجامی دەدەیت کە تەنـها بـەرەو دۆزەخـت دەبـات یـان تـۆ هـەرداوای فـێربوونی زانست دەکەی بۆ خودا نەبێت لەبـەر چـی بـۆ لەبـەر ئـەوە بێـت کـە دەمـەوەری لێ بکەی لەگەڵ نەفامانان و نەزانان یان بۆ ئەوەی خەڵك رووی دەمیانت لێ بکەن.

لەبەر ئەوە پێویستە کردەوەکانمان هەردەم پڕ بەدڵ بۆ خوداو رەزامەندی ئەو بێت و هەردەم خودای گەورەمان لە بیر بێت لە گشت کارو کردەوەیەکدا خـودای گـەورە دەفەرمووێت:

﴿وإذا قـاموا الى الصـلاة قـاموا كُسـالى يُـراؤن النـاس ولا يذكـرون اللهُ إلاّ قليـلاّ﴾ النساء:١٤٢

لێرەدا خودای گـەورە باسـی رەوشـتێکی ناپـاك و دوو رووەکانمـان بـۆ دەکـات کـە دەفەرمووێت ئەمانە تەنها بۆ ئەوە نوێژ دەکەن تاوەکو خەڵك پێیـان بڵێـن نوێژکـەر بـۆ ئـەوەی بـە خـراپ و بـێ نـرخ سـەیریان نەکـەن وە بۆیـە ریابـازی لـە رەوشـتی موسڵمانان نیيە و پێویستە خۆمانی لێ دوور بگرین وە تەنها لەو دوو رووە ناپاکانە دەوەشێتەوە.

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: (إن اول النـاس يُقضـى عليـه يوم القيامة رجلٌ استشهد فاتي به فعَرَّفه نعمته فعرفها قال فما عملـت فيـها؟ قـال: قاتلت فيك حتى أُستشهدتْ قال: كذبت ولكنك قاتلت لأن يُقال جريٌ فقد قيل ثـم أُمر به فسحب على وجهه حتى أُلقي في النار.

ورجلٌ تعلُم العلم وعلّمه وقرأ القرآن فاتي ربه فعَرَّفه نعمته فعرفها قال: فمـا عملـت فيها؟ قال: تعلُمت علم وعلُمته وقرات فيك القرآن قال: كذبت ولكنـك تعلُمت العلـم ليُقال عالم وقرات القرآن ليُقال هو قاريء فقد قيل ثم أُمر به فسـحب علـى وجهـه حتى أُلقي في النار.

ورجلٌ وسَّع الله عليه واعطاه من اصناف المال كله فاتي ربـه فعَّرفـه نعمته فعرفـها قال: ما عملت فيها؟ قال: ما تركت من سبيل تحب ان ينفق فيها إلاّ انفقت فيها لك، قال: كذبت ولكنك فعلت ليقال هو جواد فقد قيل ثم أُمر به فسحب على وجهـه ثم ألقي في النار. رواه مسلم والترمذي والنسائي.

ئەم فەرموودەیە باسی دادگایی کردنی خەڵك دەکـات لـە رۆژی دوایـیدا کـە یەکـەم کەس لە رۆژی دوایی‌دا دادگایی دەکرێت ئادەمیزادێکە کە شەهید کـراوەو دەیـهێنن لە بەردەم خـودای گـەورە دەیوەسـتێنن وە خـودای گـەورە چاکـەکانی خـۆی یـەك بەیەك بیر دەکاتەوە ئەویش یـەك بەیـەك پـێـیـان لێ دەنێـت ئینجـا خـودای گـەورەو میهرەبان دەفەرموێت باشە لە جیاتی ئەو چاکانە تۆ چ کارێکی باشت کـردووە بـۆ من؟

ئەویش لـە وەڵام دا دەڵێـت: منیـش لـە پێنـاوی تـودا جـەنگم کـردووە وە لـە گـەڵ دوژمنانی تۆدا شەرم کردووە تاوەکو لە ئەنجام دا بەدەسـتی دوژمـن شـەهید کـرام خودای گـەورە وەڵامـی دەداتـەوەو دەفـەرموێت: درۆت کـرد تـۆ بۆیـە جـەنگاویت تاوەکو پێت بڵێن ئازایە و چاو نەترسە وە ئـەم قسەیەشـیان لـە دونیا پـێ گـوتیـت کەواتە تۆ بە مافی خۆت گەیشتیت ئینجا فـەرمان دەدات کـە لەسـەر روو رابکێشـن تاوەکو دەیخەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

وە دووەم کەس کە دادگایی دەکرێت ئادەمیزادێکە کە لـە دونیـادا زانـاو مامۆسـتاو قورئان خوێن بووە.

خـودای گـەورە هـەروەکو کەسـی یەکـەم هـەر چـی چاکەیـەکی لەگـەڵ کـردووە دەیهێنێتەوە بیری ئەویش یـەك بەیـەك پـێـیـان لێ دەنێـت، ئینجـا خـودای گـەورە و میهرەبان دەفەرموێت باشە تـۆ لـە جیـاتی ئەوانـە چ کردەوەیـەکی باشـت کـردووە لەبەر خاتری من؟

ئەویش لە وەڵام دا دەڵێت منیش زانست و زانیاری فێر بووم و خەڵکی ترم فێری زانین کردووەو قورئانم لە پێناوی تۆ خوێندۆتەوە. لە وەڵام دا خودای گەورە دەفەرمووێت: درۆت کرد. تۆ بۆیە فێری زانست و زانیاری بویت تاوەکو پێت بڵێن زانا وە قورئانت بۆیە دەخوێند تاوەکو پێت بڵێن قورئان خوێنە وە ئەمەشت پێ گوترا.

ئینجا فەرمان دەدات کە لەسەر روو وەکو کەسی یەکەم رایبکێشن تاوەکو دەیخەنە ناو ئاگری دۆزەخ.

ئینجا باسی کەسی سێیەم دەکات کە دادگایی دەکرێت ئەویش ئادەمیزادێکە کە خودای گەورە لە دونیادا داراو دەوڵەمەندی کردووە وە هەروەکو کەسی یەکەم و دووەم خودای گەورە لێی دەپرسێ کە چیت لەوانە کرد؟ ئەویش دەڵێت هەرچی تۆ پێت خۆش بێت کە ماڵی بۆ بەخش بکرێت لەوەدا ماڵم خەرج کردووە.

خودای گەورە دەفەرمووێت درۆ دەکەی تۆ بۆیە وات دەکرد تاوەکو بڵێن سەخییەو ئەو قسەیەش لە دونیا دا کراوە.

ئینجا فەرمان دەدات کە لەسەر روو رایبکێشن تاوەکو دەیخەنە ئاگری دۆزەخ.

لەم فەرموودەیە چۆنییەتی دادگای وئەنجامی ئەو کەسانەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هەردەم هەوڵی ریابازی دەدەن و هاوبەش لە کارەکانیان بۆ خودای گەورە پەیدا دەکەن واتە کردەوەکانیان بۆ رەزامەندی و لە پێناوی خودا نایکەن وەئەمەش پێچەوانەی داوای خودایە کەدەفەرموێت: ﴿وما امروا الا ليعبدوا الله مخلصين له الدين حنفاء﴾ البينە: ٥

بۆیە موسڵمانان دەبێت هەریەکە لەئێمە کاتێك بەهەرکردەوەیەك هەڵدەستین لەپێناوی خودای گەورە دەبێ پڕ بەدڵ بۆخودای گەورە بێت واتە بەنیازێکی ساف

بۆ خودا بیکەن نەك لەبەر پێناوی چەند کەسانێك بیان کەین یان بۆ ئەوەی لەناو خەڵك بناسرێت وەبە سەخیو بەزاناو قورئان خوێن ناومان ببەن و خەڵك باسی ئەو کردەوانە بکات وەئەم کارەش دەبێتە هۆی سرینەوەی پاداشتی ئەم چاکەیەوە.

جگە لەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی چەندین هۆکاری دەروونی لەسەر خوورەوشتی ئادەمیزاد ئینجا چ دەربارەی پەیوەندی ئەم ئادەمیزادە لەگەڵ خۆیدا بێت یاخود لەگەڵ کۆمەڵدا.

بۆنموونە کاتێك ئەو جۆرە کەسانە هەڵدەستن بە ئەنجام دانی چەند نوێژێك لەبەرخاتری چەند کەسانێك واتە بۆ رەزامەندی خودای گەورە ئەنجامی نادات ئەم کارە کار لەدەروونی ئەم جۆرە کەسانە دەکات.

لەبەر ئەوەی ئەم کارەوایان لێ دەکات کەبەبەردەوامی لەدڵە راوکێ دابن ئاخۆ ئەو کەسانەی بەرامبەریان بەم کارایان دەزانێت یان ناوە هەست بە کەم و کوری دەکات کاتێك بەم کردارە هەڵدەستێ وەبەبەردەوام بوونی ئەم هۆکارە دەبێتە هۆی کاردانەوەوکار کردنی لەسەر دەروونی ئادەمیزاد و تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەکات وەئەم نەخۆشییە دەروونیانەش وەکو باسمان کرد دەبنە هۆی تووش بوونی ئادەمیزاد بەچەندین نەخۆشی تر کەپیوەندی بەئەندامەکانی تری لەشی ئادەمزادەوە هەیە لەبەر ئەوەی ئەو نەخۆشیانەی ئادەمیزاد تووشی دەبێت هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان.

٢- منەت و ئازاردان لەخێرکردندا (المن والاذى بالصدقة):

کۆمەڵگای نموونەیی

پەیامی موسڵمانیەتی ڕۆڵەی خۆی پەروەردە دەکات لەسەر ئەوەی کەماڵ و سامان گشتی هی خودایەو ئەو تەنها جێگرێکە بۆ ئەو سامان و دارایی‌یە کەلەلایەن خـودای گەورەوە دامەزراوەو لەسەری‌دا وە ئەم جێگیرتنەش لەچـەند پلەیەکدایە بـەجۆرێك کەسەیر دەکەی هەندێك کەس بەشێکی کەمیان لەژێر دەست دایە لەهـەمان کـات دا هەندێکی‌تر دەبینین لەو بەندانـەی خـودا کەسامان و دارایی‌یـەکی فراوانیـان لـەژێر دەست دایە بۆیە یەك لەیاساکانی خودای گەورە داواکردنە لەو کەسـانەی کەسامان و داراییان فراوانە کەماڵ و سامان ببەخشن بەو کەسانەی کەنەبوونن، بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی برایـەتی و بـەهێز کردنـی پـەیوەندی کۆمەڵایـەتی لـەنێوان هـەژارو دەوڵەمەنددا بەشێوەیەك کەلەیەکتر نزیك ببنەوەو کەسیان رقی لەوی تر نەبێتـەوەو رێزی لەیـەکتر بنێـین لەلایـەکی تـردا دەبێتـە هـۆی پاراسـتن و رزگـار کردنـی خاوەنەکەی لەچاوچنۆکی و رەزیلی وەدەبێتە دڵ خۆش کەرێك بـۆ هـەژارو دامـاوان کەسێبووریان بەم بەخشینە دێتەوەو دەبێتـە هـاندەرێك بۆیـان بـۆ ئـەوەی بـەیانی هەوڵ بدەن کەکارێك بدۆزنەوەو ژیانی خۆیان پێ چارەسەربکەن.

لەبەخشینی ماڵ و دارایی‌دا پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێکی گرنگ بکرێـت لـەکاتی بەخشینی ئـەو مـاڵ و سـامانە بەهـەژارو داماوەکـاندا ئـەگینا پاداشـتی لـەبری ئـەو چاکەبەدەست ناکەوێت و بەسەری دادەرێتەوە.

یەکەم: خاڵ کە پێویستە ڕەچاوبکرێت ئەوەیە کە بەخشینەکەی لەبـەر ڕەزامـەندی خوداو فەرمانی خودا بێت نەك لەبەر خاتری چەند کەسانێك بێت.

دووەم: هیچ منەت و کەشخەیەك لەسەر هەژارەکەنەکات.

سێیەم: پێویستە هیچ داوایەکی لێ نەکات بەرامبەر بەو بەخشینە.

وەخاڵی دوەم و سێیەم دەبنە هۆی ئازاردانی ئەو کەسەی کە ئەو ماڵە وەردەگرێت و کار لەدڵ و دەروونی دەکات بەجۆرێك هەست بەکەم و کورتی دەکات بەرامبەر بەو کەوسەی کەدەستی لەبەر پان دەکاتەوە ئەگەر ڕەچاو نەکرێن.

بۆیە خودای گەورە ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە کەمنەت وئازاری هەژران دەدەن لەکاتی بەخشینی دارایی بەسەریان دا کەئەوان بەم کارەیان پاداشتی ئەو کردەوە چاکەیان دەسڕنەوەو لەناو دەبەن واتە ئەم کارەکار لەو کردەوەچاکەیان دەکات کەدەفەرموێت:

﴿يأيها الذين امنوا لاتبطلوا صدقاتكم بالمن والاذى كالذى ينفق ماله رئاء الناس ولايؤمن بالله واليوم الاخر فمثله كمثل صفوان عليه تراب فأصله وابل فتركه صلدا لا يقدرون على شيء مما كسبوا والله لايهدى القوم الكافرين﴾

البقرة: ٢٦٤

واتە ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە خێرو چاکە کانتان بێ پاداشت مەکەن بەمنەت و ئازاردانی دڵی هەژاران وەکو ئەو کەسەی کەماڵ دەبەخشێ بۆ ئەوەی لەناو خەڵك دا ببینرێ وە ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسەباوەڕی بەخوداو ڕۆژی دوایی نییە تاوەکو بەخشینەکەی بۆ خودا بێت و بەهیوای ڕزگار بوون بیدات لەڕۆژی دوایی دا وەئەو کەسە وەکو بەردێکی ڕەق و ساف وایە کەخۆڵێکی کەمی بەسەرییەوە بێت ئینجا بارانێکی دڵۆپە گەورەی بەسەردا ببارێت و خۆڵەکە بەتەواوی بشواتەوە تابەردەکە ساف دەبێت لەتۆزو خۆڵ وە ئەو کەسە بەم کردەوەیەی خێرو ماڵ بەخت کردنەکەی ڕەش دەکاتەوەو پاداشتی بەرامبەر وەرناگرێت بەجۆرێك کەهیچ شتێکیان بۆ نانوسرێت لەو چاکانەی کە کردوویانە وەهیچ پاداشتێکی لەبریدا وەرناگرێت.

خوێنەری بەڕێز خودای گەورە پێویستی بەبەخشینی ئێمەنییە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی ئێمە فەرمانی بەبەخشینی ماڵ و سامان و خێرو چاکە کردن کردووە ئەگینا ئەو دەوڵەمەندەو پێویستی بەچاکەکانی بەندەکانی نییە.

وەکاتێك تۆ شتێك دەبەخشی بەهەژارێك پێویستە منەت بزانی لەو هەژارە کەمنەتت لەسەر بکات کاتێك ئەو پارەیەت یان ئەو شتەت لێ وەردەگرێت چونکە تۆ لەرێگای ئەو هەژارە دەست کەوتێکی گەورەت دەبێت لەپاداشت لەلایەن خودای گەورە کەبەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو شتە کەمەی کەتۆ دەدەی ئەو هەژارەو خودای گەورە ئەو پاداشتە فراوانەت دەداتەوە.

وەقسەیەکی خۆش لەگەڵ هەژارو داماواندا لەخێری چاکەیەك باشترەکە ئازار و دڵ گران دەبن پێی کەدەفەرموێت.

﴿قول معرف ومغفرة خير من صدقة يتبعها اذى والله غنى حكيم﴾ بقرة: ٢٦٣

لەکۆتایی ئەم ئایاتە خودای گەورە دەفەرموێت کەئەو لەسەر خۆو پەلە ناکات بەتۆلە سەندن ئەگینا بەزووترین کات تۆڵەی ئەسەن لەوانەی کەمنەت ئەنێن ودڵی هەژاران دەرەنجێنن.

وەهەروەها دەفەرموێت: ﴿ولا تمنن تستكثر﴾ المدثر: ٦

واتە هیچ شتێك مەبەخشە ئەگەر بەنیازی ئەوەی کەداوای شتی زۆر بکەی بەرامبەر بەو بەخشینەدا.

بەمانای ئەوەی تۆ بەم کردارە ئازاری ئەو کەسە دەدەیت و نیازی خراپت هەیە لەو بەخشینەدا بۆیە لێت وەرناگیرێت و بەسەرت دائەدرێتەوە وە دەبێتە مایەی دڵ رەق بوونی هەژاران لەلایەك و هەست بەکەم و کوڕی خۆت لەلایەکی تر کە هەست دەکەی هیچ تاقم وچێژێکت لەم بەخشینەدا نەکردووە وەئەمەش شتێکی

سروشتی‌یە لەبەرئەوەی پاداشت وەرناگری لەلایەن خودا دا بۆیە بەکردارێکی خودایی هیچ هەست بەدڵ خۆشی ناکەی لەو کارە دا کە بەو نیازە دەیکەیت و منەت لەسەر هەژاران دەکەی.

بۆیە پێویستە کاتێك ماڵ دەبەخشین ئەو بەخشینەمان لەسەر رێگایەکی موسڵمانیەتی بێت و مەبەستمان پێی یارمەتی دانی هەژاران بێت بۆ نەهێشتنی برسێتی و رەش و رووتی لەناو کۆمەڵی مەسڵمانان دا بەمەش هەردەم هەست بەئارامی دڵ و دەروون دەکەیت وهەست دەکەی تۆ شوێنێکت گرتووە بۆ چاك کردنی کۆمەڵ و خۆت بەبەختەوەر دەزانی لەو کاتەی کەماڵ و سامان دەبەخشی وەبەبەخشینی ماڵ و سامان دارایی خاوەنەکەی بەهیچ جۆرێك کەم ناکات ئەگەر بێت وبەنیازێکی ساف بۆ خودا بیدات بەڵکو هەردەم لەزیاد بوون دادەبێت کە دەفەرمووێت:

﴿يمحق الله الربا ويربي الصدقات والله لايحب كل كفار اثيم﴾ البقرة: ٢٧٦

ئازار دانی دایك و باوك (عقوق الوالدين)

واتە دڵ تەنگ کردنی دایك وباووك بەهەر شتێکی خراپ ئینجا چ ئەم شتە لەرێگای دەرچوون بێت لەو شتانەی کە داوامان لێ دەکەین کەئەنجامی بدەین یاخود لەرێگەی ئەو کردرانە بێت کەداوامان لێ دەکەن کەپێی هەڵنەستین و ئەنجام نەدەین بەمەرجێك ئەم داواکاریانە نەبێـە هۆی دەرچوونمان لەرێگای راست.

سۆزو بەزەیی دایك و باووك بەنرخترینو بەرزترین مانای ژیان دەگەێنێت بەتایبەتی سۆزی دایك کەلەپێناو کورپەکەی دا هەموو ژیانە تەرخان دەکات بۆ پێ گەیاندنی ئەم کورپەیە بگرە هەر لەیەکەم رۆژی دروست بوونی لەنێو سکی دا تاوەکو لەدایك بوونی وبەبەردەوامی ئەم دایکە کورپەکەی لەبیر ناکات هەرچەندە ئەم منداڵە

گەورەتر دەبێت و لەوانەیە ماڵیشی دابنێ بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا سۆزی دایک باوەڕناکات و هەردەم چاوی لەڕۆلەکەی دایە.

ئەم سۆزو بەزەیییە والە ئادەمیزاد دەکات ئەگەر بێت وبەپێچەوانەی کاریکات تووشی نەهامەتی و سەر لێشواندن بێت لەبەر ئەوەی توورەیی دایک و باووک لەگوناهە گەورەکان دەژمێردرێت بۆیە پێغەمبەرمان (ﷺ) لەفەرموودەکانی دا ئاگادارمان دەکاتەوە لەو خراپییە گەورەیە کەدەفەرمووێت: **(الا انبئك بأكبر كبائر ثلاثا، قلنا بلى يارسول الله قال: الاشراك بالله، وعقوق الوالدين وكان متكئاً فجلس فقال الا وقول الزور ، وشهادة الزور، فما زال يكرها حتى قلنا ليته سكت)** متفق عليه

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) تورەکردنی دایک وباووک بەپلەی دووەم دەهێنێتەوە لەپاش هاوبەش دانان بۆ خودای گەورەو میهرەبان دیارە ئەمەش لەبەر گەورەیی ئەم گوناهەیە کەبەم جۆرە لەپاش هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە باسی لێ کردووە وئاگادارمانی کردۆتەوە لەئنجامەکانی دا کە توورەکردنی دایک و باووک لەگەڵ ئەوەی کارێکی دوون لایەن دەکاتە سەر دڵ و دەروونمان لەهەمان کاتکیش دەبێتە هۆی وەرنەگرتنی چاکەکانمان وەبەسەرمان دادەدرێتەوە ئەگەر خۆمان لەو گوناهە گەورەیە نەپارێزین کە دەفەرموێت: **(ثلاثة لاينفع معهن عمل: الشرك بالله وعقوق الوالدين و الفرار يوم الزحف)** رواه الطبراني.

واتە ئەم سێ گوناهە هیچ کردەوەیەکی چاك نابێتە هۆی رەش کردنەوەی لەتەرازووی کردەوەکان دا کە بریتین لە هاوبەش دانان بۆ خودای گەورەو توورەکردنی دایك و باووك و هەڵاتن لەشەڕی بەرگریدا.

موسڵمانینە لەم فەرموودەیەدا شتێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەویش ئەگەر بێت و یەکێك لەم گوناهانە ئەنجام بدەین و تۆبەی لەسەر نەکەین ئەوا هەر چەند

کردەوەی چاك بکەین لەبریدا هیچیان لێ وەرناگیرێت و بەسەرمان دا دەرێتەوە بۆیە پێویستە موسڵمان ئەگەر هەست بکات کەدایك و باووکی دڵیان شکاوە بەقەدەر نوکەدەرزییەکیش پێویستە هەوڵ بدات بەزووترین کات دڵیان رازی بکات بەهەر جۆرێك بێ تەنانەت بەدووقسەیخۆشیش بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و دڵی دایك و باووك لیمان رازی نەبێت لەژیانمان دا تووشی چەندین تەگەرەیەك دەبین و شتی چاکمان بۆ نابێت و وەئەگەر بێت و داواشمان لێ بکەن پێویستە بەقسەیەکی خۆش دڵیان رازی بکەین.

لەبەرئەوەی رازی کردنی دڵی دایك و باووك ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر شانی گشت ئادەمیزادێك بۆیە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ان اشکرلي ولوالديك الي المصير﴾ لقمان: ١٤

لەم ئایەتەدا خودای گەورە سوپاس وستایشی خۆی بەستۆتەوە بەسوپاسو ستایشی دایك و باووك واتە هەر کەسێك سوپاسی خودای گەورەی کردوو سوپاسی دایك و باووکی نەکرد ئەوا ئەم کارەی لێ وەرناگیرێت و بەسەری دادەرێتەوە.

وە دەفەرموێت:

﴿ وقضى ربك الاتعبدوا الاایاه وبالوالدين احساناً اما يبلغن عندك الكبراحدهما او كلاهما فلا تقل لهما افٍ ولاتنهرهما وقل لهما قولاً كريماً﴾ الاسرە: ٢٣

﴿ واخفض لهما جناح الذل من الرحمة وقل رب ارحمهما كما ربياني صغيراً﴾

الاسراء: ٢٥

لێرەدا خودای گەورە داوامان لێ دەکات کەتەنها ئەو بپەرستین و لەهەمان کات دا لەگەڵ دایك و باووکمان دا رەوشت و کاری چاك ئەنجام بدەین وە ئەگەر بێت و یەکێکیان یان هەردووکیان گەورەبوون واپیشان مەدەکەتۆ لێیان بێزاری هەروەها

دەمەدەمیان لەگەڵ دا مەکە لەو شتانەی کەپێت خۆش نییە بەڵکوتەنها قسەی خۆشیان پێ بڵێ.

هەروەها باڵی خۆت کەچ بکە بۆیان و داوابکە لە خودای گەورە کەبەزەییان پێ بێتەوە هەروەکو چۆن ئەوان تۆیان پێ گەیاندوە ولەبری دا پێویستە هەموو سۆزو نیانێکیان پێشکەش بکەیت وەبۆ ئەومەبەستەچەند خاڵێکی بۆمان دیاری کردووە کەپێویستە لەسەرمان پەیرەوەی بکەین لەکارو کردەوەکانما لەگەلیان دا بەتایبەتی کاتێك لەتەمەن گەورە دەبن لەبەر ئەوەی ئادەمیزادی بەتەمەن بەبچوکترین شت دڵی دەرەنجێ بەجۆرێك زۆر دڵی ناسك دەبێت تەنانەت بەووشەیەکی گران لەبەرامبەرەکەی دڵ رەق دەبێت و هەست بەبێ دەسەلاتی و دڵ تەنگی دەکات لەبەر ئەوە خودای گەورە داوامان لێ دەکات کە واپیشان نەدەین تە نانەت بەرووکاری دەم و چاومانیش کە بێ زارین لێ یان.

وە گەورەیی پلەی دایك و باوك لەم فەرموودەیەدا بەدیار دەکەوێت کەنزیك بوونەوە و خوورەوشتی چاك لەگەڵ دایك و باوك پێش خۆبەخت کردن دادەنرێت لەپێناو پەیامی خودای گەورە کە دەفەرموێت:

(اقبل رجل الى النبي (ﷺ): فقال: ابايعك على الهجرة والجهاد وابتغى الاجر من الله تعالى فقال : هل لك من والديك احد حي؟

قال: نعم ، بل كلاهما، قال (فبتغي الاجر من الله تعالى؟ قال: نعم قال فارجع الى والديك فاحسن صحبتها) متفق عليه.

باسی سێیەم: کەم کەرەوەکان:

بریتین لەچەند کردەوەیەك کەدبنە هۆی کەم کردنەوەی چاکەکانمان لەکاتی ئەنجام دانیان دا.

بەمانای ئەوەی ئەم کردەوانە نابنە هۆی لەناو چوونی گشت کردەوە چاکەکانمان (وەکو لەناو بەرەکان) بەڵکو هەندێك لەکردەوەچاکەکانمان کەم دەکەنەوە وەبەردەوامی لەسەر ئەم کردەوە خراپانە والە خاوەنەکەی دەکات کە تەرازووی لایەنی باشی کەم بکات و بەلایەنی خراپەکانی‌دا دابشکێت.

وە ئەم کردەوانەی کەدەیگرێتەوە پەیوەندی بەرێکخستنی تاك و کۆمەڵ هەیە لەچەند لایەنێکی دا وە لەچەند لایەنێکی تردا پەیوەندی بەئادەمیزاد خۆیەوە هەیە وەسێ شت دەگرێتەوە:

١- الحسد ٢- الغیبە (باس کردنی پاشملە) ٣- النمیمە.

یەکەم: الحسد (حەسوودی):

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت:**(ایاكم والحسد، فان الحسد یاكل الحسنات كما تاكل النار الحطب).**

واتە خۆتان بپارێزن لە حەسوودی بردن بەخەڵکی چونکە حەسوودی چاکەکانتان دەخوات هەروەکو چۆن ئاگر دار دەخوات.

لەشوێنێکی‌تر دەفەرموێت حەسوودی دین ئەتاشێ و چاکەش دەخوات.

لەم فەرموودانەی پێغەمبەرمان (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە لەو کردەوەخراپەیە کەپێویستە خۆمانی لێ بپارێزین لەبەر ئەوەی وەکو کەم کەرەوەیەك چاکەکانمان کەم دەکاتەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئایا حەسوودی چی‌یە؟

حەسوودی ئەوەیە کەتۆ حەزبکەی‌و هیوا بخوازی کەکەسێك شتێکی خۆی لەدەست بدات بۆتۆبێت یان ئەو کەسە ئەو شتەی نەبوایە بەڵکو بۆ هی تۆ بوایە.

وەکاتێك کە بەو کردارە خراپە هەڵدەستیٚ تۆناڕەزایی دەردەبڕی بەرامبەر بەخودای گەورەو میهرەبان کەشتێکی داوەبەکەسێك لەبەندەکانی وە نەیداوە بەتۆ ئەمە هۆی یەکەمی حەرام کردنی حەسوودی‌یە وەهۆی دووەم ئەوەیە کەکاتێك تۆ حەسوودی دەبەی بەکەسێك.

ئەم کردارە کار لەو کەسە دەکات و دەبێتە هۆی تێکدانی و شێواندی ئەو شتەی کە تۆ حەسوودیت پیٚ بردووە بۆیە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادری پێغەمبەرمان (ﷺ) دەکاتەوە لە چاوپیسی ئەو کافرانەی کەدەیانەوێت بەو چاو پیسیەیان کارەکەی تێك بدەن کەدەفەرمووێت:

﴿وان يكاد الذين كفروا ليزلقونك بأبصارهم لما سمعوا الذكر ويقولون انه لمجنون﴾القلم: ٥١

واتە ئەوکەسانەی کەباوەڕیان نەهێناوە بە خودای گەورە بەچاوێکی توندو تیژسەیری تۆ دەکەن بەجۆرێك هەندەی نەماوە کەلەخۆت ببەن و بت خەنە خواریٚ لەشوێنی خۆت دا...هتد.

لەم ئایەتەدا چەکێکی ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ بەدیار دەخات کە چاویان بەکاردەهێنن لەحەسوودی بردن دا.

هەروەها لەشوێنێکی تردا داوامان لێ دەکات کە پەنا ببەینە بەر خودای گەورە لەبەر خراپی ئەو کەسانەی کەدەیانەوێت حەسوودی لێ بدەن کە دەفەرمووێت:

﴿ومن شر حاسد اذا حسد﴾

وەخۆ پاراستن لە حەسوودی بردن بەخەڵکی یەکێکە لەڕەوشتانەی کە پێویستە موسڵمان ڕەچاوی بکاتو هەوڵ بدات خۆی بپارێزێت لەچاو پیسی.

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسـول الله (ﷺ) لاتحاسـدوا ولاتناجشـوا، ولاتباغضوا، ولا تدابروا ولايبع بعضكم علي بيع بعض، وكونوا عباد الله اخواناً المسـلم اخوا المسلم لايظلمه ولا يخذله ولا يكذبه ولا يحقره، التقوى هاهنا ويشير الى صدره ثلاث مرات، يحسب امريء من الشر ان يحقر اخاه المسلم كل المسلم على المسـلم حرام دمه وعرضه وماله). رواه مسلم.

لەم فەرموودەیەدا چەند ڕەوشتێکی موسڵمانانەمان بۆ دیاری دەکات کە پێویستە هەموو موسڵمانێك ڕەچاویان بکات لەکارو کردەوەکانی دا بەمانەی خوارەوە.

١- حەسوودی بەیەکتر نەبەین:

٢- ئەگەر کەسێك شتێك ئەکڕێ تۆش نەچیت و بڵێی من پارەی زۆرتری پێ ئەدەم وە مەبەست کڕینی ئەوشتە نەبێت بەڵکو تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندنی کڕیار بێت.

٣- ئەو جۆرە کزدەوانە مەکەن کەدەبنە هۆی هەڵساندنی رق و کینە وەکو دووزمانی گاڵتە بەیەك کردن و ...هتد.

٤- كڕین و فرۆشتن مەكەن لەسەر كڕین و فرۆشتنی كەسانیتر وەكو ئەوەی كەسێك شتێك بكڕێ وەتۆش بچیت لەسەری زیاد بكەی.

٥- ببینە برای یەكتر چونكە موسڵمان برای موسڵمانە وەنابێ ستەمی لێ بكات و سەر شۆڕی بكات هەروەها نابێت بەچاوی سووك سەیری بكات.

ئەوەی باسمان كرد چەند رەوشتێكی باوەڕدارانە كە پێویستە بەم رەوشتانە بناسرێن وەلە پێش هەموویان دا كە حەسوودی بەیەكتر نابەن چونكە حەسوودی خراپترین نەخۆشی‌یە كەتووشی ئادەمیزاد دەبێت وە ژیانی لێ تێك دەدات ئەمەش هۆیەكەی دەگەڕێتەوە بۆ كارێكی دەروونی ناوەكی چونكە ئەو كەسەی كەحەسوودی بە بەرامبەرەكەی دەبات زەرەر لەخۆی دەدات و خۆی تووشی چەندین نەخۆشی دەكات لەبەرئەوەی كاتێك بیر دەكاتەوە لەوەی كە خودای گەورە چەند شتێكی داوەتە ئەو كەسەی بەرامبەر ئینجا چ (سامان یان دەستەلات یان زانین و زانیاری) بێت وەنەیداوە بەو تووشی غەم و دڵتەنگی دەبێت و وەهیچی لەدەست نابێت كەئەم كردارەی پێ بگۆڕێت لەبەر ئەوە گشت ئەم هۆكارانە لەناو دەروونی دا پەنگ دەخواتەوە و دایدە پۆشێ وەلەگەڵ رۆیشتنی كات دا بۆی دەبێت بە نەخۆشی و نەهامەتی.

وەخراپی حەسوودی لەوە دایە كەئەم كردارە خراپە دەبێتە هۆی لەناو بردنی پەیوەندی كۆمەلایەتی لەنێوان چین و توێژەكانی كۆمەڵ دا چونكە ئەم كردارە خراپە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك لەكۆمەڵ رقیان لەهەندێكی تر بێتەوە بەهۆی ئەوەی كەخودای گەورە شتی باشتری داوە بەوان و نەیداوەتە ئەوان وەدەكەونە باس كردنی ئەو كەسانە كەخودای گەورە چەند شتێكی زیاتری داینێ لەوان بۆ

ئەوەی لە نرخیان (مستوی)یان کەم بکەنەوە بەجۆرێك کەوا لەو کەسانە بەکەن کە لەماڵەوە دەرنەچن و لەکارو کردەوەکانیان بوەستن بۆ یەخودای گەورە نەهی لەحەسوودی بردن دەکات کە دەفەرمووێت: ﴿ولاتتمنوا مافضل اللّٰه به بعضکم علی بعض للرجال نصیب مما اکتسبوا وللنساء نصیب مما اکتسبن وسئلوا اللّٰه من فضله ان اللّٰه کان بکل شیء علیماً﴾ النساء: ٣٢

واتە ئاوات مەخوازن بەوەی کە خوای پەروەردگار باوی هێندێکتانی پێ داوە بەسەر هێندێکیترتان داو بۆ پیاوان هەیە بەش لەوەی کە کردەوەو کۆشش بەرهەرمیان هێنابێت وە بۆ ئافرەتانیش هەیە بەش لەوەی کەبەکردەوە بەرهەمیان هێناوە وەحەسوودی مەبەن بەوەی کە خوای پەروەردگار داوێتی بەخەڵك بەڵکو داوابکەن لەخودا کەبە میهرەبانی خۆی بەشتان بدات کەهەمیشە زاناو ئاگادارە بەهەموو شتێك.

کەواتە هەموو کارو کردەوەکانی ئەو راستەو ئاوات حەسادەت بردن بەبەخشینەکانی خوای پەروەردگار زۆر بێ جێو نەزانینە بەوەی کە خوای پەروەردگار بەگەورەیی‌و زانینی خۆی شت دەدات بەبەندەکانی.

چۆنیەتی رزگار بوون لەحەسوودی

پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو رێگایەشمانی بۆ کردووە کەچۆن پێی رزگار دەبین لەو دەردەناخۆشە کە دەفەرموێت:

(اذا نظر احدكم الى من فضل عليه في المال والخلق فلينظر الى من هو اسفل منه ممن فضل عليه) رواه بخاري

واته ئەگەر كاتێك سەیری كەسێكتان كرد كەباری ئەو لەسامان و رەوشت زیاتر بـوو بالەهەمان كات دا سەیری ئەو كەسانە بكات كەلەو لەژێر ترن كە باری ئەو چاكترەه لەو كەسانە.

بۆیە لەسەر ئادەمیزاد پێویستە بەكارو كردەوەكانی هەلبستێ كەئەنجامیان دەدات وە ئەو كردەوانە بەراوورد نەكات لەگەڵ ئەو كەسانە كە شەنسیان لەوزیاترە بـەڵكو سەیری ئەوكەسانە بكات كەلەو كەمتر شەنسیان هەیە بەجۆرێك كەچاكـەی خـودای لەسەر بزانێت وەتۆ چەند بێ دارایـیو سـامان بیـت كەسـانێكی تـر هەیـە لـەتۆ بـێ دارایيو بێ سامان تر بین و یاخود تۆ چەند هەوڵ بدەیت ونەگەیتە ئەنجامێكی باش لـەكارەكانتدا كەسـانێكیتر هـەن كەچـەندین سـاڵە هـەوڵ دەدەن ناگەنـە ئـەنجام لـەكارەكانیان داوە بـەم كـرداره جـۆره (قەناعـەتێكت)بۆ دروسـت دەبێـت و دڵ و دەروونت ئارامی دەیگرێت و دەحەسێتەوە وە بە بەرامبەرەكەت هـەڵناچێت ئەگـەر شتێكی لەتۆ زیاتر پێ درابوو.

وەلـەكۆتاییدا بەپێویستی دەزانم كـە بـۆ خوێنــەری بـەرێز روون بكەمــەوە كـە حەسوودی تەنها لەدوو شت دا دەبێت بەپێی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) :

(عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال رسول الله (ﷺ): لاتحاسد الا في الاثنين: رجل اتاهُ الله القران فهو يتلوه اناء الليل والنهار يقول لو اتيت مثل ما اُتي هذا لفعلت كما يفعل، ورجل اتاه الله مالا ينفقه في حقه فيقول لو او تيت مثل ما اتـى لفعلـت كمـا يفعل). رواه بخاري

واتە حەسوودی بوون تەنها لەدوو رەوشت دا دەبێت یەکەم کەسێك کەخودا قورئانی پێ بەخشیوە بەجۆرێك کەبەشەو بەرۆژ دەیخوێنێتەوە وەئەویش بلێت (ئەو کەسەی کەحەسوودی پێ دەبات) ئەگەر منیش وەکو ئەو کەسەم بۆ بهاتبایە وەکو ئەو دەم خوێندەوە.

دووەم: کەسێك کە خوای پەروەردگار سامانێکی پێ داوەو ئەو دیبەخشێ لەو مافەی کەپەیوەندی بەو سامانەوە هەیە ئەویش بلێت ئەگەر منیش ئەو سامانەم هەبوایە وەکو ئەو مافەکانیم دەبەخشی‌یەوە وەئەم دوو هۆکارە دەبنە هۆی دروست کردنی بەریەرەکانی لەدوو لایەنی باشدا کە قورئان خوێندن ومالّ بەخشینە بۆیە حەسوودی تیادا کار لەکردەوەکانی خاوەنەکەی ناکات.

٢- باس کردنی پاشەملە (الغیبة)

غەبیەت: واتە باس کردنی خەڵك بەچەند شتێك کە ئەگەر بۆی بگەرێتەوە پێی ناخۆش بێت جائەو باس کردنە لەرەگەزی بێت یان لەدرێژو کورتی بێت یاخود لەکردەوەی بێت وە کو بڵێت (ئەو دوو رووە یان باوکی پینەچی‌یە یان رەوشتی خراپە، درۆزنە، رەزیلە یان لەکاتی خواپەرستی‌دا بلێت ئەو کەسا نازانێ کرنۆش ببات یان لەگەڵ باوك و دایکی باش نی‌یە یان تەنها بلێت کراسی بەری رێك و پێك نی‌یە) ئەمانە گشتی باس کردنی بەخراپی‌یەو خاوەنەکەی پێی ناخۆشە ئەگەر بێت و بۆی بچێتەوەیان لەپێشی پێی بلێت وەئەم کارەش پێچەوانەی رەوشتی موسڵمانەو پێچەوانەی داواکاری خودایە لەسەر ئێمەی موسڵمان کە دەفەرمووێت:

﴿یاایها الذین امنوا اجتنبوا کثیراً من الظن ان بعض الظن اثم ولاتجسسوا ولا یغتب بعضکم بعضاً ایحب احدکم ان یأکل لحم اخیه میتاً فکرهتموه واتقوا اللّٰه ان اللّٰه تواب رحیم﴾ الحجرات: ١٢.

واتە ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە زۆر خۆتان بپارێزن لەگومان بـە خـەڵك چونکە گومان کردن بەخەڵکی بەبێ بەڵگە شتێکی گەورەو زۆر گوناهە وەدوای کارو کردەوە تایبەتی‌یەکانی خەڵك مەکەون و باسی خەڵك بەخراپە مەکەن بـەو شـتانەی کەپێیان ناخۆشەو نموونەیەکی خراپ بۆ ئەم کردەوە خراپـە دەهێنێتـەوە کـەباس کردنی خەڵك وەکو ئەوە وایە کەتۆ گۆشتی بـرای خـۆت بخۆیـت کـەئێوە چـۆن لـەو کردارە ڕادەکەن بە (طبیعة)ی خۆتان لەبەرگەورەیی ئەو کارە.

وەخراپی ئەو کـارە لەوەدایـە کـەتۆ کـاتێك باسـی یـەکێك دەکـەیت بەخراپـەو ئـەو قسەیە بۆ خاوەنەکـەی دەگەڕێتـەوە ئیـتر ئـەویش لـەجێگای خـۆی بـەدوای شـتێك دەگەڕێت کەباسی تۆی پێوە بکـات و ئینجـا ئـەم کـارە بەرەبـەرە گـەورە دەبێـت تاوەکو هەندێك جار دەگاتە پلەی شەڕ کردن و تێك دان هەر لەبـەر ئەمـە پێویسـتە هەر کەسێك کەباسی خەڵك دەکات بزانێت کەبـەو کـردارە تووشـی تووڕەیـی خـوای پەروەردگار دەبیت وە دەبێتە هۆی لەناو چوونی چاکەکانی لـەڕۆژی دواییـدا لەبـەر ئەوەی ئەو چاکانە دەگواسترێتەوە لەڕۆژی دواییدا بۆ تەرازووی ئەو کەسەی کەئەو باسی کردووە لە جیاتی ئەو قسانەی کە کردوویەتی لەسەر ناموسی (عـرض) ئـەو کەسە چونکە ووشەی ناموس مانایەکی فراوانی هەیە وەکو ڕەوشت و خراپەرستی وجل بەرگ ورەگـەزو گشـت کردەوەکـانی‌تر کـە پـەیوەندی‌یان بەژیانـەوە هەیـە وە ئەگەر بێت و چاکەشی نەبێت ئەوا هەندێك لەخراپی ئەو کەسەی بـۆ دەگوازرێتـەوە نێو تەرازووی خراپی وە ئەمەش کردارێکی زۆر خراپـە چونکـە تـەرازووی ئـەو ڕۆژە

هیچ فێل نازانێت لە وانەیە تەنها بەکەم کردنەوەی چاکەیەك لەچاکەکانت یان بەزیاد کردنی خراپەیەك لەخراپەکانی ئەو کەسە لایەنی تەرازووت دا بشکێت ولەئەنجام دا بەرەو دۆزەخ بچێت.

وە کەمترین پلەی خراپی ئەم کارە ئەوەیە کەوەك کارلێ کەرێك کار لە هەندێك لەکردەوە چاکەکانمان دەکات ودەیان سڕێتەوە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرمووێت: **(ماالنار في اليبس باسرع من الغيبة في حسنات العبد)**

واتە ئاگر خێراتر نییە کاتێك لەپوش وپەلاش هەڵدەگیرسێ لەخێرایی غەیبەت لەخواردنو سڕینەوەی چاکەکانی بەندەکان.

بۆیە پێویستە ئاگاداری خۆمان بین لەباس کردنی خەڵکی دا وە ناموسی خەڵکی باس نەکەی بۆ ئەوەی خۆمانی پێوە خەریك بکەین یان بۆ ئەوەی چەند کەسانێك بەپێکەنین بینین، وە پێغەمبەرمان (ﷺ) بەم جۆرە باسی غەیبەتی کردووە:

(ذكرك اخاك بما يكرهه ، قيل: ارأيت ان كان في اخي ما اقوله؟ قال: ان كان فيه ماتقوله فقد اغتبته وان لم يكن فيه فقد بهته) رواه مسلم والترمذي واحمد وابوا داود والدرامي.

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرمووێت غەیبەت ئەوەیە کەتۆ باسی براکەت بکەی بەو شێوەیەی کەپێی ناخۆش بێت، ئەوانیش ووتیان ئەدی ئەگەر برایەکەم وەکو باسی دەکەم وابێت؟ ئەویش ووتی: ئەگەر وابێت واتە غەیبەتت کردووە وەئەگەر وانەبێت واتە بوختانت پێ کردووە.

واتە ئەو شتەی کەتۆ باسی دەکەی وایە ڕاستە چونکە زۆر کەس دەبینین باسی خەڵك دەکەن پێیان دەڵێن باسیان مەکەم دەڵێن ئێمە بەڕاستی باسیان دەکەینو ئەمەش غەیبەت نییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە غەیبەتە بەپێی پێناسەی پێغەمبەر

(ﷺ) بۆ غەیبەت، ئەگەر وانەبێت کەواتە تۆ بەکەسەت هەڵبەستووەو بوختانت پێ کردووە کاتێك ئەوقسانەی لەسەر دەکەیت.

وەزۆر هۆیەکانی غەیبەت دەگەڕێتەوە بۆ حەسوودی چونکە زۆر کەس دەبینین کاتێك سەیری بەرامبەرەکەی دەکات سەرکەوتووە لەکارەکانیو خەڵك بەباشی باسی دەکەن ئەو خۆی پێ ڕانەگیرێت لەوکاتەدا وەدەست بەباس کردنی ئەو کەسە دەکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناوی خۆی بکات کاتێك خۆی بەراوورد دەکات لەگەڵ ئەو کەسەدا لەبەر ئەوەیە خودای گەورە دەبینین لەزۆر جێگا غەیبەت و حەسوودی پێکەوە دەبەستێتەوە:

(رويَ انه (ﷺ) قال: من كانت لاخه عنده مظلمة في عرض او مال فليستحللها منه من قبل ان ياتي يوم ليس هناك ديناراً ولا درهم انما يؤخذ من حسناته فان لم يكن له حستات اخذ من سيئات صاحبه فزيدت على سيئاته) حديث صحيح

لێرە پێغەمبەر (ﷺ) جارێکیتر باسی ئەو کردارە خراپە دەکات و بەستەم ناوی دەباتوەدەفەرمووێت هەرکەسێك هیچ شتێکی لەسەر برایەکەی هەیە لە ناموس یان پارە، با بۆ خۆی حەڵاڵی بکات (واتە گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات) لەپێش ئەو رۆژەی کەنەدیناڕو نەدرهەم هەیە بەڵکو بەگوێرەی چاکەکانی لێی وەردەگیرێت وەئەگەر چاکەش نەبێت ئەوا هەندێك لەخراپەی ئەو کەسە بۆ زیاد دەکرێتە سەر خراپەکانی.

کەی دەتوانین باسی خەڵك بکەین

خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئەم ڕێگایەشی پێ داوین کە دەفەرمووێت:

﴿لايحب الله الجهر بالسوء من القول الامن ظلم وكان الله سميعاً عليماً﴾

النساء: ١٤٨

واتە خودا پێی خۆش نییە ووتن و دەربڕینی بەدوو خراپ لەلایەن هیچ کەسێکەوە مەگەر کەسێك کەستەم و دەست درێژی لێ کرابێ وە خوداش هەردەم زانایەو ئاگادارە.

واتە هیچ ڕێگرێك نییە لەسەر کەسێك وەبۆی بەغەیبە ئانوسرێت کاتێك باسی کەسێك دەکات کەستەم و دەست درێژی لێ کردبێ وەشکایەتی لێ بکات یان وەلامی جون و قسەی خراپی بداتەوە ئەمەش گشتی بۆ پارێزگاری کۆمەڵە لەو جۆرەکە سانە کەدەبنە مایەی تیر لەنێو دڵی کۆمەڵ و بەرەبەرە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەیەکتر دەکەن بەجۆرێك کەبرا رقی لەبرا هەلبستێ ئەدی چۆن برای ئەوە واباسی خراپی ئەو دەکات چۆن ئەمە ڕوو دەدات وەلەئەنجام دا بناغەی کۆمەلایەتی تێك دەچێت و هەموو دەبن بە دوژمنی یەکتر.

بۆیە ئادەمیزاد دەبێ بزانێت بەباس کردنی خەڵکی تووشی تووڕەیی خودا دەبێت وە ئاشزانێ لە هەمان کات دا ئایا لە تووڕەیی ئەو کەسانە رزگاری بێت کە ئەو باسەیان کردووە بەو جۆرە بۆیە خودای گەورە ئەو جۆرە کەسانە فڕێ دەداتە (ویل) مەکە شوێنێکە لە دۆزەخ نوێژنەکەرانی دەچێتێ وە ئەم کەسانەشی دەچێتێ کەباسی خەڵك دەکەن کە دەفەرمووێت:

﴿ويل لكل همزة لمزة﴾

جا خوێنەری بەرێز خۆت لەو شوێنە رزگاری بکەو دوور بکەوە پێش ئەوەی رۆژێك دابێت کە کار لەکار بترازێ و هیچت بۆ نەکرێت لەو کاتەدا هەروەها باس کردنی خەڵکی ئادەمیزاد تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەکات وە ئەم نەخۆشییە دەروونیانەش دەبنە هۆی نەخۆشی تر کە تووشی لەشی ئادەمیزاد دەبن.

لەبەر ئەوەی کاتێك تۆ باسی خەڵك دەکەی لە هەمان کات دا بیر لەوە دەکەیتەوەو خۆت خەریك دەکەی ئاخۆ ئەو قسانەی کە کردووتە بۆ خاوەنەکەی دەچێتەوە یان

نا وە ئەگەر بۆی چووەوە من وەڵامم چی بێت وەچەند بیرکردنەوەی تر تاوەکو هەندێك جار ئەو کەسەی کە باست کردووە دەیتەوە لات و چەندین جوێنت پێ دەدات و تۆش گەڵێك جار توانای وەڵام دانەوەشت نابێت وە لە ناخت هەڵی دەگریت و دەبێتە هۆی تووش بوونت بە چەندین نەخۆشی.

رێگرتنی خودای گەورە لە ئەنجام دانی ئەم کارانە کە بە تەرازووی کردەوە دەمان ترسێنێ گشتی بۆ سوودی کۆمەڵ وتاکە سوودی کۆمەڵ لەوە دایە بۆ یەك گرتنی کۆمەڵ وە سوودی تاك لە رزگاربوونی لە چەندین نەخۆشی دەروونی و رزگاربوونیشی لە رۆژی دوایی دایە.

جا خوێنەری بەرێز دەتۆش هەوڵ بدە سوود وەربگری و پارێزگاری لە ماف خۆت بکەی لە ژیانت و لە رۆژی دواییش دا.

٢- النميمة

(عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: من لم يدع قول الزور والعمل به والجهل فليس لله حاجةً أن يدع طعامه وشرابه)

واتە هەرکەسێك واز نەهێنی لە هەڵبەستنی قسە بە خەڵکی و کاریکات بەو قسەیە بە نەزانی با هیچ بۆ خودا بەزۆری نەبێت واتە ئەم کردەوەیە کار لە رۆژیەکانمان دەکات.

پاش ئەم فەرموودەیە پێویستە بزانین نمیمی چیە؟ نمیمی بریتیە لە گواستنەوەی قسەو کردەوە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر بە جۆرێك کە بەراستی نەیگێریەوەو یاخود بەراستیش بێت بەڵام مەبەستت تێك دانی نێوانیان بێت.

ئەمەش کردەوەیەکی زۆر خراپە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی تێك دانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە ئاین زۆر تەرکیزی لەسەر دەکات و هەردەم داوامان لێ دەکات کە بیپارێزین لەبەر ئەوەی هەر کۆمەڵێك کە پەیوەندی پچڕا لە نێوان چین و

توێژەكانی دا ژیان لەو كۆمەڵە وەكو بەندیخانەی لێ دێت بەجۆرێك هەركەسێك وا هەست دەكات كە بەتەنیا دەژێت وەكەس لەخۆی بە نزیك نازانێت كە باسی ژیان و تەنگ و تەگەرەكانی بۆ بكات بۆ ئەوەی رزگاری بكات لەبەر ئەوە لە ئایینی ئیسلام زۆر جار ئەم خاڵە دووبارە كراوەتەوەو هەموو كردارەكانی نەهی لێكردووە كە دەبنە هۆی تێك دانی ئەم پەیوەندییە وە لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورەمان داوامان لێ دەكات كە خۆمان بپارێزین لە قسەی ناراست كە دەفەرمووێت:

﴿واجتنبوا قول الزور﴾

بەڵێ لەسەر موسڵمان پێویستە خۆی بپارێزی لەم رەوشتە خراپەیە كە هیچ سوودێكی بۆ ئەو تیا نییە تەنها زەرەر نەبێت كە بەخۆی و بە كۆمەڵ دەگەیێنێت چونكە ئەنجامەكەی هەر دروست بوونی شەرو رق و كینە هەڵساندنە ئینجا لە هەر لایەكەوە بێت لە نێوان بەرامبەرەكەی یاخود وەكو باسمان كرد لە نێوان خۆی و بەرامبەرەكانیدا وە بەم جۆرە پەیوەندی نێوانیان دەپچرێت و بە درۆزن و ناپاك ناوی دەبن.

هەروەها قورئانی پیرۆز ئەمیمی بە یەكێك لەو رەوشتانەی دادەنێت كە بێ باوەڕو دووڕووەكانی پێی دەناسرێن كە دەفەرمووێت:

﴿ولاتطع كل حلاف مهين * همازٍ مشاءٍ بنميمٍ﴾ القلم: ١٠

واتە بەگوێ و بدوای ئەو كەسانە مەكەوە كە زۆر سوێند دەخۆن بە درۆو باسی خەڵك دەكەن بۆ تێك چوونی نێوانیان كە هەردەم هەوڵی بۆ دەدەن.

ئەم كردەوەیەش بە یەكێك لە نەخۆشییە دەروونییەكان دادەنرێت كە تووشی ئادەمیزاد دەبێت وە هۆیەكەی دەگەرێتەوە بۆ دوودڵی باوەڕو حەسوودی بردن بەبەرامبەر كە زۆر كەس دەبینیت كە سەیری چەند كەسانێكی بەرامبەری دەكات

زۆر لەگەڵ یەکدا ڕێك وپێکن وە بەهانای یەکتر دا دێن ئەو زۆر ئەوەی پێ ناخۆشە و هەوڵ دەدات ئەم پەیوەندیە لە نێوانیان دا تێك بدات ئینجا کاردەکات بۆ گواستنەوەو هەڵبەستنی قسەی ناراست لە نێوانیان دا.

بۆیە ئەم جۆرە کەسانە پێویستیان بە چارەسەرێکی دەروونی هەیە ئەویش باس کردن و یاد کردنەوەی خودای گەورەیە لە هەموو کارەکانیان دا بۆ ئەوەی لەم کارە رزگاریان بێت. کە خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ألا بذكر الله تطمئن القلوب﴾

وە لە خراپی ئەم کردەوەیەدا پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرمووێت:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال النبي (ﷺ) تجد من شر الناس يوم القيامة عند الله ذا الوجهين الذي ياتي هؤلاء بوجهٍ وهؤلاء بوجه)

واتە خراپترین کەس لەلای خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دووڕوو وە کە بەڕووێك دێتە لای ئەمانەو بە ڕووێکیتر بۆ لای ئەوانی تر دەچێت.

باسی چوارەم (وەرنەگرەکان)

١- خێر کردن بە ماڵی حەرام:

خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يا أيها الذين آمنوا انفقوا من الطيبات ماكسبتم ومما اخرجنا لكم من الارض ولا تيمموا الخبيث منه تُنفقون﴾ البقرة: ٢٦٧

واتە ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە بەخت بکەن و ببەخشن لە ڕێگای خودای گەورە دارایی چاك و بە نرخ لەوەی کە بە کارو کاسبی پەیداتان کردووە وە لەو بەروبوومە چاکانەی کە لە زەویدا دەرمان هێناوە بۆتان وە مەگەڕێن بە دوای

خراپ و بێنرخ تاوەكو لەوەی بەخت بكەن و بیدەن لە رێی خودا دا لە كاتێك دا ئەگەر بدرێ بە خۆتان وەری ناگرن مەگەر بەچاو پۆش و شەرمەوە نەبێت.

خوێنەری بەرێز ئەمەیە پەیامی موسڵمانان سەیر بكەو چۆن رۆڵەكانی خۆی لەسەر رێگای راست و دروست پەروەردە دەكات وە هانیان دەدات لە بەخت كردنی ماڵ و سامانیشیان شتی بە نرخ و باش پێش كەش بكەن بۆ ئەوەی خۆشەوەیستی سامانیان نەچێتە دڵیانەوە لەسەر ئەم خاڵە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿لن تنالوا البر حتى تُنفقوا مما تُحبون﴾ آل عمران: ٩٢

واتە پاداشت وەرناگرن تاوەكو بەخت نەكەن لەو شتانەی كە خۆشتان دەوێت.

لەم دوو ئایەتەدا خودای گەورە هانمان دەدات بۆ فێركردن و بەخت كردنی سامان و دارایی چاك لە رێگای خودای گەورەدا وە لەو شتانەی كە حەز دەكەین هەردەم بۆخۆمان بێت لەبەرئەوی خودای گەورە شتی خراپ وەرناگرێت و پاداشت بۆ خاوەنەكەی نانوسرێت لەبەری ئەو شتە خراپەدا.

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ) (ان الله طيبٌ لا يقبل إلاّ الطيباً وان الله امر المؤمنين بما امر به المرسلين: فقال تعالى ﴿يا أيها الرُسُل كلوا من الطيبات واعملوا صالحاً﴾ **وقال تعالى:** ﴿يا أيها الذين آمنوا كلوا من الطيبات ما رزقناكم﴾ **ثم ذكر الرجل يُطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه الى السماء يارب يارب ومطعمه حرام ومشربه حرام وملبسه حرام وغذي بالحرام فأنّى يُستجاب لذلك)** رواه مسلم

واتە خودای گەورە پاك و بێگەردە و تەنها پاك و بێ گەرد نەبێ وەرناگرێ.

وەخودای گەورە فەرمانی داوەتـە خـاوەن باوەران بـەم جۆرەی فـەرمانی داوەتـە پێغەمبەران کە دەفەرموویێت ئەی پێغەمبـەرانی من شتی پـاك و حـەلاڵ بخـۆن وە بەکاری بهێنن وە کردەوەی باش بکەن وە هەر بـەو جۆرە خودای گـەورە فـەرمان دەداتە باوەداران و دەفەرموویێت ئەی خاوەن باوەران لەو حەلاڵ و بێگەردە بخـۆن و بەکاری بهێنن کە داومانە بە ئێوە.

وەهەر لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) باسی جۆرە پیاوێك دەکات کـە رێگایـەکی دوور و درێژی بڕیوە وە وای لێدێت موی سەری نارێك دەبێـت و تـۆزاوی دەبێـت وە دەستی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و لە خـودای گـەورە دەپارێتـەوەو دەڵێت خودایە لەوە رزگارم بکە خودایە ئەم شتەم بدێ لەگەڵ ئەوەش دا خواردەمەنی ئەم رێبوارە حەرامەو هەر بە حـەرامی پـێ گـەێندراوەو گـەورە بـووە چـۆن ئـەم جـۆرە کەسە پارانەوەی قبوولّ دەبێت واتە قەبوولّ نابێت.

بەڵێ خودای گەورە خاوێنەو تەنها شتی خاوێن نەبێت وەرناگرێت واتـە هـەر شـتێك کە بەخۆت ئەی خۆی و بەکاری دەهێنی یان بۆ ماڵ و منالّت بەکاری دەهێنی دەبێ لەو بێ بەخشی وە دەبێت ئەم شتە حەلاڵ بێت ئەگـەر بـەنیازی پاداشـت وەرگرتـن بی بەخشی هەروەها دەبێـت لـەپێناو خودای گـەورە بێـت تـاوەکو بـۆت بـە چاکـە بنووسرێت لە تەرازووی چاکەکانت دا.

(عن ابن عمر (رض عنهما) عن النبي (ﷺ) قـال: لا يقبـل الله صلاة بغـير طـهور و لاصدقة من غلول) رواه الخمسة إلاّ الترمذي

واتە: خودای گەورە نە نوێژ بەبێ دەست نوێژ وەردەگرێت وە نەخێر لـەگزی و دزی وەردەگرێت.

عن ابن مسعود :قال الرسول (ﷺ) لا يكسب عبد مالاً حراماً و تصدق به فيقبل منـه ولا ينفق منه فيبارك الله لهُ فيه و لا يتركه خلف ظهره إلاّ كان زاده الي النار إن الله

تعالى لا يمحو السيء بالسيء ولكن يمحـــو الســيء بالحسـن ان الخبيـث لا يمحـو الخبيث. رواه احمد

حەرام هەر حەرامە هەر چەندە نیازی ئەو کەسەی کە پێی هەڵدەستێ باش بێت و هەرچەندە مەبەسـتی چاکە بێت وە پەیامی موسڵمانیەتی بە هیچ جۆرێك رازی نابێت کە حەرام ببێتە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستی بۆیە گەیشـتن بـە ماف دەبێت لە رێگای مافەوە بێت بە تەنها.

هەر لەبەر ئەوە پاداشتی ئەو کەسە نادرێتەوە و گونـاهی لەسـەر هەڵناسـتێت هەرچەندە ماڵی خۆی ببەخشێت ئەگەر بێت و ئەو ماڵ و سامانەی لە رێگای ریباو قومار و هەر رێگەیەکی تر کـە خـودای گـەورە رێگـای پـێ نـەدابێت کـە تێیدا مـاڵ سامان کۆبکرێتەوە واتە خراپی ئەم کارە لەسـەر ئـەم جۆرە کەسانە ناسرێتەوەو هەڵ ناگیرێت با هەر مەبەستیشیان چاکە بێت لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەم ماڵەیـە خراپە لەبەر ئەوە دەرئەنجامیشی هەر خراپەو بە چاکە بۆ خاوەنەکەی نانووسـرێت ولێی وەرناگیرێت.

٢- باوەڕکردن بە جادووکەر:

قال عليه الصلاة السلام (من أتى عرّافاً فساله عن شيءٍ فصدقه بما قال لم تقبل له صلاة أربعين يوماً) رواه مسلم

واتـە هەرکەسێك بچێـت بـۆلای ئـەو کەسـانەی کـە بـە عـراف ناسراون بـۆ ئـەوەی پرسیاری لێ بکات لە هەندێك شت و باوەری پێ بکات ئەوا نوێژی لێ وەرناگیرێت لـە ماوەی چل رۆژی داهاتوودا.

جادووگەر : ئەو کەسانەن کە پرو پاگەندە دەکەن بەوەی کە دەتوانن هەموو شتێك دەربارەی بزر بووەکان و نادیارەکانی داهاتوو بدۆزنەوەو پـەردە لەسـەر نوسراوی داهاتوو هەڵ بگرن و بیدۆزنەوە.

باوەر كردن بەو جۆرە كەسانە مرۆڤ دەخاتە خانەی ئەو كەسانەی كە باوەریان نەهێناوە بە پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئەوەی كاری ئەم جادوو كەرانە پێچەوانەی یاساو پەیامی خودایە وە پێچەوانەی گشت ئەم ئایەتانەیە كە بۆمان روون دەكەنەوە كە كەس لەخودا زیاتر ناتوانێ شتێك لەنادیار بزانێ وە كەس بۆی نی‌یە پەردە لەسەر قەدەر هەڵ بگرێ و بیدۆزێتەوە كە دەفەرموێت :

﴿قل لا اقول لكم عندي خزائن الله ولا اعلم الغيب ولا اقول لكم اني ملك ان اتبع الا ما يوحى الي﴾ الانعام :٥٠

لەم ئایەتەدا خودای گەورە بەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: بلێ من هیچ شتێكم لا‌نی‌یە لە كۆكراوەی زانستی خودای گەورە لەو زانستانەی كە بۆ كەس نی‌یە لەئادەمیزاد بیزانێت لەبەر ئەوكەس ئاگات بەم پلەیە وە هیچ لەداهاتووی نادیار نازانم وەناش لێم من فریشتەم بەڵكو تەنها بەدوای ئەو شتە دەكەوم كە پێك رادەگەیەندرێت.

لەم ئایەتەدا بۆمان روون دەبێتەوە كە پێغەمبەرانیش بۆیان نی‌یە لەم زانستە بزانن وپەردە لەسەر نادیار هەلبگرن لەبەر ئەوەی ئەم زانستە پەیوەندی تەنها بەخودای گەورەوەهەیە وەبەهیچ كەسێكی ترەوەنی‌یە.

وقال عليه الصلاة السلام: من اتى كاهناً فصدقه بما قال فقد كفر بما انزل على محمد (ﷺ) رواه البزاز

لەم فەرموودەیەش دا پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادارمان دەكاتەوە لەو كردارە خراپەو پێمان رادەگەیەنێ كەهەركەسێك باوەر بەم جۆرە كەسانە بكات ئەوا بابزنێ ئەو كەسە باوەری نەماوە بەوەی كە بۆمن هاتۆتە خوارەوە.

ئەدی چۆن تۆ کاتێك باوەڕ بەم جۆرەکەسانە دەکەیت تۆ وادەگەیەنی کەتۆ باوەڕت نی‌یە بەو هەموو ئایەتانەی کەپێت رادەگەێنن کەتەنها خودای گەورە و میهرەبان لەتواناى داهەیە نادیار بزانێ بۆیە لە کردەوەکانمان دا خودای گەورە لەسەر ئەم بابەتە دەفەرموێت: ﴿وأن تستقسموا بالأزلام ذلكم فسق﴾ المائدة: ٣

واتە لەرێگا دەردەچێت ئەگەر بێت و پەنا ببەیتە بەر ئەزلام بۆ زانینی ئەو شتانەی کەلەو کارەیان لەو گەشتەی کەدێتە پێشەوە بیزانێ.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەوش ئایا ئەزلام چی‌یە؟

ئەزلام: لەناو عەرەباکان پێ یان دەگووت (اقدح) وبریتی بوو لەسێ تیر لەناو کیفکەێك کەتەنها کۆتایی ئەم تیرانە تیادا بەدیار دەکەوت کە لەسەر یەکێکیان نووسراو بوو (نهاني ربی) وە لەسەر دووهەمیان نووسرابوو (امرني ربي) وەلەسەر سێ هەمیان هیچ نەنوسرابوو.

ئەگەر بهاتبایە سەفەرێکیان هەبوایە یان ژنیان هێنابا وەهەر شتێکی‌تر لەو بابەتە دەهاتن بۆ ئەم شوێنەی کەئەم تیرانەیان لێ دادەنا لەلای بتەکان وە ئەم تیرانەیان رادەکێشا ئەگەر تیری (امرني ربی) رابکێشرابایە ئەوا کارەکەیان ئەنجام دەدا وە ئەگەر بەپێچەوانەوە (نهاني ربي) بوایە ئەوا ئەنجامیان نەدەدا وەئەگەر (بێ نووسینەکە) دەرچوو بووایە دووبارەو سێ بازەیان دەکردەوە هەتاوەکو امرني یان نهاني دەردەچوو.

وەلەسەردەمی تازەدا چەندین جۆر شتی وادەبینین کەهەندێك کتاب دەکەنەوەو خاڵ خاڵ دادە نێن بۆ زانینی هەندێك شتی نادیار بەنەزانی خۆیان بەهۆی ئەم خاڵ خاڵ کردنەوە هەندێکی‌تر فنجان دەخۆنەوە...هتد ئەم کارانەش گشتی دەرچوونە لەرێگای ڕاستی و حەرامە.

قال النبي (ﷺ): (لاينال الدرجات العلي من تكهن او استقسم او رجع من سفر تطيرا) رواه الشيخان

واتە پلەی بەرز وەرناگیرێت هەرکەسێك کەباوەڕی بەو کارانە هەبێت وەبگەڕێتەوە لەگەشتەکەی و ئەنجامی نەدات بەهۆی باڵندە فرێ دان.

وەئەم کارەش لەکاتی گەشت دابەکاریان دەهێناو باڵندە یان کۆتریان فرێ دەدا ئاسمان وبەهۆی ڕێرەوی ڕۆیشتنی ئەم باڵندەیەوەك (بەرە راست یان چەپ) سەفەرەکەیان دەکرد یان نەیان دەکرد.

لەدرێژ زەمانەوە و پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) کۆمەڵێك کەس بەناوی (الكهان) هەبوون کەپیشەیان هەڵ خەڵەتاندنی خەڵك بوو بەوەی کەلەبارەی شاراوەکانی داهاتوو رابردوو دەزانن.

ئەمەش بەوەی کەدەتوانن پەیوەندی بەکۆمەڵی (جن) بکەن یان بەهەر رێگایەکی‌تر.

وەکاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چاوی بەو کۆمەڵەکەوت ئەم ئایەتەی لەخودای گەورە بۆمان گێراوە:

﴿قل لايعلم من في السموات والارض الغيب الاالله﴾ النمل: ٦٥

کەواتە نەفریشتە وەنەجن وە نە ئادەمیزاد ناتوانن هیچ لەشاراوەکان بزانن.

﴿لو كنت اعلم الغيب لاستكثرت من الخير وما مسني السوء ان انا الا نذير وبشير لقوم يؤمنون﴾ الاعراف: ١٨٨

وە لە سەر (جن) سليمان

﴿ان لو كانوا يعلمون الغيب مالبثوا في العذاب المهين﴾ سبأ: ١٤

لەبە ئەوەی هەرکەسێك پروپاگەندەی ئەوە بکات کەئەو لەشاراوەی ڕاستی دەزانێ ئەوا درۆزنەو درۆ دەکات لەخەڵك و بەراستی.

وعن عائشة (رضي الله عنها) قالت سأل رسول الله (ﷺ) اناس عن الكهان فقال: ليسوا بشيء، فقالوا يا رسول الله انهم يحدثوننا عن احياناً بشيء فيكون حقاً فقال رسول الله (ﷺ) تلك الكلمة من الحق يخطفها الجن فيقرها في اذن وليه فيخلطون معها مائة كذبة) متفق عليه.

واتە هەندێك خەڵك پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد دەربارەی (کهان) وە ئەویش وەڵامی داوەو ووتی ئەمانە هیچ نینە ئەوانیش ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە هەندێك جار قسەیان پێ دەڵێن و ڕاست دەردەچێ پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی دانەوەو ووتی: ئەوە ووشەیەکە لەراستی جنۆکە هەڵی دەگرنەوەو دەیخاتە بن گوێی خاوەنەکەی وەسەدان درۆی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن.

٤-تەواو نەکردنی ئەو مەرجانەی کەخودی گەورەدایناوە بۆ وەرگرتن.

هەندێك جار ئەو کردەوە چاکانەی کەئەنجامی دەدەین وەرناگیرێت بەهۆی ناتەواوی ئەو مەرجانەی کەبۆی دانراوە لەلایەن خودای گەورە بۆئەنجام دانی وەسوودی دانانی ئەو مەرجانە بۆ ڕێکخستن و داهێنانی بەرزترین ڕەوشت و ڕووکاری بەندایەتی‌یە لەنادەمیزاددا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەو پاراستنی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئایین و پیشاندانی وێنەی ڕاستی موسڵمانەتی وەکو ئەو مەرجانەی دانراوە لەنوێژ کردن و ڕۆژی گرتن ولێ بووردن (التوبة)و ..هتد.

وەلێرەدا بەکورتی چەند نموونەیەك دەهێنینەوە کەپەیوەندی بەنوێژەوە هەیە.

١- یەکێك لەمەرجەکانی نوێژ کردن هەڵگرتنی دەست نوێژە بۆیە ئەرگەر بێت و نوێژ بەبێ دەست نوێژ هەڵگرتن ئەنجام بدەی نوێژەکەت وەرناگیرێت و

بەسەرت دا دەدێتەوە لەبەر ئەوەی دەست نوێژ هەڵگرتن بەدوو کرداری سەرەکی هەڵدەستێ.

یەکەمیان: کردارێکی خۆ ئامادەکردنە بۆ نوێژ کردن لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی نوێژ بەریتی‌یە لەراوەستان بەمل کەچی بەرامبەر خودای گەورە وەبۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئادەمیزاد هەموو توانای بخاتە کار بۆئەوی بەبیر کردنەوەیەکی ساف بەرامبەر خودای گەورەو میهرەبان رابوەستێت.

لەبەر ئەوەی نوێژ کردن بەشێوەیەکی راست و ڕەوان وەکو شوێنێکی حەسانەوە وایە کە ئادەمیزاد تیادا دەحەسێتەوە ودوور دەکەوێتەوە لەوهەموو پالەپەستۆیانەی ژیانی کەدەکەوێتە سەری وەکاتێك کەلەنوێژەکانی دەبێتەوە هەست بەخۆشی وئارامی دڵ دەروونی دەکات کەهەندێك جار دەبێتە هۆی زاڵ بوونی بەسەر ئەو کارانەی کەپێش نوێژ کردن نەدەکرا.

ئەمەش یەکێك لەگرنگی‌یەکانی نوێژمان بۆ بەدیار دەخات لەبەر ئەوەی لەکاتی ئەنجام دانی ئەم پێنج نوێژە لەڕۆژێك دا ئەگەر بێت و ئێمە لێکی بدەینەوە دەبینین نوێژ بە کارێکی رێکخستن هەڵدە ستێ لەژیانی ئادەمیزاد دا کاتێك سەیری کاتی نوێژەکان دەکەین.

دووەم: بۆ خاوێن کردنەوەی ئەندامەکانی لەش بەتایبەتی ئەوئەندامانەی کە بەهۆی کاری رۆژانە پیس دەبن بۆ ئەم مەبەستە خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿یاایها الذین امنوا اذا قمتم الی الصلاة فاغسلوا وجوهکم وایدکم الی المرافق وامسحوا بروسکم وارجلکم الی الکعبین﴾

واتە ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بە پەیامی موسڵمانیەتی کاتێك ویستتان بچن بۆ نوێژ کردن ڕووخساروو دەم و چاوتان بشۆن لەپاشان دەستەکانتان هەتا ئانیشکتان دوای ئەوە دەستی تەڕبهێنن بەسەرتان دا ئینجا قاچەکانتان بشۆن هەتا دەگاتە دوو قوڵایەکانتان، هەروەها پێغەمبەرمان(ﷺ) لە فەرموودەکانیدا گرنگی دەست نوێژ هەڵگرتنمان بۆ دووبارە دەکاتەوە کە دەفەرموێت :

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن لنبي (ﷺ) قال: (لا صلاة لمن لا وضوء له ولا وضوء لمن لم يذكر اسم الله عليه). رواه ابو داود والترمذی

واتە نوێژی بەبێ دەست نوێژ هەڵگرتن وەرناگیرێت و دەست نوێژ هەڵگرتنیش تەواو نابێت ئەگەر بێت و ناوی خودای گەورەی لەگەڵ دا نەهێنێت.

جگە لەمانەی کە باسمان کرد دەست نوێژ هەڵگرتن بەکارێکی ڕەش کەرەوەی گوناهەکانمان هەڵدەستێت ئەوەش بەگوێرەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە دەفەرموێت:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: (ارايتم لو ان نهرا بباب احدكم يغتسل منه كل يوم خمس مرات هل يبقى من درنه شيء قال فذلك مثل الصلوات الخمس يمحوا الله بها الخطايا). رواه الخمسة الا ابا داود

مانای ئەم فەرموودەیە ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) گوتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێم بڵێن ئەگەر جۆگە ئاوێك لەبەر دەرگای یەکێکتان دابێت وەهەموو ڕۆژێك پێنج جار خۆی تیادا بشوات ئایا هیچ چڵکی پێوە دەمینێ؟ ئەوانیش ووتیان نەخێر هیچ چڵکی پێوە نامینێت. فەرمووی: ئەوە وەکو ئەو وێنەی ئەم پێنج نوێژە وایە گوناهمان پێ ڕەش دەبێتەوە.

٢-مەرجی دووەم لەنوێژدا پێویستە ڕووی ئەو کەسەی کە نوێژ دەکات بەرەو قیبلە بێت هۆی ئەمەش بۆ ئەوەی یەکگرتنی ڕووی نوێژ کردن لە لایەن موسڵمان دروست

بێت لە لایەك لە لایەکی تریشەوە وەکو ئاگادارکردنەوەیێکە بۆ گرنگی یەکگرتن کە پێویستە کۆمەڵ بەهەموو توانایەوە هەوڵی بۆ بدات وە لەسەر تاکیش پێویستە پارێزگاری لێبکات.

لەبەر ئەوەی کاتێك کۆمەڵ یەکی گرت هیچ هێزێك لەدنیادا نییە بتوانێ زاڵ بێت بەسەری دا تاوەکو درزێك لەم یەکگرتنە دروست بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر تاك بۆ چەواشەکردنی تاکو بتوانێ درزێك لەم یەکگرتنە دروست بکات بۆیە دەڵێم پێویستە لەسەر ئادەمیزاد رێزی گەل بپارێزێت و هەوڵ بدات شتێك بۆ نیشتمانەکەی بکات نەك چاوەروانبێت تاوەکو بزانێ دەست هەلات داران چی بۆ دەکەن لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد بناغەی کۆمەڵە کە بەگوێرەی ئەو نیشتمان بنیات دەکرێت و ئاوەدانی دەکرێتەوە.

٣-مەرجی سێیەم: بریتییە لە پاك و خاوێنی جل و بەرگ لەشتی پیس هەروەها ئەو شوێنەی کە نوێژیشی تیادا ئەنجام دەدرێت پێویستە پاك و خاوین بێت. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت :

﴿وثيابك فطهر﴾ المدثر: ٤

واتە جل و بەرگت خاوین بکەوە لەپیسی ئەویش گشتی بۆ ڕاهاتنی موسڵمانە لە پاك و خاوێنی لەش و جلو بەرگی و دوورکەوتنەوەی لەپیسی کە هەردەم دەبێتە هۆی توش بوونی ئادەمیزاد بە نەخۆشی ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی موسڵمانیەتی بەپێی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) دکە دەفەرموێت: **(تنظفوا فان الاسلام نظيف)**

بەڵێ پاك و خاوێنی یەکێکە لە مەرجەکانی موسڵمان بوون لەبەر ئەوەی موسڵمانیەتی خاوێنە بۆیە دەبێت لەکاتی ئەنجام دانی کردەوەو داواکاریەکانی پەیامی موسڵمانیەتی بەشێوەیەکی خاوێن و بەنیازێکی باش ئەنجامی بدەین.

پێشەکی.. ١
بنەماکانی کۆمەڵگا.. ٤
ینچینەکانی کۆمەڵگای نموونەیی............................... ٧
قۆناغەکانی پیلان گێڕانی داگیرکەران.......................... ١١
بەرەو نەتەوەیەکی یەکگرتوو.................................... ١٨
داهێنانی بەرەیێکی یەکگرتوو ٢١
بنەماکانی یەکگرتن ٢٤
١-یەکسانی
٢-دادپەروەری
٣- لێبووردەیی
٤-هەرەوەزی
٥- مافی یاسادانان
ڕۆڵی ئافرەت لەیەکگرتن دا.................................... ٣٢
چەند داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی ٣٤
بەشی دووەم: کۆمەکی دەروون ٤٠
باسی یەکەم: کردەوە لەناو بەرەکان ٤٦
١-هاوبەش دانان بۆ خودای گەورە.
ا- ڕۆزی دانان
ب- بت پەرستی
ج- باوەڕنە کردن بەشتێك لەو شتانەی کە خودای گەورە باسی کردوە لەنەبینراوەکان.
٢-دوو ڕووی (النفاق) ٥٨

٣- واز لەنوێژ هێنان ٦٦
باسی دووەم: كار لێ كەرەكان ٧٨
١-داهێنانی كردەوەێك (البدعه)
٢-ریابازی (الربا)
٣- منەت و ئازاردان لەكاتی خێر كردن دا.
٤-ئازار دانی دایك وباووك.
باسی سێیەم كەم كەرەوەكان ١٠٠
١-الحسد
٢-باس كردنی پاشمله
٣- النميمه
٤-باسی چوارەم: وەرنەگرەكان ١١٤
١-خێر كردن بەماڵی حەرام
٢-باوەر كردن بەجادوو كەر.
٣- تەواو نەكردنی ئەو مەرجانەی كە خودای گەورە داینـاوە بۆ وەرگرتن.

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کۆمەڵگای نموونەیی دراسەکردنێکی زانستی
کۆمەڵایەتییە بۆ هەموو ئەو تەنگژەو
ئاڵۆزیانەی کە تووشی کۆمەڵگای ئیستا هاتوون
بەجۆرێک هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە
پەیوەندییەکانی تاک و تاک، تاک و کۆمەڵ و
وەڵامێکە بۆ هەموو ئەو پرسیارو وەڵامانەی کەدەکرێن
سەبارەت بەکۆمەڵگا لە لایەن هەموو چین و
توێژەکانی کۆمەڵ جا لەهەر پلەو پایەیەک دابن
وە ئەم پەرتووکە تەنها بەشی (٢،١)ی لێ وەر
گرتووە بۆ زانیاری.